# ژنانی بێ پیاو




نووسینی: شەهرنوش پارسی پور

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زێنەب یوسفی

پێداچوونەوەی: محەمەد کەریم

**پێڕست:**


**مەهدوخت**

**فایزە**

**مونس (یەکەمین بەش)**

**مونس (دووهەمین بەش)**

**مونس (سێهەمین بەش)**

**خانمی فەروخ لەقا سەدرلدیوان گوڵچەهرە**

**زەڕین کڵاو**

**دوو کچ لەسەر جادە**

**باخی فەروخ لەقا (یەکەمین بەش)**

**باخی فەروخ لەقا (دووهەمین بەش)**

**مەهدوخت**

**فایزە**

**مونس**

**فەروخ لەقا سەدرلدیوان گوڵچەهرە**

**زەڕین کڵاو**

# مەهدوخت

باخەکە، بە دیوارە گڵەکانییەوە، سەوز سەوز دەچۆوە، لە کەناری رووبارەکە پاڵی دابوو بە گوندەکەوە. بەردەمی بێشووراو ئاوەڵابوو، رووبارەکە قەڵەمڕەوی بوو. باخەکە، باخی بەلاڵوک و گێلاس بوو. بینایەکی تاڕادەیەک لادێیانەو شاریانەشی تێدا دروستکرابوو، کە تەنیا سێ ژوور بوو، حەوزێکی پڕ لە بۆق و هەرێزیشی لەبەردەمدا بوو، حەوزەکەش لە نێو بازنەی رستێ شۆڕەبی و لمدا بوو. وێنەی شۆڕەبییەکان دەکەوتنە ناو ئاوەکەو نیوەڕۆیان، سەوزی تۆخی حەوزەکەو سەوزی کاڵی شۆڕەبییەکان، لە مشتومڕێکی بێدەنگدا بوون، بەم بۆنەیەوە بەردەوام دڵی مەهدوخت دەگیرا، چونکە تاقەتی هیچ ململانێیەکی نەبوو، زۆر دڵی پاک بوو و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەمووان هاوڕێی یەک بن، تەنانەت هەموو سەوزاییەکانی جیهانیش.

- بێگومان رەنگێکی ئەهوەنە، بەڵام دیارە...

قەرەوێڵەکە لە ژێر یەکێک لە دارەکاندا بوو، دوو پێچکەیشی لە جۆگەلەی دەوری حەوزەکەدا بوو، بەردەوام لەوانە بوو بە هۆی قەوزەوە بخزێت و بە تەواوی بکەوێتە ناو حەوزەکەوە. مەهدوخت لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە دادەنیشت و لە مشتومڕی ئاو و درەخت و شینایی ئاسمانی دەڕوانی کە پاشنیوەڕوان، بەر لەهەر کاتێکی دیکە، خۆی بەسەر هەموو سەوزاییەکاندا دەسەپاند، نیگای مەهدوخت، نیگای (دادگەری خوڵقێنەر) بوو.

ئەگەر مەهدوخت زستانان شتی دەچنی و لە خەیاڵی ئەوەدا بوو کە بچێت زمانی فەرەنسی بخوێنێ یان لە رێگای ئاژانسێکی گەشتیارییەوە گەشت بکات، لەبەر ئەوە بوو کە مرۆڤ لە زستاندا لە کەش و هەوای سارددا هەوای پاک هەڵدەمژێت، ئەگینا لە هاویندا هەموو شتێک تەواو دەبێت. هاوین هەموو شتێک تژی دەبێت لە دووکەڵ و تەپوتۆزو خاک و خۆڵی ئۆتۆمۆبێل و مرۆڤ و خەمی شووشە گەورەکانی پەنجەرە کە دەچوونە میوانیی هەتاو.

- هەی نەفرەتییەکان، ئاخر بۆ تێناگەن کە ئەم پەنجەرانە بە کەڵکی ئەم وڵاتە نایەن.

مەهدوخت بیری لەم شتانە دەکردەوەو خەمی دەخواردو ناچار دەبوو داوەتەکەی هۆشەنگ خانی برا گەورەی قبووڵ بکات و بێت بۆ باخەکەو تاقەتی هەراوزەنای برازاکانیشی هەبێت کە بە درێژایی رۆژ دەیانقیژاندو گێلاسیان دەخواردو هەموو شەوێک تووشی سکچوون دەبوون و ماستیان دەخوارد.

- ماستەکەی گوند، زۆر باشە.

- بەڵێ، زۆر باشە.

منداڵەکانیش بەردەوام سەرمایان بوو و ڕەنگیان بە ڕووەوە نەمابوو، هەرچەند کە لەچاو تەمەنی خۆیاندا زۆرتریان دەخوارد، بە قسەی دایکیان خەریک بوون "دەتەقینەوە".

مەهدوخت لە سەرەتاوە کە مامۆستا بوو، جەنابی ئیحتشامی دەیگوت: - خانمی پەرهامی تکایە ئەم دەفتەرە لەوێ دابنێ... خانمی پەرهامی زەنگ لێبدە... خانمی پەرهامی شتێک بەم سوغرایە بڵێ، چونکە من لە زمانی تێناگەم.

جەنابی ئیحتشامی حەزی دەکرد مەهدوخت ببێتە ڕێکخەرو خۆیشی بەڕێوبەر بێت. ڕاستییەکەی ئاوا خراپیش نەبوو، بەلام ڕۆژێک جەنابی ئیحتشامی پێی گوت:

- خانمی پەرهامی پێتخۆشە ئەم شەو پێکەوە بچین بۆ سینەما؟ فیلمێکی خۆش ئیش دەکات.

ڕەنگ بەڕووی مەهدوختەوە نەمابوو. نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەم سووکایەتییە بداتەوە. ئەم بۆرە پیاوە چۆن بیری لێکردبووەوە؟ ئەمی لەگەڵ کێدا لێ گۆڕا بوو؟ لە بێخەوە چی دەویست؟ ئێستا تێدەگەیشت بۆچی کاتێ جەنابی ئیحتشامی قسەی لەگەڵ ئەم دەکرد، باقی مامۆستا ژنەکان بزەی سەرلێویان قووت دەدایەوە. کەواتە ئەوان خەیالاتێکیان بە مێشکدا دەهات، بەلام گوو دەخۆن بیر لە شتی خراپ بکەنەوە، ئێستا ئەوە پیشانی هەموویان دەدات بدات کە ئەم چۆن کەسێکە. مەهدوخت ئیتر نەچۆوە بۆ قوتابخانە، بەلام ساڵی دوایی کاتێک بیستییەوە جەنابی ئیحتشامی خانمی "عەتایی" مامۆستای مێژوو و جوگرافیای هێناوە، هەستی کرد خەریکە قەفەزەی سینگی دێتەوە یەک. قەفەزەی سینگی ئەوەندە تەنگ بۆوە کە مەهدوخت وای بە خەیاڵدا دەهات هەر ئێستاکە دڵی لە سنگییەوە دەردەپەڕێت.

"کێشەکە لەوە دایە کە کاکم پارەیەکی زۆری بە هەدەر داوە"

هەروایش بوو. ساڵی داهاتوو سەراپای زستان مەهدوخت شتی چنی، بۆ دوو منداڵەکەی هۆشەنگ خانی برای کە ئەو کاتە تازە دارە دارەیان بوو. دە ساڵ دواتریش، شتی بۆ هەر پێنجیان دەچنی."دیار نییە بۆچی ئەم هەموو منالە دەخەنەوە"

هۆشەنگ خان دەیگوت:

- بە دەست خۆم نییە، حەزم لە منداڵە. چی بکەم.

"دەی چی بکات، هەر بەڕاست چی بکات."

لەم دووایییەدا، سەیری فیلمێکی جولی ئەندرۆزی کردبوو، دەزگیرانەکەی جولی نەمسایی بوو و حەوت منداڵیشی هەبوو کە بە فیکە بەملاو ئەولادا دەینادرن، دواجاریش جولی هێنا. هەڵبەت سەرەتا جولی پێی خۆش بوو

بگەڕێتەوەو ببێتە ڕاهیبەیەک، بەڵام دوایی بیری کردەوە ببێتە هاوسەری ئەو پیاوە نەمسایییە، چونکە خۆیشی خەریک بوو هەشتەمین منداڵی دەهێنایە دنیاوە، ئەوە ڕێکارێکی باشتر بوو، بە تایبەت کە ئاڵمانییەکانیش خەریک بوون دەهاتن و هەموو شتێک بە دوای یەکدا رووی دەدا.

- منیش کتومت جولیم.

ڕاست بیری دەکردەوە، کتومت جولی بوو. ئەگەر قاچی مێرولەیەک بشکابا، دەیتوانی یەک باوەش ئەسرین ببارێنێ، لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئەو کاتە چوار سەگی برسی وێڵی سەرجادەی تێر کردبوو، پاڵتۆ نوێکەی بەخشیبوو بە فەڕاشی قوتابخانەکەیان، سێ جاریش چووبووە پەروەردە، ئەو کاتەی کە هێشتا مامۆستا بوو و بەرنامەی سەردانی شوێنە گشتییەکانیان هەبوو، هەموو جارێک چەند کیلۆیەک شیرینی بۆ منداڵان بردبوو.

- چ منداڵگەلێکی نازدارن.

پێی ناخۆش نەبوو ئەگەر هەندێک لەو منداڵانە هی خۆی بوونایە، چ کێشەکی تێدا بوو ئەگەر چەند دانەکیان هی ئەم بوونایە، لە جیاتی ئەوە، بەردەوام جل و بەرگەکانیان خاوێن بوو و هیچکاتیش چڵمیان نەدەچۆڕایە سەر لێویان و وشەی "دەست بەئاو"یشیان تۆخ و توند بەکار نەدەهێنا.

"سەرەنجام ئەم منداڵانە چییان بەسەر دێت؟"

پرسیارێکی دژوار بوو، بە تایبەت کە حکومەتیش هەندێک جار لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا دەیگوت دەبێت بیرێک لەم مەسەلەیە بکرێتەوە.

حکومەت و مەهدوخت هەردووکیان دڵپەرۆشی ئەو منداڵانە بوون. چ دەبوو ئەگەر مەهدوخت هەزار دەستی هەبووایەو هەموو حەفتەیەک پێنجسەد بلوزی بچنیایە.

- بە هەردوو دەست، یەک دانەو بە هەزار دەستیش پێنجسەد دانە دەچنرێت.

بەڵام ناکرێت مرۆڤ هەزار دەستی هەبێت، ئەویش مەهدوخت کە حەزی لە زستان بوو و پاش نیوەڕوانیش دەرۆیشت بۆ پیاسە، ئێستا ئەگەر بڕیار بێت مرۆڤ هەزار جووت دەستکێش بکاتە دەستی، لانیکەم پێنج سەعاتی دەخایاند.

- نەخێر، بە پێنج سەد دەستمان، پێنج سەد دەسکێش بەدەست دەگرین و دەیکەینە پێنج سەد دەستەکەی دیکەمان، ڕێک بەسێ خولەک یان کەمتر.

ئەمانە کێشە نین، دواجار هەر چارەسەر دەکرێن. دەی چاوی حکومەت دەربێت با خۆی بڕوات و کارگەی رستن و چنین دامەزرێنێ.

مەهدوخت قاچی لە ئاوی حەوزەکەدا دەجووڵاندەوە.

یەکەمین رۆژ کە هاتە باخەکە، رۆیشتە قەراخی رووبارەکە، قاچەکانی خستە ناو ئاوەکەو سەهۆڵی ئاوەکە وا ماسوولکەکانی قاچی تەزاند ناچاربوو خێرا قاچەکانی دەربێنێتەوە، لەوانە بوو تووشی هەلامەت ببێت. پێڵاوەکانی لە پێ کردو بەرەو گوڵخانەکە رۆیشت. دەرگای گوڵخانەکە ئاوەڵابوو، هەوا هەڵماوییەکەی لە هاوین هاوینیتر بوو، بەڵام ساڵانێک لەوەبەر جەنابی ئیحتشامی گوتبووی هەناسەدان لە هەڵمی گوڵخانەدا ئەویش لە رۆژدا باشترین ئیشە. چونکە هەموو گوڵەکان ئۆکسیجن لە خۆیان دەردەکەن. هەر چەند لەو کاتەدا گوڵێک لە گوڵخانەکەدا نەمابوو و گوڵەکانیان بردبوو بۆ نێو باخەکە. مەهدوخت بە ڕاڕەوی باریکی گوڵخانەکەدا هەنگاوی دەناو لە شووشە تۆزاوییەکانی دەڕوانی. لەناکاو پەلەقاژەو هەناسەبڕکێ و شتێکی گەرم و سووتێنەرو بۆنی لە شی مرۆڤ. خەریک بوو لەپڕ، دڵی مەهدوخت بوەستێت. کچەکە، فاتە بوو، فاتەی پازدە ساڵان کە وەکو ژنێکی خراپکار، لەوسەری گوڵخانەکە بوو و یەدوڵڵای باخەوانیش بە سەری کەچەڵ و چاوانی تراخوماییەوە کە پیاو دەبوو کەفارەتی گوناهی بدات ئەگەر بە تەواوی چاوێک بە سەرتاپایدا بخشێنێت. هەروا هەناسە بڕکێی بوو.

چاوانی مەهدوخت خەریک بوو بەرەشەوە دەچوون، لە پشتوێنە بەرەو خواری دەلەرزی. لە خۆیەوە دەستی بەرۆخی سەکۆکەوە گرتبوو، بەڵام نەیدەتوانی چاویان لەسەر هەڵبرێت، لە وانی دەڕوانی و هەر سەیری دەکردن، تا کاتێ ئەوان ئەمیان بینی، بۆرە پیاوەکە وەکو سەگ دەیقروسکاندو دەیەویست رەحەت بێت بەڵام پێی نەدەکرا، لە خۆیەوە لە کچەکەی دەدا. نیگای کچەکەو دەستەکانی بەرەو مەهدوخت درێژ بیوونەوە. مەهدوخت بەڕاکە راک هاتە دەرەوە. نەیدەزانی چی بکات، لە خۆیەوە بەرەو لای حەوزەکە رۆیشت. حەزی دەکرد بڕشێتەوە، لە خۆیەوە دەستەکانی شۆردو لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت.

" چی بکەم؟"

وا بیری کردەوە بڕوات و هەموو شتێک بە هۆشەنگ خانی برای و براژنی بڵێت، چونکە فاتەیان بە وان سپاردبوو.

" کچەکە تەمەنی تەنیا پازدە ساڵە، ئەوە چ هەڵسوکەوتێک بوو..."

بێگومان هۆشەنگ خان تێرو پڕی لێدەدا. پاشان لە ماڵ دەریان دەکرد. بە دڵنیاییشەوە براکانی فاتەیان دەکوشت.

"چی بکەم؟"

مەهدوخت تێفکری باشترە خێرا جانتاکەی بپێچێتەوەو بکەوێتەڕێ، دەگەڕایەوە بۆ تاران، هیچ نەبێ ڕۆیشتن باشتر بوو لەو دڵەڕاوکێیە.

"باشە بۆچی؟"

دەستەوئەژنۆ مابوو کە چی بکات، ناچاربوو بەوپەڕی ترس و تۆقینەوە بگەڕێتەوە. فاتە ئاوەژوو چارشێوەکەی دابوو بەسەریاو قاچی بەکێش دەکردو دەهات. بە ڕوخسارێکی سوورو تژی لە کەیفەوە گوتی:

- خانم گیان.

خۆی دا بەسەر پێڵاوەکانی مەهدوختدا.

"وەکو سەگ دەیقروسکاند"

- لاچۆ بۆگەن.

- نا خانم گیان، یاخوا لە دەوری سەرت گەڕێم، یاخوا بە قوربانت بم.

- دەمت داخە بتۆپی، لاکەوە.

- یاخوا قەزاو بەڵات لە تەوقی سەرم کەوێت، بەو خوایە ئەگەر بە دایکم بڵێی دەمکوژێت.

- ئێستا کێ دەیەوێ   پێی بڵێت؟

- بەو خوایە دێتە داوام، بڕیارە بەیانی بێت و بە هۆشەنگ خان بڵێت.

مەهدوخت ناچاربوو بەڵێنی پێ بدات تەنیا بۆ ئەوەی کە فاتە لەبەرچاوی لاچێت، چونکە، هەرکە دەست و پلی بەر قاچەکانی دەکەوت تەواو دڵی تێک هەڵدەهات. فاتە وەکو دەستەسڕێکی پیس و چرچ و لۆچ بەرەو بیناکە گەڕایەوەو مەهدوختیش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پێی خۆش بوو بگری.

ئێستاکە سێ مانگ تێپەڕیبوو و هاوین لەم ڕۆژانەدا کۆتایی دەهات، هەمان ڕۆژ کە دەگەڕانەوە، کەس نەیدەزانی بۆچی لە ناکاو یەدوڵڵای باخەوان، ڕۆیشت و نەما. هۆشەنگ خان دەیگوت:

- سەیرە ها، خۆی سەد جار گوتی نارۆم و دەمێنمەوە.

دەبوو هەمدیسان دەرگاوان بێنن، بۆ ئەوەی لە زستاندا باخەکە تاڵان نەکرێت.

هەر کەسێک دەیتوانی ڕۆژانی هەینی چوار قەرەوێڵە لە قەراخ ڕووبارەکەدا دابنێت و بە سی تۆمان کرێ بیدات بە شەلاتی و خوێڕییەکان، هۆشەنگ خان ئەمەی دەوت و هەمووانیش پەسەندیان دەکرد. لەو کاتەدا تریقەی پێکەنینی فاتە لەو سەری باخەکەوە هات. مناڵەکانی بردبوو بۆ یاریکردن و دیار نەبوو خەریکە فێری چ یارییەکیان دەکات. مەهدوخت لە ژوورەکەیدا بە تووڕەییەوە هات و چۆی دەکردو مشتی بە دیوارەکاندا دەکێشاو نیگەرانی برازاکانی بوو.

"بریا ئاوس دەبوو بۆئەوەی بیکوژن"

ئەگەر سکی پڕ بووایە باش بوو. براکانی هەموویان دەڕژانە سەری و تێروپڕیان تێهەڵدەدا، ئەوسا لەبەر دەست و پێیاندا دەمرد، ئای چەند باش بوو، ئیتر منداڵەکان ڕەوشتیان تێکنەدەچوو.

لەناکاو تێفکری،

"کچێنی من وەکو هی درەخت وایە".

دەبوو لە ئاوێنەدا سەیری بکردایە، دەبوو ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەدا بدیایە.

"ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە من سەوزم"

ڕوخساری سەوزێکی مەیلەو گەنمی بوو. ژێرچاوەکانی تژی بوون لەچرچ و لۆچی و دەمارێک لەسەر تەوێڵی هەبوو، کە بەردەوام خۆی دەنواند. جەنابی ئیحتشامی گوتبووی:

- جەنابت چەند ساردی، وەکو سەهۆڵ.

بیری کردەوە،

"نا وەکو سەهۆڵ نیم، من دارم".

دەیتوانی خۆی لە زەویدا بڕوێنێت.

" باشە خۆ من تۆو نیم، دارم، دەبێت خۆم بکەم بە شەتڵ. "

چلۆن دەیتوانی ئەمە بە هۆشەنگ خان بڵێت؟ دەیەویست بڵێت، برا گیان دانیشە با پێکەوە هاوڕێیانە قسە بکەین. هەروەک دەزانی کارگەی ڕستن و چنین بلوسەکان دەچنن. باشە ئەگەر ئەمەی بگوتایە ناچار بوو سەبارەت بە هەزار دەستەکەیشی شتێک بڵێت. بەڵام نەیدەتوانی سەبارەت بە دەستەکان هیچ بڵێت. مەحاڵ بوو هۆشەنگ خان لە قسەکانی تێبگات. بۆ وێنە چلۆن دەیتوانی بڵێت کاتێک هەزاران کارگە سەرقاڵی بلوس چنینن ئیتر چ پێویستە دەکات ئەم وەکو دەستچن پەروەردە بکەن و ڕێنمایی بکەن.

دەی ئیتر چار نەبوو، مەهدوخت هاتبووە سەر ئەو رایەی کە لەباخەکە بمێنێتەوەو سەرەتای زستان خۆی بکات بە نەمام. لەم بارەیەوە دەبوو پرس بە باخەوانەکان بکات کە چ کاتێ بۆ نەمام چاندن باشە. ئەمەی نەدەزانی و بەلام گرنگ نەبوو، دەمایەوەو خۆی دەکرد بە نەمام، لەوانە بوو ببێت بە دار، پێی خۆش بوو لە قەراخی رووبارەکە بڕوێت. بە گەلای سەوزترەوە لە قەوزەو پاشان چالاکانە بچێتە شەڕی حەوزەکە. ئەگەر ببووایە بە دار چەکەرەی دەکردو تۆی دەبوو لە چرۆ، چرۆکانی دەدا بەدەم باوە، دەبووە باخێک تۆی لە مەهدوخت. ئەوکات ناچار دەبوون هەموو دار بەلالووک و گێلاسەکان ببڕنەوە تاکو مەهدوخت بڕوێت، مەهدوخت دەڕوا، هەزاران هەزار لقی لێوە دەردەهات، لەگەڵ هەموو دنیادا مامەڵەی دەکردو سەر زەوی پڕ دەبوو لە داری مەهدوخت. ئەمریکاییەکان نەمامی ئەمیان دەکڕی و دەیانبرد بۆ کالیفۆرنیا یان دەیانبرد بۆ دەڤەرە زۆزانەکان. دارستانی مەهدوخت. بێگومان ئەوان پێیان دەگوت "ماهدکات"، وردە وردە ئەوەندە دووپاتیان دەکردەوە تاکو لێرە دەبوو بە "مەدوک" و لەوێ دەبوو بە"مادوک". دواتریش، پاش چوارسەد ساڵ زمانەوانەکان مشتومڕیان لەسەر ئەم دەکردو بە دەمارە هەڵئاوساوەکانیانەوە دەیانسەلماند کە ئەم دوو وشەیە یەکێکن و لە رەگی"مادیک"ەوە وەرگیراون و وشەکە لە ئەسڵدا ئەفریقاییە. پاشان پسپۆڕانی ژینگە نارەزایەتییان دەردەبڕی کە داری کوێستان تواناى ئەوەی نییە لە ئەفریقادا بڕوێت.

مەهدوخت سەری کوتا بە دیوارەکەدا. چەندین جار سەری پیاکێشا، ئەوەندە سەری پیاکێشا تاکو دای لە پڕمەی گریان. لەگەڵ پڕمەی گریاندا تێفکری، ئەمساڵ بێگومان لەگەڵ ئاژانسی ئەفریقاگەڕیدا دەبێت، دەچێتە ئەفریقا تاکو لەوێ بڕوێت، حەزی دەکرد ببێتە دارێکی گەرمیانی، پڕ بە دڵ حەزی دەکردو هەمیشە ئەوە کاری دڵە کە مرۆڤ بەرەو شێتیی پەلکێش دەکات.

# فایزە

سەعات چواری پاشنیوەڕۆی بیست و پێنجی گەلاوێژی ١٩٥٣ پاش چەندین ڕۆژ دوودڵی و تێڕامان فایزە بڕیاری خۆی دا. ئیتر بێدەنگی بێمانا بوو، ئەگەر هەمدیسان ئارامی بگرتایە، لەوانەبوو هەموو شتێک بدات بەسەر یەکدا. دەبوو بڕوات و داکۆکی لە مافی خۆی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەو هەموو هێزەوە کە لە دەروونیدا هاتبووە جۆشوخرۆش یەک سەعاتی خایاند تاکو جل و بەرگی لەبەرکرد، زۆر لەسەرخۆ گۆرەوییەکانی لە پێکردبوو، جلوبەرگی داکەندبوو تەنورەو بلوسێکی کەتانیی هاوینانەی لەبەرکردبوو، لەگەڵ هەموو ئەو ئیشانەدا، بەردەوام بیری کردبۆوە لەوانەیە ئەمیرخان لەوێ بێت و بیرکردنەوە لەوەی ئەمیرخان لەوێ بێت، هەموو جەستەی گەرم داهێنابوو. ئەگەر ئەمیرخان لەوێ بێت بێگومان ناتوانێت بە ئیسراحەت قسەی دڵی بکات، ئەسڵەن هەر دەیتوانی قسە بکات. دەبوو هەمدیسان هەموو شتێک لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوەو دیسان تووشی دوودڵی و تێڕامان دەبۆوە. چونکە هەرکاتێ ویستبووی قسەی دڵی خۆی بکات ڕووداوێکی بۆ هاتبووە پێش و دوای ئەوەش، تووشی دوودڵی و تێڕامان ببوو و شتی ئاسانی لێ گران کردبوو، گیرۆدەی گوتن و نەگوتنی کردبوو. بەرامبەر ئاوێنە کاتێک ماکیاجی دەکرد لەبەرخۆیەوە گوتی، "خەریکە پیر دەبم." بیست و هەشت ساڵ و دوومانگی تەواو کردبوو، هەڵبەت پیر نەبوو، بەڵکو ژاکابوو. پێڵاوەکانی لە پێکردو جانتاکەی هەڵگرت و بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە. نەنکی لە حەوشە لەسەر قەرەوێڵە دانیشتبوو و سەیری حەوزەکەی دەکرد. تەقە. تەقی پێڵاوەکانی فایزە خەیاڵی پەرتکرد. پرسی:

- دەڕۆیتە دەرەوە؟

- بەڵێ.

- باش نییە ڕۆڵە، هەموو شوێنێ شڵەقاوە.

ڕادیۆی دراوسێیەکەیان هەڵکرابوو و هاتوهاواری دەگەیشتە ئەو سەری حەوشەکەی ئەمان. فایزە کەمێک ڕاوەستا، نەنکی ڕاستی دەکرد. نەنکی گوتی:

- لانیکەم چارشێو بدە بەسەرتا.

فایزە بێدەنگ چووەوە سەرەوە. چارشێوە ڕەشەکەی کە بۆ پرسە دەیدا بەسەریدا لە ژێر جل و بەرگەکانی دەرهێناو بەرانبەر ئاوێنەکە دای بەسەریا. قەدە زلەکانی چارشێوە "ژۆرسە" ئاوریشمینەکەی کردبووی بە قەبارەیەکی ناتەواوی چەند شەشپاڵوویەک کە تەنیا لە لایەکەوە دەتوانرا سەیریان بکرێت. ئەگەر ئەمیرخان

لەوێ بوایە بێگومان سەری دەکردە سەری، سەر کردنەسەرەکانی ئەمیر  خانی پێخۆش بوو، بەڵام نەک لەم جۆرە  شتانەدا.

کاتێ سەری دەکردە سەری کە بۆچی شوو ناکات، باش بوو، بەڵام ئەگەر بڕیار بووایە لەسەر چارشێوە ڕەشەکەی سەر بکاتە سەری ئەو دەم ئیشەکە قۆڕ دەبوو. چونکە لەوانە بوو بداتە  پڕمەی گریان و باش نەبوو لەبەرچاوی ئەمیرخان بگری. بیری کردەوە کە ئیتر چار چییە. دیسان بە پلیکانەکاندا هاتەوە خوارەوە. ئەمجارە چارشێوی بەسەرەوە بوو. ئەنکی ئیتر هیچی نەدەگوت. دەمێک بوو ئەنکی وازی لە وابکەو وامەکە هێنا بوو. هاتە سەر شەقام. شەقامێکی لاوەکی بوو. دەنگی هەراو هوریا لە دوورەوە دەهات، بەڵام ئێرە شەقامێکی لاوەکی بوو و خێرا تەکسییەک گەیشتبوو. فایزە سەرکەوت و گوتی:

-        بۆ شەقامی سزاوار.

شۆفێرەکە لە ئاوێنەکەی بەردەمییەوە لە فایزەی دەڕوانی، کەوتبووەڕێ گوتی:

-  ناترسی؟ وەزعەکە زۆر ناخۆشە!

- چارە نییە.

شۆفێر گوتی:

-  ناچارم تۆزێک ڕێگاکە دوور بخەمەوە. ناتوانم لە جادە سەرەکییەکەوە بڕۆم. چونکە مەترسیدارە.

- کێشە نییە.

شۆفێرەکە بە شەقامە لاوەکییەکاندا دەڕۆیشت، لە چوار ڕێیانێکدا، ڕێ گیرانێکی بچووک دروست ببوو. کەسێک لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەستابوو و بەجووڵاندنی دەست ئۆتۆمبێلەکانی دەوەستان. چەند ئۆتۆمبێلێک لە دوای یەکەوە ڕاوەستابوون. پاشان کابرای ناوەڕاستی شەقامەکە لەناکاو خۆی هەڵدایە سەرشۆستەکە. بە خێرایی ڕۆیشت. کەسێک بەدوایەوە بوو، کابرا خۆی کردبوو بە کۆڵانێکداو ئیتر لە چاوان ون بوو. ئۆتۆمبیلەکان بە خێرایی کەوتبوونەوە ڕێ. کابرایەکی تر خۆی هەڵدابووە ناو ئەو تەکسییەی کە فایزەی تێدابوو، لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، چەقۆیەکی بە دەستەوە بوو بە چەقۆکە لە جامی پەنجەرەکەی دەدا. فایزە سەیرێکی کردو سەری دانەواندە سەر داوێنی خۆی. یەکسەر لە هاتنە دەرەوە پەشیمان ببۆوە. شۆفێرەکە لەپڕ وەستا. سەری فایزە کوترا بە کورسییەکەی بەردەمیدا. شۆفێر بە خێرایی لێیخوڕییەوە، ئەمجارە هەموو لەشی فایزە کشایە دواوە. کابرای چەقۆ بە دەست لە تاکسییەکە کەوتبووە خوارەوە. شۆفێرەکە گوتی:

- خۆ گوتم وەزعەکە خەتەرە. هەر ئێستا دەڕۆم و تاکسییەکەم دەخەوێنم.

فایزە وەڵامی نەدایەوە. شۆفێر گوتییەوە:

- من سەگ و سەگبابم، رووی بابی فزولی رەش بێت. ئەو ژنە داماوەم، دایکی مستەفا دە جاری وت مەچۆرە دەرەوە.

فایزە وەڵامی نەدایەوە، حەزی لە چارەی شۆفێرەکە نەبوو، چونکە بەردەوام لە ئاوێنەکەوە چاوی تێبڕیبوو. خۆزگەی دەخواست زووتر دابەزێت. ئاخری گەیشتبوو. پارەیەکی کاغەزی دوو تمەنی خستە نێو لەپی شۆفێرەکەوە. ئەوەندە لە سوانی دەستی شۆفێرەکە بە دەستی خۆیدا بێزی هاتبۆوە کە رانەوەستا تاکو باقی پارەکەی وەربگرێتەوە. دەرگای تەکسییەکەی کردەوەو بە خێرایی دابەزی.

خانووەکە بەسەر شەقامدا دەیڕوانی، نائارامییەکە لێرەو لە دووریش هەستی پێدەکرا. فایزە زەنگی دەرگای لێداو دوو دەقەی لە چاوەڕوانییەکی ناخۆشدا وەک تامکردنی ژاری تێپەڕاند. عالیە دەرگاکەی کردبۆوە. هێشتا چاوی بە خەووە بوو. فایزە گوتی:

- تا ئێستا خەوتبووی؟ ماشەڵڵات لێبێت نەنکە گیان.

عالیە سڵاوی لێکردبوو و خۆی کێشابووە دواوە تاکو فایزە بچێتە ژوورەوە. پرسی:

- مونس خانم لە ماڵە؟

- بەڵێ لە ماڵە.

- لە کوێیە؟

- دەبێ لە دیوەخان بێت.

فایزە بەرەو دیوەخان رۆیشت. لە یەکەمین هەنگاودا لەبەر خۆیەوە گوتی لە ماڵە. لە دووەمین هەنگاودا گوتی لە ماڵ نییە، هەروا لەبەر خۆیەوە گوتی تاکو گەیشتە بەر دەرگا. لە پێنجەمین هەنگاودا گوتی لە ماڵە- و دەرگاکەی کردەوە. مونس بە تەنیا دانیشتبوو رادیۆکەی لەبەردەمدا بوو بە جوانیی گوێی بۆ شل کردبوو. ئەمیرخان دیار نەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی رەنگە لە سەرەوە خەوتبێت. گوتی:

- سڵاو.

مونس بە ڕوویەکی گەشەوە گوتی:

- وی ی ی، خاتوونەکەم، ئەحواڵت چۆنە، ئەی ماشەڵڵا بابە پار دۆست و ئەمساڵ ئاشنا. مونس بەدەم گوتنی ئەم قسانەوە، هێدی، هێدی لە شوێنی خۆی هەڵدەستا.

دەنگی رادیۆکەی کز کردبوو.

- ماشاڵا لە خۆتان خاتوونەکەم، نە سەردانێکمان دەکەیت نە ئەحواڵێکمان دەپرسی. بە ڕاستی ماشەڵڵا.

خاتوونەکان ماچ و مووچیان کردبوو، لەناو ویزەویزی هێواشی چاک و چۆنی و قسەی بە تویکلدا لە تەنیشتی یەکەوە لای رادیۆکەوە دانیشتبوون. فایزە پرسی:

- بە تەنیای؟

- بەڵێ گیانەکەم، بە تەنیام، دایکم و ئەوان چوون بۆ مەشهەد.

- سەیرە ئەی بۆچی بە منت نەگوتووە؟

- دوو رۆژە رۆیشتوون.

- ئەی بابە، ئەمیرخان چی دەکات؟

- لە ماڵ نییە، لە ئیشە.

- ئەی بابە، ئێستا کەی وەختی ئیش و کارە، لەم وەزعە ناخۆشەدا.

- کە دەڕواتە دەرێ دەڵێت دەچم بۆ سەر ئیش، ئیتر من چووزانم.

- ئەی بابە سەیرە!

- سەیر لە جوانییەکەی تۆ دایە!

- زۆر سوپاس، لوتفت هەیە.

- سوپاسی ناوێت، چا دەخۆیتەوە؟

- قوربانی دەستت بم، ئەگەر زەحمەت نەبێت.

مونس هەستا بوو بۆ ئەوەی چا بێنێ و فایزەش رادیۆکەی کوژاندبۆوە. لەوانە بوو دەنگی رادیۆکە رێ لە قسەکردنیان بگرێت. زیاتر لەوەی کە دەکرا دوودڵ ببوو و ورد ببۆوە ئیتر پێویستی نەدەکرد. پاشان مونس گەڕابۆوە، بێدەنگ، بەرانبەر فایزە دانیشتبوو. فایزە لە شوێنێکدا خوێندبوویەوە ئەو کەسانەی کە دەم و چاویان خڕە بە گەمژەیی لە دایک بوون. هەمان کات کە بابەتەکەی خوێندبۆوە خێرا خۆی گەیاندبووە بەر ئاوێنەکەو سەیری دەم و چاوی خۆی کردبوو. دەیزانی دەموچاوی خڕ نییە، دەیان جار پێیان گوتبوو دەم و

چاوت لە گرووپی دەموچاوی ئەسپە. زۆرتر نەنکی گوتبووی، بە ڕیتمە برینداركەرەكەی پێی گوتبوو كە ساڵانێكی زۆر دڵی مرۆڤی بە برینداریی و توێ توێ دەهێشتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خێرا بەرەو ئاوێنەكە رایكردبوو و لە خۆی روانیبوو، دڵنیابیوو كە ناشێت لە گرووپی گێل و گەمژەكان بێت، لەوە بە دواوە راهاتبوو كە دەموچاوی هەمووان هەڵبسەنگێنێت. دەموچاوی ئەمیر چوار گۆشەیی بوو، بە چەناگەیەكی زۆر پتەوی چوارگۆشەوە. بەڵام مونس بە دەموچاوێكی خرەوە لە دایک ببوو. خڕ خڕ. وەكو خڕی مانگێک كە تۆزێک لە هەوڵی ململانێدا بێت لەگەڵ هێلكەدا. ئەوسا دە ساڵی تەواو بیری كردبۆوە كە مونس گەمژەیە. هەرچەند بە لای كەمەوە مونس دە ساڵ لە فایزە گەورەتر بوو، بەڵام هاوڕێیەتی فایزە بەردەوام بوو لە گەڵیدا. سەرەڕای قبوڵكردنی ئەو شتەی وەكو راستی وابوو، بەهەرحاڵ مونس جازیبیەتێكی وای تێدابوو كە درێژە بە هاوڕێتییەكەیان بدات و یەک دوو ساڵ دوای ئاشنایەتییان مەسەلەی ئەمیر هاتبووە ئاراوە. ئێستا كە دەهاتە سەردانی هەم لەبەر خاتری خۆی بوو هەمیش لەبەر خاتری ئەمیرخان. چەندین جار بیری كردبۆوە كە ئەگەر تۆزێک دەموچاوی مونس درێژتر بووایە، لەوانە بوو تا ئێستا عەقڵی پێبشكایەو زەماوەندی ئەم و ئەمیری رێكبخستایە. چەندینجار لە لای خۆیەوە بیری كردبۆوەو لە دڵی خۆیدا گوتبووی "ئەم كچە نەگبەتە، ئاخر بۆچی دەموچاوی ئەوەندە خڕە؟" عالیە چاكەی هێنابووە ژوورەوە. لەگەڵ چاخواردنەوەكەیاندا، مونس جاروبار سەیری رادیۆكەی دەكرد. لەگەڵ ئەوەدا كە لە فایزە گەورەتر بوو و لە ماڵی خۆیاندابوو، بەڵام نەیدەوێرا رادیۆكە هەڵبكاتەوە. پرسی:

- دەرەوە شڵەقاوە؟

- ئای! چ هەراو هوریایەكە.

- ئەمیرخان گوتی باشترە نەچمە دەرەوە، گوتی پیاو سەردەبڕن.

فایزە بیری كردەوە نابێ قسەو باسەكەیان بەرەو لاڕێ ببات، پرسی:

- لەم رۆژانەدا پەروینت دیوە؟

- نا، مانگێک دەبێت نەمدیوە.

- باشە بۆچی؟

- دوایین جار كە بینیم، مناڵەكەی ناساغ بوو، گوتی سورێژەی گرتووە، چاكترە كەس نەیەت بۆ ئەوەی سورێژەكە بەملاو بەولادا نەبات و بڵاوی نەكاتەوە.

- كەوایە چاكتر كە نەتبینیوە.

مونس به دزییەوە سەیری فایزەی دەکرد، فایزە چاوەڕێی قسەیەک بوو تا ڕستەکەی تری بڵێت بەڵام قەیرە کچەکە بێدەنگ لە گوڵی مافوورەکەیان ڕامابوو. فایزە ناچار بوو خۆی دەست پێبکاتەوە گوتی:

- لە ژیانمدا کەسێکی وا بێحەیام نەبینیوە.

ئەمجارە مونس سەیری دەکرد. چاوەکانی نوقمی حەپەسان بوون. پرسی:

- بۆ؟

زۆر بێگوناهانە گوتبوی بۆ. فایزە تێفکری خودایە بریا ئەوەندە دەموچاوی خڕ نەبووایە. گوتی:

- ڕیسوایە، بۆگەنە. ناخۆشە کە مرۆڤ پاش تێپەڕینی دە پازدە ساڵ هاوڕێیەتی لەم شتانە تێبگات. ئەم خاتوونە ئیتر لە ڕادەبەدەر بێشەرم بووە، هەر شەرم و حەیای لانەماوە، ئیتر ئامادەیە هەر بێشەرمییەک بکات. چاوەکانی مونس نوقمی ترس ببوون. پرسی:

- دەیەوێت چیبکات؟ دەیەوێ تەڵاق وەربگرێت؟

- نا، وەی، وەی، نەگبەت. هەر لەوەی کەمە تەڵاق وەربگرێ، بۆگەنە. مخابن بۆ کاکم.

مونس بە شەرمەوە لچ و لێوی دا بەیەکدا، فزولی زیادی کردبوو. مێشکی خۆی دەگوشی بۆ ئەوەی لە هۆی بێشەرمییەکەی پەروین تێبگات، بەڵام عەقڵی بڕی نەدەکرد. مونس ئەو ژنەی زیاتر لە ماڵی فایزە دیبوو، لە میوانداریی و پرسەو ڕێوڕەسمی یادی ئیمامەکاندا. هاوڕێتییەکی سادە بەیەکی گەیاندبوون، مونس هیچ عەیبێکی تێدا نەدۆزیبۆوە.

مونس سەیری فایزەی دەکرد. چاوەڕێ بوو هۆی بێشەرمییەکەی پەروینی پێ بڵێت. فایزەش هەروا کە لە مونسی دەڕوانی لەناکاو چاوانی سوورو سوورتر بوونەوە، ئینجا ئەسرین لە چاوانی داباری. بریسکەی ئەسرین کەوتبووە چاوانی مونسیشەوەو فرمێسک بە چاوانی ئەمیشدا هاتە خوارێ. هەمیشە هەروابوو. هەر کەسێک بگریایە مونسیشی دەخستە گریان. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی وایە. لچ و لێوی کە بۆ گریان دابووی بەیەکەدا ئاسایی کردەوەو گوتی:

- مەگری، توخوا مەگری. ئاخر چی بووە؟

فایزە چاوی بۆ دەستەسڕ دەگێڕاو نەیدەدۆزییەوە. بە گۆشەی چارشێوەکەی کە بە دەوریدا بڵاو ببۆوە چاوانی سڕی و گوتی:

- دەزانی چەندە چاکەم لەگەڵ کردووە؟ پێتوایە ئەگەر من نەبوومایە دەیتوانی ئەوەندە بەختەوەر بێت؟ پار بوو کە لەگەڵ کاکەم بووە دەمەقاڵەیان و تۆرا، خەتای خۆیشی بوو، دەڵێی ژنێک کە خاوەنی شەرم و حەیا بێت ئاوا سووکایەتی بە خۆی دەکات. پێتوایە هەمدیسان کێ ئاشتی کردنەوە؟ منی داماو بووم. ئێوارە خوانێکم سازکرد کە ئێستاش هەموو خەڵکی شار باسی دەکەن، چووم گۆشتم لە (میر خواند) کڕی، دوو تمەن بەخشیشم دا تا باشترین گۆشتم بداتێ، شلەی باینجانم لێنا، بە پلاوەوە، بە کەبابی مریشکەوە، ئای چ کە بابی مریشکێ بوو، بە پەڕ، لیمۆو نەعناو بەهاراتم کردبوو بەسەریا. یەک سەعات و نیوی تەواو لە کەناری حەوشەکە خەریکی کەباب دروستکردن بووم. ماست و سپیناخیشم دانا. بۆچی تەماتە هەر دەستدەکەوت؟ هەستام و ڕۆیشتمە بازاڕ کە تەماتە بکڕم. خزمەتکارەکەی سەرهەنگ- سەرو باڵا- م نارد ئارەقی کڕی، کردم بە قوڕگی باوکیدا.

فایزە لەگەڵ تاڵییەکی توندوتیژدا کە لە ناخیەوە هەڵدەقووڵا، لچ و لێوی دا بەیەکدا. مونس بە چاوانی ئەبڵەقەوە لە فایزەی دەڕوانی. پرسی:

- دەی پاشان چی ڕوویدا؟

- چی ڕوو بدات خاتوون؟ دووبارە زەماوەندێکی ترم ساز کرد. ناردمەوە بۆ ماڵی کاکەم. پاشان ئەو حەیوانە دوای دوو مانگ دەیەویست جوابم بداتەوە. دەیەویست کارەکەی من خراپ بکات. میوانداریيەکی ڕێکخست. ئەو بۆگەنە خۆی هەڵدابوو خواردنێکی ئەورووپی دروستکردبوو، چەند لەتە چەرمێکی خستبوە نێو قاپێکەوەو دەیگوت ئەمە ستیکی گۆشتە. پف وادەزانێ ئێمە کەرین. سەلیقەمان نییە. لەوێدا بۆم دەرکەوت لەگەڵ مندا سەری لەشەڕ دەخورێت. گوتم دەبێ شەرێکت پیشان بدەم کەیفی پێ بکەیت.

مونس گوتی:

- هیچکات لای من نەیدرکاندووە دەیەوێت شەڕ بکات.

- دەبێ چی بڵێت؟ چی بڵێت؟ بڵێت دەیەوێت بەسەر مندا سەرکەوێت؟ تەمەنێکە هەر کەس تامی خواردنی فایزەی کردووە، دەستخۆشی لێکردووە. ئێستا توحفەکەی شای وڵات زات بکات و بڵێت لەگەڵ مندا سەری لە شەڕ دەخورێت؟ سەگبابە، هەرکەسە دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆی. گورگزادە هەر دەبێتەوە بە گورگ- ئەگەر لەگەڵ مرۆڤیشدا گەورە بێت.

- بەڵێ.

- ئێ چووم کتێبی چێشتلێنانم کڕی. ئەگەر کەسێک بتوانی پلاو لێبنێت، دەتوانێت ستیک و لاستیکیش دروست بکات. هەمووی فێربووم.

مونس گوتی:

دەبوو هەر فێر بیت. زەحمەتێکی ئەوتۆی نییە، هەموو بەیانییەک رادیۆ خەڵک فێر دەکات ئەو خواردنانە چۆن دروست دەکرێن هەراوهوریاشی کەمترە.

- دەی منیش هەر ویستم ئەوە بسەلمێنم. هەمدیسان ئێوارە خوانم دروستکردو بانگم کردنەوە.

- کێت بانگ کردەوە؟

- مانگێ لەمەوبەر بوو. گوتم با هەموویان بێن بۆ خواردنی ئەوروپی. رۆیشتمە لای - میر خواند- پێنج تمەن بەخشیشم داو هەشت پارچە نەرمە گۆشتم کڕی، هەر یەکەو پارچەیەک، نۆک و لۆبیای سەوزم کڕی، پەتاتەی ئیستانبۆڵیش، لۆبیا پلاوێکم لێنابوو لەگەڵ زەلاتەدا. ماست و سپیناخیشم دانا بوو. خانم ساسێکم کردبوو بەسەر ستیکەکاندا دەبوو ڤامکەکانیشت لەگەڵیدا بلێسیتەوە. چوومە بازاڕ هەڵوژەی گەورەم کڕی، لەگەڵ قۆخ و بەلاڵوک و گێلاس. بە خزمەتکارەکەی - سەروبالا- م گوت، عارەقی کڕی. عارەقم کردە دەبەوە، دەبەم خستە نێو سەهۆڵەوە، پارچە سەهۆڵم کردە ناو قاپە شووشەکەی نەنکمەوە کە هی میوە بوو.

مونس وەک ئەوەی ئافەرینی بکات لە فایزەی دەڕوانی. پرسی:

- دەی بۆ ئەم ئیشەت کرد؟

فایزە بزەی هاتێ.

- بۆ ئەوەی عارەقەکە بە ساردی بمێنیتەوە.

- سەیرە!

- بریا لەوێ بوویتایەو بتدیایە.

- دەی بۆ بانگت نەکردم؟

- ئاخر ئەمیرخان لە شیراز بوو، وتم لەوانەیە بتەوێت نیوەشەو بە تەنیا بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە.

- ئەها.

- ئێ خواردیان و خواردیان. هەر خواردیان و دەستخۆشیان لێکردم ئافەرینیان کردم. خەریک بوو ڤامکەکانیشیانی لەگەڵ بخۆن، ئەوسا ئەو ژنە لەتاو ئێرەیی وەختەبوو بتەقێت، هێندەی لەتە چەوەندەرێکی مابۆوە.

- پەروین؟

- بەڵێ دیارە، ئەی کێ؟ دەزانی ئەوکاتە چی کرد؟

- نەخێر.

- نە هەڵیگرت و نە داینا گوتی: "فەوزی گیان" ئەو خاک بەسەرە بە من دەڵێت فەوزی گیان زاری هەڵنایەتەوە بڵێت فایزە گوتی: "فەوزی گیان، با شتێکت پێ بڵێم، ساس ناکرێت بەسەر ستیکدا" وەها دەنگی لێم نێر کردبوو تاکو حەوت ماڵە دراوسێ تێبگەن.

- سەیرە.

- ناتوانی تێبگەی چیم لێهات، گوتم کێ فەرمانی کردووە کە نابێت ساس بکەی بەسەر ستیکدا؟ گوتی لە بەرنامەی رادیۆوە وای بیستووە. گوتم بەڵام من لە کتێبدا خوێندوومەتەوە، گوتی منیش لە کتێبدا خوێندوومەتەوە، منیش پێم گوت ئەو کتێبە تۆ خوێندووتەتەوە بێگومان قسەی قۆڕ بووە، حەیف کاکم هاتە قسەو گوتی"ئێستا بە ساسەوە بێ یان بێ ساس، هەرچییەک بێ بەلەزەتە."

لەبەر ئەوەی کاکم داکۆکی لە من کرد خانم لە داخا ئاوسا. هەتا نانخواردنەکە تەواو بوو هەر ئاوسا.

وەها بابەتەکە سەرنجی مونسی راکێشابوو کە فایزە ناچاربوو زۆرتر درێژە بە قسەکانی بدات و گوتی:

- بە کورتی وەها ئاوسا تا پیاوەکان رۆیشتنە بەرهەیوانەکە، گوایە مابۆوە بۆ ئەوەی لە کۆکردنەوەی مێزەکەدا یارمەتیم بدات....

فایزە بێدەنگ ببوو دەم و لێوی دابوو بەیەکدا. لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا. بێدەنگ ئەسرین لە چاوانییەوە خزایە سەر گۆناکانی. مونس گوتی:

- ئای خوایە، توخوا مەگری.

مونسیش دەگریا. فایزە گوتی:

- پاشان ئەو ژنۆکەیە لە کاتی کۆکردنەوەی مێزەکەدا دەڵێت، "ئەو کەسەی کە لە دالاندا خۆی بە(فەتێ)وە بنووسێنێت، دەبێ لە جیاتی چێشتلێنان، بیرێک لەپەردەی کچێنی خۆی بکاتەوە." ئەسرین لە پانتایی روومەتی فایزەوە دەتکایە سەر داوێنی. مونس لەگەڵ دڵۆپ دڵۆپی ئەسریندا لە سەرسامیدا چاوانی ئەبڵەق ببوو. پرسی:

- فەتێ کێیە؟

- برا سەگبابەکەیەتی. دەڵێی تەپکە گووە. لە گەن و گوویەک دەچێت کە لە ئاودەست هاتبێتە دەرەوە، قوڕ بەسەرە. ئینجا من و فەتێ؟ ... خاتوون خوێن بەرچاوی گرتم، سەرەتا بیرم کردەوە زللەیەکی قایم بسرەوێنمە بناگوێی، بە شێوەیەک کە پەردەی گوێی بدڕێت و بۆ هەمیشە لە یادی بمێنێت، مەخابن کە کاکم لەوێ بوو، پاشان گوتم ئێستا کە ئەو دەمتەزێنێ، کەواتە با منیش بیتەزێنم. گوتم "یەکەم ئەو کەسەی لە دالآن لەگەڵ براکەت خەریکە ئیزرائیلە بێگومان، چونکە بەو سەرو سیمایەوە کە هەیەتی تەنیا ئیزرائیل دەتوانێت لەگەڵی خەریک بێت نەک کەسێکی تر. دووەم کچێنی پەردە نییە، بەڵکو کونێکە، تۆ سێ مناڵت خستووەتەوە هێشتاکە نازانی کچێنی پەردە نییە بەڵکو کونێکە. ئینجا دێیت قسەش بۆ خەڵک هەڵدەبەستی ... "

مونس چیدی نەدەگریا. تەنیا لە دەمو چاوی فایزە رامابوو. فایزە گوتی:

- گوتم جارێکیتر ئەو دەمە پیسەت بکەیتەوەو لەم قسانە بکەیت، وا پەروینێکت لێ دروستدەکەم کە سەد پەروینی تری لێ سەوز بێت. باشییەکەی لەوەدایە ئێستا ئەم بۆگەنە لە کاکم دەترسێت. بۆیە تاساو دەمی داخست.

مونس بێدەنگ لە گوڵەکانی مافوورەکەی دەڕوانی. فایزە بە دەم سڕینەوەی ئەسرینەکانییەوە هەموو بیروهۆشی لای رەنگ گۆڕینی روخساری مونس بوو. گوتی:

- دەزانم بۆ خۆی مارێکە تاکو پێتەوە نەدات وازناهێنێت. لەمەودوا لای هەمووان ناوم دەزڕێنێ. بەڵام بایەخی چییە؟ ئەوەی حسابی پاکە لە محاسەبە بێباکە. واتووڕەی کردووم کە دەمەویست بڕۆمە لای - مەهجەبین- خانم، پسووڵەی فەحسی کچێنییەکەم وەربگرم و بیگرمە چوارچێوەو بە دیواری ژوورەکەمدا هەڵیواسم تا لە ئێرەییدا چاوەکانی ببنە دوازدە هەزار. مونس هەروا لە گوڵی مافوورەکە رامابوو. پاشان گوتی:

- کچێنی، پەردەیە، دایکم دەڵێت. کچ ئەگەر لە بەرزاییەوە بازد بدات پەردەی کچێنیەکەی تێکدەچێت. پەردەیە، لەوانەیە بدڕێت.

- ئەم قسانە چییە خانم. تەنیا کونێکە. بەڵام تەسکە دواتر دەکرێتەوە.

- ئەها!

رەنگ بە ڕووی مونسەوە نەمابوو. فایزە بۆی دەڕوانی. پرسی:

- شتێک قەوماوە؟

- نا، هیچ. بەڵام هەر دەبێ پەردە بێت.

- نا خانم، لە کتێبدا خوێندومەتەوە، من زۆر دەخوێنمەوە، تەنیا کونێکە.

عالیە میوەی هێناو هاوکات ئەمیرخانیش هاتە ژوورەوە. فایزە بە حورمەتەوە سڵاوی لێکرد. ئەمیر کە پیاوێکی چوارشانە بوو سڵاوو ئەحواڵپرسی لەگەڵ ئەمدا کردو لەسەر کورسییەکی فەرەح کە لە قەراغی ژوورەکە بوو دانیشت. گوتی:

- لە دەرەوە ئاشووب و هەرایەکی تەواوە. ئەڕۆنە دەرەوە ها.

پاشان نیگای کەوتە سەر چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی هەردووکیان پرسی:

- شتێک قەوماوە؟

مونس گوتی:

- نەخێر.

ئەمیرخان ئیتر بە میهرەبانییەوە سەیری نە دەکرد، دەموچاوی دابوو بەیەکدا گوتی:

- پرسیارم کرد شتێک قەوماوە؟

فایزە گوتی:

- خەریکبووین دەردەدڵمان دەکرد.

- دەی بۆ بە گریانەوە؟

- ژنین ئیتر.

ئەمیرخان بزەیەکی نادیاری کردبوو. فایزە گوتی:

- ئیتر دەبێ من بڕۆم.

ئەمیرخان گوتی:

- بۆ کوێ خانم؟ لە دەرەوە ئاشووبە. سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.

- دەبێ بڕۆم، درەنگ دەبێت.

ئەمیرخان دەیەویست بڵێت شەو بمێنێتەوە، بەڵام نەدەکرا، بێگومان ماڵەوە دڵپەرۆشی دەبوون، گوتی:

- باشە، خۆم دەتبەمەوە، ئێستا کە هاتووی بە خێرو خۆشی، بەڵام ئەمڕۆ ئەو رۆژە نییە کە ژن لە ماڵ بێتە دەرەوە.

- زۆریش ترسی ناوێ نییە ئەمیرخان.

ئەمیر بە ڕووگرژییەوە گوتی:

- هەر زۆر بێمانایە کە ژن لە ماڵ بڕواتە دەرەوە. ماڵ بۆ ژنەو دەرەوەش بۆ پیاو.

فایزە وەڵامی نەدابۆوە، مشتومڕ لەگەڵ ئەمیرخاندا سوودێکی نەبوو. دەبوایە بهێڵێت کە میوەکە خۆی پێبگات. ئێستا ئیتر خەیاڵی لە لایەن پەروینەوە ئاسوودە بوو، ئیتر نەیدەتوانی ئاو لە ئەم لێخن بکات. بەختەوەرانە دەسپێشخەری کردبوو.

ئەمیرخان هەستابووە سەرپێ، دەیەویست هەتاکو دنیا تریک نەبووە فایزە بباتەوە بۆ ماڵەوە. فایزەش خۆشحاڵ بوو کە لەگەڵ ئەمیردا بە تەنیا دەبێت. گوتی:

- لە شەقامە لاوەکییەکانەوە بڕۆین ترسی نییە، شۆفێرەکەش وای دەگوت.

# مونس

## یەکەمین بەش : مردن

سەعات چواری پاشنیوەڕۆی بیست و حەوتی گەلاوێژی ١٩٥٣، مونس، لە سەربانی ماڵەوە راوەستابوو و لە شەقامی دەڕوانی. پەنجاو شەش سەعاتی رەبەقی خایاند بوو کە تەنانەت یەک چرکەش نەنووستبوو، ئەمیرخان گوتبووی نابێت لە ماڵ بڕواتە دەرێ.

لە وێوە لەو سەرەوە لە شەقامەکەی دەڕوانی. لەسەر شەقامەکە هەرا بوو، جاریوا بوو لای راستەوە هەندێ کەس رایاندەکردو جاریواش بوو لای چەپەوە هەندێک رایاندەکرد. بەهەرحاڵ هەر گرووپێک کە رایدەکرد گرووپەکەی بەرامبەری بۆی دەردەچوو. پاشان چەند لۆرییەکی پڕ لە خەڵک و دواتریش چەند تانکێک تێپەڕین. لە دووریشەوە دەنگی دەسرێژی رەشاش دەهات.

مونس بیری لەوە دەکردەوە کە بیست و هەشت ساڵی رەبەق، لە وەهمی وێناکردنی پەردەی کچێنندا لە پەنجەرەوە سەیری باخچەکەیانی کردووە. لەڕاستیدا، تەمەنی هەشت ساڵان بوو کە پێیان گوتبوو ئەگەر کچێک پەردەی کچێنی نەمابێت خودا قەت نایبەخشێت و ئێستا دوو شەو و سێ رۆژ بوو کە تێگەیشتبوو کچێنی پەردە نییە، بەڵکو تەنیا کونێکە. شتێک لە لەشیدا شکا بوو. تووڕەییەکی سارد لەشی تەنیبوو. هەموو رۆژانی منداڵیی هاتبۆوە بیر کە بە تامەزرۆییەوە لە دارەکانی ڕوانیبوو و خۆزگەی خواستبوو رۆژێک تەنیا جارێک بە یەکێک لەو دارانەدا سەرکەوێت، بەڵام لە ترسی پەردەی کچێنی هیچکات بە دارێکدا سەرنەکەوتبوو. خۆشی نەیدەزانی بۆچی، بەڵام تا ئەژنۆی وەکو سەهۆڵ ساردبوو، گوتی:

- من تۆڵە دەسێنمەوە!

پیاوێک لە کۆڵانێکەوە هەڵگەڕا. دەستی خستبووە سەر سکی و بەملاو بەو لادا دەکەوت. چەند هەنگاوێک هاتە پێشەوەو بەسەرا کەوتە جۆگەی ئاوەکەوە.

ناو جۆگە ئاوەکە لە مونسەوە دیار نەبوو و بۆیە نەیدەتوانی سەری کابراکە ببینێ، بەڵام هەردوو قاچی دیار بوون چونکە لەناو ئاوەکەدا نەبوون.

مونس چاوەکانی نوقاندو بەرەوپێشەوە چەمییەوە، پاش پێنج سانیە، نەخشێک بوو لە کۆڵان، دیارە چاوەکانی کرابوونەوەو لە شینایی ئاسمانیان دەڕوانی.

# مونس

## دووهەمین بەش: لەدایکبوون و سەرلەنوێ مردن

مونس سەرەتا مردبوو، رەنگیشە وابیری کردبێتەوە کە مردووە. ماوەیەک وەکو خۆی بە چاوە کراوەکانییەوە لەسەر پشت لەسەر قیری کۆڵانەکە کەوتبوو. هێدی هێدی شینایی ئاسمان رەش هەڵگەڕاو ئەسرین لە چاوەکانی مونسەوە تکانە خوارێ، دواتر دەستی راستی بەرزکردەوەو چاوەکانی هەڵگۆفی، پاشان لە شوێنی خۆی هەستا. هەستی دەکرد لەشی تەواو کوتراوەو هێزی تێدا نەماوە. پیاوێک لەو سەری کۆڵان کەوتبووە جۆگەکەوەو قاچەکانی چووبوون بە ئاسمانداو چاوەکانی ئاوەڵا بوون. مونس پرسی:

- حاڵت باشە.

کابرا گوتی:

- من مردووم.

مونس پرسی:

- دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

- باشترین کار ئەوەیە کە لێرە برۆیت، لەوانەیە تووشی کێشە بیت.

مونس پرسی:

- بۆچی؟

کابرا گوتی:

- مەگەر گوێت لە هەراو هوریا نییە؟ خەریکن خەڵک دەکوژن و خەڵک پاکتاو دەکەن.

مونس پرسی:

- ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟

کابرا گوتی:

- خاتوونی ئازیز، من پێم گوتی مردووم.

مونس گوتی:

- دەی ئەگەر چاودێریت بکەم و ئاگام لێت بێت، لەوانەیە چاک ببیتەوە.

- نەخێر، پێموا نییە، ئیتر کار لە کار ترازاوە، کەسێکی فەرەنسی، سناریۆیەکی نووسیوە بەنێوی"کار لە کار ترازا" ئێستا رێک من لەو قۆناغەدام و کار لە کار ترازاوە.

مونس زۆر تێکچوو بوو، گوتی:

- بەهەرحاڵ، رەنگە....

بەڕاستی کابرا تووڕە ببوو، گوتی:

- دەڵێم برۆ! چ رۆژگارێکی سەیرە هاا!.

ئیتر مونسیش رۆیشت و ماوەی یەک مانگی تەواو وێڵی شەقامەکان بوو.

لە ڕۆژەکانی سەرەتادا کە رۆشتبوو شەقامەکان پڕ بوو لە ئاژاوەو خەڵک سەرقاڵی پێکادان و یەکتری کوشتن بوون، بەڵام هێدی هێدی شەقامەکان چۆڵ بوون و خەڵک رۆیشتنەوە ماڵەکانیان و بیریان لە کردەوەکانیان کردەوەو ئەفسووسیان خوارد. هەندێ کەس کەوتنە بەندیخانەوە، هەندێکیش خۆشحاڵ بوون و لە شایی و ئاهەنگە جیاوازەکاندا عەرەق و شەرابیان دەخواردەوەو پێدەکەنین. کچە تاراەدیەک گەنجەکە، نەدەچووە ئەو جۆرە شوێنانەوە، بەڵام لە شەقامەکاندا، لەم دیوی پەنجەرەکانەوە بەلای ئەو شایی و ئاهەنگانەدا رەتدەبوو گوێی لەو پێکەنینانە دەگرت. شەوانیش خەڵک لە ماڵ نەدەهاتنە دەرەوە، چونکە پاسەوانەکان پرسیاری نهێنی شەویان لە خەڵک دەکرد. هێدی هێدی رێگای مونس بەرەو کتێبخانەکانی بەرامبەر زانکۆ کرایەوە. چەند رۆژێک، بە شەرمەوە رادەوەستاو دەیڕوانییە بەرگی کتێبەکان بێئەوەی بوار بە خۆی بدات سەردێڕی کتێبەکان بخوێنێتەوە. پاشان هێدی هێدی ترسی شکاو دەستی کردە خوێندنەوەی ناونیشانی کتێبەکان. لە ئاکامدا رۆژێک، لەو دیوی جامخانەی کتێبفرۆشییەکانەوە نا، بەڵکو لەناو کتێبی دەستفرۆشەکاندا، نیگای کەوتەسەر ناونیشانی کتێبێک: "نهێنی چێژە سێکسییەکان، یان لەشی خۆمان بناسین".

مونس دوازدە رۆژ بە بەردەم کتێبفرۆشەکەدا تێپەڕی و هەموو جارێک قنگە چاوێکی دەدایە کتێبەکە. سێزدەهەمین رۆژ ئاخری جورئەتی پەیدا کردو لە بارگەوبنەی کتێبفرۆشەکە نزیک بۆوە.

- ئەم کتێبە بایی چەندە؟

- پێنج تومان.

**مونس کتێبەکەی کڕی. پاشان پەنای بردە شەقامێکی چۆڵ و لە سێبەری دارێکدا دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوە. لە ئەلف- ەوە دەستی پێکرد تاکو گەیشتە یا و دووبارە خوێندیەوەو سێبارەش خوێندییەوەو سێ ڕۆژیشی بەمجۆرەی تێپەڕاندبوو.**

**لە سێیەمین ڕۆژدا، سەری بەرزکردەوە، ئێستا لە زەینیدا دارو خۆرو شەقام واتایەکی تریان هەبوو. گەشەی کردبوو.**

**کتێبەکەی خستە جۆگەلەکەوەو بەڕێ کەوت. بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت.**

**ئێوارە گەیشتبووە ماڵەوە. عالیە دەرگای کردەوە، هەر کە چاوی بە مونس کەوت قیژاندی و بووراپەوەو تەخت بوو. قەیرە کچ بەرزی کردەوەو پرسی:**

**- عالیە گیان چ قەوماوە؟**

**ژنە کە خەریک بوو هێدی هێدی دەهاتەوە سەرخۆی و گوتی:**

**- خاتوون تۆ قوڕت بەسەر ئێمەدا کرد. یەک مانگی ڕەبەقە باوک و دایک و براکەت شارو دەرو دەشت و شاخ نەماوە بۆت نەگەڕێن، هەموو شەوێک باوەشێک ئەسرین و خوێن لە چاویان دەبارێنن، ئاخر خانمەکەم ئەمە تۆ لە کوێ بوویت و چیت دەکرد؟**

**مونس هیچی نەگوت، تەنیا سەرێکی بۆ لەقاندەوەو فەیلەسووفانە بزەی دەهاتێ. لە ئاکامدا گوتی:**

**- عالیە گیان من ئیتر مونسەکەی جاران نیم. ئێستا ئیتر زۆر شت دەزانم. پاشان بە سەنگینی و ئاراميیەوە ڕۆیشتە دیوەخان و لە سووچێکدا دانیشت و تێفکری. پاش چارەکە سەعاتێک، ئەمیرخان بەڕەنگ و ڕوویەکی پەڕیوەوە گەیشتە ناو دەرگاکە.**

**پرسی:**

**- ئەی بێشەرەف، لە کوێ بوویت؟**

**قەیرە کچ بە میهرەبانییەوە بزەی دەهاتێ، هۆکارێکی بۆ ئەو توورەبوونە نەدەبینی. تووڕەش نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا حەپەساویش نەبوو.**

**ئەمیرخان گوتی:**

**- حەیای خێزانەکەمانت بردووە، ئێستا هەموو دەرو دراوسێ دەزانن کە تۆ ون بوویت.**

مونس گوتی:

- من تەنیا لەسەر ئیزنی خۆت تۆزێک پیاسەم کرد.

ئەمیرخان گوتی:

- : "من کە بە تۆم گوتبوو نابێت لە ئاشووبدا بڕۆیتە دەرەوە پیاسە بکەی هەی بێشەرەف.

ئەمەی گوت و قایشی لە ناوقەد کردەوەو کەوتە لێدانی مونس. هەڵبەت مونس تێنەدەگەیشت لەبەرچی لێی دەدات. ماوەیەک لێدانی خواردو ئەمیش لە ئاکامدا بە حەپەساوییەوە پرسی:

- ئەمیرخان، ئەوە بۆ لێم دەدەیت مەگەر شێت بوویت؟

ئەمیر هەرکە ئەمەی بیست، خوێن بەرچاوانی گرت و چەقۆی میوەکەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە هەڵگرت و بە هەموو هێزییەوە کردی بە دڵی مونسدا.

قەیرە کچ بۆ دووەمینجار، بەدەم ئاخێکی کورتەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

# مونس

## سێیەمین بەش: سەرلەنوێ لەدایکبوون

لە دەنگی هاتوهاوارەکەوە، عالیە خۆی کرد بە ژوورا. هەر کە چاوی بە لەشی خەڵتانی خوێنی مونس و چەقۆی خوێناوی نێو دەستی راستی ئەمیرخان کەوت، قیژەیەکی کردو بووڕایەوەو تەخت بوو. ئەمیرخان خۆشی لەو هەڵسووکەوتەی خۆی حەپەسابوو و هێدی هێدی ترس دایگرت. ماوەیەک بە سەرسووڕمانەوە لە چەقۆکەی روانی، پاشان لە قەراغی مێزەکە داینا. دیسان پەشیمان بووەوە، چەقۆکەی لەسەر مێزەکەش هەڵگرت و بە دەستەسڕەکەی  کە لە گیرفانی دەریهێنابوو جێ قامکەکانی لەسەر دەسکی چەقۆکە سڕییەوەو هەمدیسان چەقۆکەی لە جێی خۆی دانایەوە.

لەم کاتەدا، لە زەنگی دەرگایان دا. ئەمیرخان بەرەو دەرگاکە رۆیشت و کردییەوە، باوک و دایکی بوون. گوتیان:

- چووینەتە سێ بنکەی پۆلیس، هێشتا نەیاندۆزیوەتەوە.

پێکەوە رۆیشتنە دیوەخانەوە، سەرەتا چاویان بە عالیە کەوت، دواتر مونسیان بینی. تاوێک بە سەرسووڕمانەوە بۆ یەکیان روانی. پاشان هاوارێکیان لێوەهات و بوورانەوە. ئێستا ئەمیرخان و چوار لاشەی بێگیان مابوونەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی:

- خودایە چی بکەم؟

لە لێواری کورسییەکەوە دانیشت و لەو دیمەنە دڵتەزێنەی روانی. لە ئاکامدا ئۆقرەی لێبڕاو دەستی کردە گریان. تاوێک گریا. پاشان بە دەسەسڕەکەی دەموچاوی سڕی و بە تۆقینەوە هەستکرد کە دەسەسڕەکە خوێناوییە. هەموو دەموچاوی غەرقی خوێن کردبوو.

دەسەسڕەکەی بەدەم هەژانی لەشییەوە تووڕ دایە سەر مێزەکەو مات و بێ جووڵە، لە لاشەکان راما. هیچکام لە بوورا‌وەکان خەیاڵی بە هۆش هاتنەوەیان نەبوو.  بەرپرسیارییەکە بە تەوای لە ئەستۆی ئەمیرخاندا بوو.

لە زەنگی دەرگایان دا.

دڵی ئەمیرخان وێنەی سەعاتی ئاوێزەی دەنگدار دینگ دینگ لێی دەدا. هەستایە سەرپێ و گوتی:

- خودایە خۆم  بە تۆ سپارد.

لەو ماوەیەدا ئەوەندە سەردانی بنکەکانی پۆلسیان کردبوو و هەواڵی ونبوونی مونسیان راگەیاندبوو کە هەموو رۆژێک- لانیکەم- پێنج پۆلیس لە زەنگیان دەدا. ئەمیرخان بەرەو دەرگاکە رۆیشت و بێڕاوەستان یەکسەر دەرگاکەی کردەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە. فایزە بوو. سەرەتا چونکە دەموچاوی ئەمیرخان لە تاریکیدا بوو بە جوانی نەیدەبینی. گوتی:

- سڵاو!

پاشان روخساری بینی و گوتی:

- یاحەزرەتی عەباس. و

پاڵی دا بەدیوارەکەوە. ئەمیرخان گوتی:

- بیکە بە خاتری خوا تۆش مەبووریرەوە.

فایزە هەروا کە بە ترس و حەپەساوییەوە لە ئەمیرخانی دەڕوانی، بە بڵمە بڵم گوتی:

- هاتبووم هەواڵی مونس بزانم.

ئەمیرخان بە پەنجەی ئاماژەی دەستی راستی دەرگای دیوەخانی پیشان دا. کچە بەرەو دەرگاکە رۆیشت و کردییەوە. ئەمیرخان هەروا لە ڕاڕەوەکەدا راوەستابوو. فایزە بە ڕەنگوڕوویەکی هەڵپڕوسقاوەوە لە ژوورەکە هاتە دەرێ. پرسی:

- هەر چواریانت کوشت؟

- تەنیا مونسم کوشتووە.

- ئێستا چ دەکەیت؟

- نازانم.

ئەمەی گوت و وێنەی قالۆنچەیەکی لاواز چیچکەی کردو لە پاڵ دیوارەکە دانیشت و دای لە پرمەی گریان. لێرەدا بوو کە فایزە هەستیکرد دەستی چارەنووس ئاخری ئەوی خستۆتە سەر شاڕێی ژیان. چارشێوی لەسەر لابردو گرمۆڵەی کردو تووڕی دایە سووچێکەوەو بەرامبەر بە ئەمیرخان هەڵتروشکاو گوتی:

- کابرا! عەیبە. گریانی بۆ چییە؟ تۆ برای ئەویت، غیرەتت هەیە، کوشتت؟ زۆر چاکت کرد. بۆچی نا؟ کچێک کە یەک مانگی رەبەق ون بێت واتە مردووە. کچ کە لەم ئیشانە ناکات. زۆریش چاکت کرد، دەستخۆش، منیش لە جیاتی تۆ بوومایە هەر وام دەکرد، ئافەرین بۆ ئەو شیرە پاکەی کە دایکت پێی داوی ...

بە دەم ئەم قسانەوە دەسەسڕەکەی لە نێوان هەر دوو مەمکی دەرهێناو دایە دەست ئەمیرخان تاکو چاوانی پێ بسڕێت.

ئەمیرخان تۆزێک ئارامی پێدا هات و چڵمەکەی سڕییەوە. چاوەڕێی هاودەردێکی دەکرد کە وەکو پەیکێکی خوایی، گەیشتبوو. لە هەمان کاتدا لای خۆیەوە بیری دەکردەوە چەند ناشیرینە کە ژنێک ئاوا بە چیچکانەوە دانیشێ و دەسەسڕەکەشی بخاتە نێوان هەردوو مەمکیەوە. چونکە کچە هەروا کە دانیشتبوو لە ڕاستیدا شۆڕتەکەی دیار بوو. ئەمیرخان لای خۆیەوە بیری کردەوە ئەگەر ئەمیش خوشکی بووایە دەیکوشت و خەیاڵی خۆی ئاسوودە دەکرد. بەڵام دیارە خوشکی نەبوو و ئەم شتانەش پەیوەندی بە مەوە نەبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا لە ساتێکدا هاتبوو بەهانایەوەو دڵخۆشی دەدایەوە کە گرنگترین ساتەکانی ژیانی بوون. ئاخری ئەمیرخان ئاخێکی هەڵکێشاو پرسی:

- ئێستا بە ڕای تۆ دەبێ چ بکەین؟

- کێشە نییە گەورەم. کچەکە یەک مانگە کە ون بووە، وانییە؟

- وایە.

- زۆر چاکە، لە باخچەکەدا دەینێژین، کەسیش پێمان نازانێت. خەڵکانێکی زۆریش ون بوون و پزیشکی دادوەرییش سەری قاڵە. کەواتە نایەت بۆ ماڵتان و لێتان ناپرسێت. هەموو شتێک لە نیگای ئەمیرخانەوە عاقڵانە دیار بوو. سەرێکی بۆ لەقاندو بەرەو لای کچە چوو و پێکەوە ڕۆیشتنە حەوشەو لەو تاریکاییەدا بە پاچ و خاکەناز کەوتنە گیانی باخچەکە گۆڕێکی تەقریبەن حەفتاو پێنج سانتیمەتریان هەڵکەند. پاشان گەڕانەوە بۆ ژوورەوە. عالیەو دایک و باوکی مونس وەکو خۆیان هەروا بێهۆش بوون. بە هەردووکیان سەرو قاچی تەرمی مونسیان هەڵگرت و بەرەو باخچەکە گواستیانەوەو خستیانە چاڵەکەوەو خۆڵیان بەسەردا کرد، دواتر بە خاکەناز کوتایانەوە تا تەواو سفت و سۆڵ بێت. پاشان گەڕانەوە بۆ ژوورەوەو دەستیان کرد بە سڕینەوەو شۆردنی خوێنەکەو لەناوبردنی ئاسەواری تاوانەکە.

پاش کۆتایی هەموو کارەکان، عالیەو دایک و باوکی مونس، هێدی هێدی هۆشیان هاتەوە. هەرسێکیان بەهۆی گورزی توندی دەروونییەوە رووداوەکانی دوو سێ سەعاتی رابردوویان لە بیر چووبۆوە، تەنیا عالیە بە شێوەیەکی تەم و مژاوی لە زەینیدا مابوو لاشەیەکی دیوە. بەڵام لەبەرئەوەی کارەکەرو نەخوێندەواریش بوو

زاتی نەدەکرد ئەو مەسەلەیە ئاشکرا بکات. بە تایبەتی کە پێشتر بڵاوبۆوە عالیە جنۆکەی هەیەو هەموو دەرودراوسێکانیش جنۆکەکەیان دیبوو کە نیوە شەوان بە قەراغی سەربانەکاندا دەڕوات و بە فزولیەوە دەرگای پەردە کوللەکان دەکاتەوەو بێشەرمانە سەیری خەڵکی خەوتوو و نیمچەخەوتوو و بێدار دەکات. بۆیە دەمی داخست و هیچی نەگوت. دایکی ئەمیرخان بەدیتنی فایزە وەکو گوڵ گەشایەوەو گوتی:

- وەی خانمۆڵە، حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ پار دۆست و ئەمساڵ ئاشنا.

- خۆشەویستی دایە خان، من کە بەردەوام لێرەم و بوومەتە هۆی زەحمەت بۆتان.

- ئەم قسانە چیە دایە بە قوربانت بێت.

- هاتبووم هەواڵی مونس بپرسم، بزانم پەیا بووە یان نا؟

دایکی ئەمیرخان ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- ئەی دایە گیان، هێشتا پەیا نەبووە، ئای ناڵە داماوەکەم، پشت بە خوا ئاخری هەر پەیا دەبێت.

فایزە گوتی:

- کەواتە من ئیتر نابمە هۆی زەحمەت بۆتان و دەڕۆم توخوا ئەگەر پەیا بوو خێرا ئاگادارم بکەنەوە.

- بۆ دەیەڵم بڕۆی؟ شتی وانییە دەبێ نانی ئێوارەمان لەگەڵ بخۆی. عالیە راکە بۆ موبەق.

- نا دایە خان، بە یارمەتی دەڕۆم.

- قەت شتی وا نابێت.

فایزە مایەوەو عالیە چووە موبەق. عالیە خووی پێوە گرتبوو کە بە دەم چێشتلێنانەوە لەبەرخۆیەوە چوارینەی لوڕی بڵێتەوە. لەو چوارینانەدا بە ئاهوناڵەوە ئەوەی دەردەبڕی ئەگەر خوێندەواریی هەبووایە قەڵەمی هەڵدەگرت و نامەیەکی بۆ یار دەنووسینی کە زۆر لێی دوور بوو، لەو نامەیەدا باسی لەو شتانە دەکرد کە بە چاو دەیبینی و نەیدەتوانی بیانڵێت. ئاخری پێکەوە نانی ئێوارەیان خوارد پاشان ئەمیرخان داوای کرد کە فایزە بباتەوە لە ڕێگە ئەمیرخان بێدەنگ و حەپەسا بوو، کچە پڕ کێشی کرد دەستی بگرێت و وەک هاوسۆزیی دەست لە دەستی بخشێنێ و دڵخۆشی بداتەوە. ئاخری جورئەتی کردو گوتی:

- ئێستا پاش ئەم ڕووداوە پێویستە کە جەنابت هەتا زووە ژن بێنیت بەڵکو لەم ڕێگایەوەوە یادەوەریی مونست لە یاد نەمێنێ. وێڕای ئەوەش پێویستت بە ژنێکە کە ببێتە هاوڕێ و هاوژینت و خزمەتت بکات.

ئەمیرخان گوتی:

- قسەکەت زۆر بەجێ و راستە.

پاش چەند رۆژێ ئەمیرخان بە دایکی گوت:

- دایە!

دایکی وەڵامی دایەوە:

- گیانی دایە!

ئەمیرخان لە لێواری کورسییەکە دانیشتبوو تۆزێک دڵپەرۆش دیاربوو. گوتی:

- هەڵبەت دایە گیان، شەرم دەکەم کە ئەم قسانە بکەم، بەڵام من دەمێکە بیرم لەوە کردۆتەوەو ئاخری بەو ئەنجامە گەیشتووم کە هاوسەرێکم پێویستە ببێتە هاورێ و هاودەمی ژیانم و خزمەتم بکات. بۆیە هاتوومەتە سەر ئەو رایە کە هەر دەبێ ژن بێنم. دایکی گوتی:

- بەخ بەخ چی لەوە باشتر، هەڵبەتە هێشتا خوشکە رەحمەتییەکەت، نەدۆزراوەتەوە چەند باش بوو کە ئەویش لەم شاییە خۆشەماندا بەشداریی بکردایە، بەڵام ئیتر چار چییە. بەهەرحاڵ بەخێرێ کەی دەتەوێت زەماوەند بکەیت و ئاهەنگەکە لە کوێ بەرێوە دەبەی؟

ئەمیرخان بە شەرمەوە کۆکی و گوتی:

- هەڵبەت پیویستە لە پێشدا بچینە خوازبێنی.

دایکی تۆزێک حەپەساو گوتی:

- مەگەر فایزە ناهێنیت؟

- نا دایە گیان، من دەمەوێت کچەکەی حاجی حەمە سوور بێنم. کچێکی تەمەن هەژدە ساڵانە، زۆر جوانە، نەرم و نیان و بێدەنگ، شەرمن، میهرەبان، زەحمەتکێش، چالاک، بە حەیاو حورمەت، سەلارو مەنگ و رێکوپێکە، چارشێو دەدات بەسەریداو لە رێگەو بان هەمیشە سەری دادەخات و لە شەرما سوور هەڵدەگەرێت، تۆ دەبێ لوتف بکەیت و بچیتە داوای بۆم. دایکی گوتی:

- ئەمیر گیان ئازیزەکەم، لە راستیدا تۆ دوو ساڵ لە خوشکە رەحمەتییەکەت گەورەتری و چل ساڵی رێک عومری شیرینت بەرێکردووە، ئەم ساڵانەش کە ژنت نەهێناوە لەبەر ئەوە بوو کە دەتەویست ئاگات لە

خوشکەکەت بێت و بیپارێزی. ئێستا بۆ دەتەوێت کچێکی هەژدەساڵان بێنیت؟ ئایا دەزانی کە لە مێژە گوتویانە پیاو کچی گەنج تەنیا بۆ دراوسێکەی دەهێنێت؟ دەزانی لەم حاڵەتەدا لەوانەیە ئابڕووچوونێکی زۆری لێبکەویتەوە؟ ئەمیرخان تۆزێک تێفکری و گوتی:

- خۆ دەزانی دایە گیان لە مێژە گوتوویانە، کچ کە تەمەنی بوو بە بیست دەبێ بۆ حاڵی بگریت. من چارم نییە جگە لەوەی دەبێ کچێک بێنم کە لە بیست ساڵی کەمتر بێت، وێڕای ئەوەش بە سەرو سیمایدا دیارە کچێکی باشەو نارەسەن نابێت، دەبێ هەر ئەمڕۆ جل و بەرگی جوان لەبەر بکەیت و بچیتە داوای.

عەسری هەمان رۆژ، دایکی ئەمیر جلوبەرگی جوانی لەبەرکرد، چارشێوی دا بەسەریاو لەگەڵ ئەمیرخاندا رۆیشتن بۆ خوازبێنی. پاش سڵاو و ئەحواڵپرسین، کچی سەرپۆش لەسەرو گۆرەوی ئەستوور لەپێ بەوپەڕی شەرم و شکۆوە چای هێناو بۆ میوانەکانی دانا.

دایک بووکی پەسەند کردو بووک خەسووی پەسەند کرد. ماڵی زاوا ماڵی بووکیان بە دڵ بوو، ماڵی بووکێش بە هەمان شێوە، کاتی زەماوەندیان خستە رۆژی چوارشەممەی داهاتوو. چونکە رۆژانی شینی حەسەن و حوسێن نزیک بوون و لەوانە بوو دوو مانگێک زەماوەندیان دوا بکەوێت. لەم رووەوە مارەیی کچەکە دیاری کرا بە پازدە هەزار تومان و بڕیاریان وادا ئەمیرخان دەبێ ئاوێنە و مۆمدانیان بۆ ببات و ئاهەنگەکەشیان لە حەوشەی ماڵی حاجیدا بگێڕن کە گەورەترو خۆشتر بوو. دایک و کوڕ دەم بە پێکەنین و دڵخۆش گەڕانەوە بۆ ماڵ و هەموو شتێکیان بۆ عالیە گێڕایەوە. عالیەش ژیرانە سەرێکی بۆ لەقاندو بزەیەکی فەیلەسوفانەی هاتێ و لە یەکەمین دەرفەتدا، چارشێوی دا بەسەریاو خۆی گەیاندە ماڵی فایزەو هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە. فەیرە کچ تاوێک سەری کێشا بە دیواردا پاشان بە مشت کێشای بە شووشەی پەنجەرەکەدا. شووشەکەی شکاندو دەستی خۆی زامدار کرد. پاشان بەقسەی عالیەی کردو چارشێوی دا بەسەرداو پێکەوە چوون بۆ "شا عەبدولعەزیم"و دوازدە مۆم و مەرێکی قەڵەویان نەزر کرد، بەڵکو ئەو زەماوەندە سەر نەگرێت. پاشان چوون بۆ "دەروازە غار"، بۆ لای میرزا مەناقبی و تەلیسمێکی عەشق شکێنیان کڕی، لەوێشەوە چوون بۆ گوندی (ئوین) بۆ لای (خانم باجی) کە فاڵچی و کتێب گرەوە بوو. (خانم باجی) دەم و نفوسی پاک بوو و کتێبێکی کۆنی هەبوو کە فاڵی پێدەگرتەوە. خانم باجی سەیرێکی بەژن و باڵای فایزەی کردو کتێبەکەی کردەوەو گوتی:

- خاوەنی ئەم فاڵە، کچێکی باڵامناوەندییە، نە قەڵەوە نە لاواز، ئەسمەرە، دەموچاوی چوار گۆشەیە، چاوەکانی وردن و دەمولێوێکی سووری هەیە.

فایزە سەیری لێهات کە ئەو کتێبە چۆن چۆنی هەموو شتێکی بەڕاستی لە بارەی ئەمەوە نووسیوە. خانم باجی گوتی:

- خەمبارە کە خەمەکەی خەمی عەشقە، خوا پێی ببەخشێت.

فایزە بە توندی سەری بۆ لەقاند، لە ڕاستییدا لەو کاتەدا بە ڕادەی دایکی، خانم باجی خۆشدەویست. ئەو پیرەژنە وردیلەیە وردە وردە گوتی:

- چاری ئەم عەشقە ئەوەیە کە کچە حەوت شەو بە پێی پەتی حەوت جار حەوت هەنگاو بەرەو قیبلەو پاشان حەوت جارو حەوت هەنگاو بەرەو دواوە هەڵبگرێت و لە هەموو هەنگاوێکیدا بڵێت"خودایا، من لە شەڕی وەسوەسەکانی شەیتان بپارێزە"

پاشان قاچەکانی بشوات و بڕواتە پێخەفەکەیەوەو لە کاتی نووستنیشدا هەر دوو پێی لە پێخەفەکەیەوە بهێنێتە دەرەوە.

فایزە گوتی:

- خانم باجی گیان من عاشقم و دەمەوێت بگەمە ئەوینەکەم، تەلیسمێک شتێکم بدەرێ  کە ئەو پیاوە دڵی بچێتە سەرم.

خانم باجی، زۆر پیر بوو. پێکەنی و گوتی:

- کچەکە گیان ناتوانیت هیچ شتێک بەزۆر رابگریت، دەبێ لەگەڵ ئەم ئەویندا شەڕ بکەیت، چاکیان گوتووە:

(خۆشە دڵداری لە هەردوو سەربێ – نەک تۆ بسووتێی ئەو بێخبەر بێ)

فایزە بە ڕق و تووڕەییەوە لە ژوورەکەی خانم باجی چووە دەرێ و تەنیا پێنج قڕانێکی تووڕ دایە سەر قاڵیەکە. هەر کە کچە ڕۆیشتە دەرەوە، خانم باجی پێکەنی. هەستاو پێنج قرانییەکەی هەڵگرت و خستییە دەخیلە قوڕینەکەوە، لەو خەیاڵەدا بوو بەمجۆرە هێدی هێدی پارە بۆ جیازی نەوەکەی کۆ بکاتەوە.

فایزە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ هات و چۆی کردو نەڕانی و ئەسرینی داباراند. پلانی دانا بڕواتە پۆلیسخانەو مەسەلەی ئەمیرخان و کوشتنی مونسیان پێ رابگەیەنێت. بیری لەوە کردەوە کە هەر بەو جۆرە کە ئەمیر مونسی کوشت ئەمیش ئەمیر بکوژێت، هەزارو یەک بیری کردەوە بەڵام هیچکامیانی بەدڵ نەبوو. لە ئاکامدا هاتەسەر ئەو رایە کە لە شەوی زەماوەندەکەیاندا بڕوات و تەلیسمەکە لە تەنیشت تەرمەکەی مونسەوە لە چاڵ بنێت تاکو خوێنی تەرمەکەو وەیشوومەی تەلیسمەکە پێکەوە قورتمی ئەمیرخان بگرن. شەوی زەماوەن بوو کە فایزە چوو بۆ ماڵی ئەمیرخان. ئەمەش بە یارمەتی عالیە بوو کە بۆنی کوشتنی مونسی کردبوو بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا. بۆیە پێش ئەوەی بچێت بۆ ماڵی حاجی، فایزەی کردە ژوورەوە. فایزە یەکسەر چووە باخچەکەو دەستیکرد بە هەڵدانەوەی گۆڕەکەی مونس تاکو تەلسمەکە لە چاڵ بنێت، کە لە ناکاو دەنگێک جووڵەی لێبڕی. دەنگەکە دەنگی مونس بوو. دەیگوت:

- فایزە گیان!

دەتگوت دەنگی لە بنی بیرێکەوە دێتە گوێ. فایزە بە ئەستەم ئاوی زاری قووت داو توند دەستی خستە سەر دڵی نەبا دڵی قەفەزەی سینگی هەڵدڕێت و خۆی تووڕ بداتە دەرەوە، لە ئاکامدا تۆزێک بەسەرخۆیدا زاڵبوو. سەرلەنوێ دەنگەکە گوتییەوە:

- فایزە گیان، ناتوانم هەناسە بدەم.

فایزە هەروا بێدەنگ بوو. دەنگەکە گوتی:

زۆرم برسییە. خەریکە لە تینوویێتیدا دەمرم. دەمێکە ئاو و دانم نەخواردووە.

فایزە بێئەوەی ئاگای لە هەڵسوکەوتی خۆی بێت، بێ هیچ بیرکردنەوەیەک، بەسەر پەنجەکانی دەستی کرد بە هەڵکەندنی عەردەکە، هەڵیکەندو هەڵیکەند تاکو دەموچاوە خڕەکەی مونس لە ژێر خۆڵەکەدا دەرکەوت.

کچە بە ئارامی چاوەکانی کردەوەو گوتی:

- خوشکە ئازیزەکەم، چۆڕێ ئاوم بدەرێ.

فایزە رۆیشت لە حەوزەکە مشتێک ئاوی هێناو کردی بە دەموچاوی مونسدا. پاشان بە خێرایی دەستیکرد بە هەڵکەندنی زەوییەکە. هەڵیکەندو هەڵیکەند کچە بە تەواوی دەرکەوت. ئەوەندە بێهێز ببوو کە نەیدەتوانی جووڵە بکات. فایزە بەرزی کردەوەو خاک و خۆڵی لە گیانی تەکاند، ئەمیش کە بەملاو بەولادا دەکەوت خۆی گەیاندە موبەقەکە. ئیتر ترسی فایزە دەستپێکردبوو، چونکە نەیدەزانی ئەم رووداوە سەیروسەمەرەیە چۆن لێک بداتەوە. بە وریایی و بە ئەسپایی و چووە موبەق. کچەکەی بینی بە گیانی خۆڵاوی و قوڕاوییەوە، دانیشتووەو مەنجەڵی خواردنەکەی لە سەلاجەکە دەرهێناوەو هەروا بە دەست و پەنجەی قوڕاوی و پیسەوە چنگ چنگ خواردن دەردێنێت و دەیکاتە دەمییەوە لە حاڵێکدا بە ئارامی دەمرخێنێت و چاوانی لە کاسەی چاویدا دەخولێنەوەو بە سامناکی بزە دەکات.

مونس بەدەم خواردنەوە دەیمڕاند، وەکو شێرێکی مێ کە لە بەچکەکانی دوور کەوتبێتەوە. هەندێکجاریش پرخەی دەهات. لە ئاکامدا نیوەی خواردنی مەنجەڵەکەی خوارد بوو برسێتییەکەی دامرکابۆوە. هەستایەوەو هەروا کە بە ملاو بەو لادا دەکەوت چوو بۆ حەوشە. چووە لای ترومپاکەوەو سەتڵێکی ئاوی خستەبەری. سەتڵەکەی لە ئاوی پڕ گیای (شیوەران)ی حەوزەکە پڕ کردو یەکسەر نای بەسەرییەوەو خواردییەوە.

ساتێک بێجووڵە مایەوە پاشان بە مرخە مرخەوە دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی و خۆی رووت کردەوەو چووە ناو حەوزەکەوە دەستی کرد بە خۆشتن.

فایزە یەکسەر ڕۆیشتە ژووری کچەکە کە هەر وەکو خۆی مابۆوەو دەستی لێنەدرابوو، چەکمەجەکانی کردەوەو جلوبەرگی سەرەوەو ژێرەوەو خاولیەکیشی بۆ کچە هێناو گەڕایەوە حەوشە. کچەش خاولییەکەی وەرگرت و خێرا خێرا خۆی وشک کردەوە. لە سووچێکی حەوشەکەدا جلوبەرگی لەبەرکردو پاشان ڕۆیشتە دیوەخان و لەو شوێنەدا کە پێشتر لێی دادەنیشت، واتە لەتەنیشت رادیۆکەوە دانیشت. فایزەش بە ترس و لەرزەوە خۆی کرد بەژووردا و بەرانبەری دانیشت. پاشان مونس دەستی کردە قسەکردن، گوتی: - کەوایە هاوکاری براکەم دەکەیت من بکوژێت؟ ئەی بێشەرمی بێ ئابڕوو.

فایزە وەکو لاڵەپەتەیەک هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، بەڵام دەتگوت بۆ بەردێک قسە دەکات، چونکە قسەکانی هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو. مونس گوتییەوە: - تەمەنێک وات بیر دەکردەوە چونکە دەموچاوم خڕە کەواتە کەرم. کەواتە گەمژەم. وانییە؟

- ئەم قسانە چییە، کێ وا بیری کردووەتەوە؟

- تۆ، تۆی سەگباب.

- بەو قیبلەی محەمەدییە من وا بیرم نەکردۆتەوە.

مونس گوتی:

- کەر خۆتی. من ئێستا دەتوانم بیری هەموو کەسێ بخوێنمەوە، تۆ نەک هەر بیرت دەکردەوە چونکە دەموچاوم خڕە کەواتە کەرم، بەڵکو تەنانەت بیرت دەکردەوە لە کەرێتی من کەڵک وەربگریت و بییتە براژنم، وانییە؟

- سوێند بە گیانی هەر پێنجیان شتی وانییە. (مەبەستی پەیامبەر، عەلی، فاتمە، حەسەن، حوسێن)ە. (وەرگێڕ).

- دەمت داخە، سوێندی درۆ مەخۆ.

فایزە دەمی داخست، مونس گوتی:

- ئێستا جوان سەیرم بکە، نەک هەر دەموچاوم خڕ نییە بەڵکو زۆریش درێژە.

فایزە بەسەر سووڕمانەوە لێی دەڕوانی. لە ڕاستیدا دەموچاوی مونس هێندەی دەموچاوی ئەسپێک درێژ ببوو. فایزە لە باری دەروونییەوە ترازا بوو و هەستی دەکرد تای هەیە، هەستی دەکرد بریا ئفلیج و کەڕو کوێر بووایەو ئەم ئەم شتانەی نەدیایەو نەبیستایە.

مونس گوتی:

- نەک هەر بیلبیلەی چاوم درێژە بەڵکو سووریش هەڵگەڕاوە.

فایزە بینی راست دەکات. بیلبیلەی چاوی درێژەو سوور هەڵگەڕاوە. بیری کردەوە بێگومان قاچەکانیشی سمی هەیە، کەچی مونس وتی:

- نەخێر، قاچەکانم سمی نییە.

وەکو شەیتان قاقا پێکەنی. فایزە خەریکبوو بێهۆش دەبوو مونس نەیدەهێشت. وتی:

- بەخۆڕایی خۆت مەنوێنە. لە دەروونی تۆدا شتێکی نەگریس هەیە. بەڵام من بڕیارم داوە لەگەڵ تۆدا بژیم و لەم ماڵە دەربچم و کۆمپانیایەک دابمەزرێنم دژی برا بۆ ئەوەی ئیتر کەس خوشکی خۆی نەکوژێت، بەڵام لە ڕاستیدا من کەسێکی دەروونپیس نیم، تەنیا ئەوە بزانە کە هەر جۆرە بیرێکی بۆگەن لەو مێشکە بچووکەتدا دروست بێت من تێیدەگەم، تێگەیشتی؟

فایزە گوتی:

بەڵێ، بێگومان.

مونس گوتیەوە:

"خوالێخۆشبووی نەنکم، پشیلەیەکی هەبوو کە بیست و چوار سەعاتی خوا، لە نێو پێخەفەکەیدا بوو، کە دەرکەوتەوە، وەکو کتێبێکی لێهاتبوو لاوازو درێژ. پاشان ئەوەندە خواردنی خوارد تاکو ئاوساو تۆپی. سەرەتا کە لە ژێر خاک هاتمە دەرەوە هەستم دەکرد لە هەمان پشیلە دەچم و وام بیر کردەوە کە ڕۆحی پشیلە داماوەکە چۆتە گیانی منەوە.

فایزە گوتی:

- هەڵبەت جەنابت راست دەفەرمووی، چاوەکانت لە هی پشیلە دەچێت، بەڵام روخسارت چۆتەوە سەر ئەسپ.

مونس پرسی:

- بۆ وا کتێبی قسە دەکەیت؟ ئێمە تا چەند حەفتە لەمەوبەر هاوڕێی یەکتری بووین، هەرچەند تۆ وا بیرت دەکردەوە من کەرم بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە هاوڕێی یەک بووین، وەکو بەشەر قسە بکە.

فایزە گوتی:

- بەسەر چاو.

مونس گوتی:

- من کتێبی ژن و مێردیشم خوێندۆتەوە، لە مەودواش ناتوانی وابیر بکەیتەوە  کە تۆ لە من زۆرزانتریت، تێگەیشتی؟

- بەڵێ.

- بابشزانیت پەروین باشتر لە تۆ چێشت لێدەنێت، ئەمە بیروبڕوای خۆمە. تێگەیشتی؟

- بەڵێ.

بەڵام هەڵبەتە دڵتەنگییەکە بە گەرووی فایزەدا خزایە خوارێ و گەیشتە سەردڵی و لەوێ مایەوە تاکو بۆ خۆی بئاوسێت و مونسیش کە رۆژگارێک دەموچاوی خڕ بوو کچێکی سادەو باش بوو گوتی:

- هەڵبەتە چێشتلێنانی تۆش خراپ نییە. بەڵام لە ڕاستیدا هی ئەو باشترە.

پاشان فایزە پرسی:

- ئێستا چی بکەین؟

- هەروا دادەنیشین تاکو  بووک و زاوا دێن.

چەند سەعاتێ دوای ئەوە خاوەن ماڵەکە هاتنەوە، بووک و زاواو دایک و باوکی هەردووکیان گەڕانەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە میوانە نزیکەکان بە چەپڵەڕێزان و هەراوهوریاو خۆشییەوە بە نازو نووزەوە، بووکیان کردە پەردەوە زاوایش کە تەواو مەست بوو تا ئەو رادەیە کە خۆی بەسەرپێوە بۆ نەدەگیرا بە دوای بووکدا کرایە ژوورەوە. لە ناکاو عالیە ڤیژەیەکی لێوەهات و بووڕایەوەو تەخت بوو چونکە چاوی بە مونس کەوتبوو. قەیرە کچ لە ڕاڕەوەکەدا راوەستابوو و لە خەڵکەکەی دەڕوانی حاجی سوورە گوتی:

- خانم، جەنابت کێی؟

دایکی بە تۆقاوییەوە گوتی:

- مونس، کچەکەم.

بەڵام مونس هیچی نەگوت، بەناو خەڵکەکەدا رۆیشت لەوێوە بۆ ژووری بووک و زاوادا. بە ئارامی دەستی بە دەرگاکەوە نا لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو دیوەوە داخرابوو بەڵام دەرگا وەکو دەرگای ژووری بووکەشووشە کرایەوەو مونس خۆی کرد بە ژووردا، ئەمیر مەست و سەرخۆش و بەملاو بەولادا دەکەوت، خەریکی گۆڕینی جلەکانی بوو،

بووکیش ڕووی کردبووە دیوارەکەو بە شەرمەوە خەریکی داکەندنی جلەکانی بوو. لەگەڵ دەنگی دەرگاکەدا هەردووکیان وەرسووڕان. یەکێکیان بە سەرسووڕمان و ئەویتریان بە هەڵپڕوسقاوی و حاڵەتێکی نزیک لە بوورانەوەو مردن، مونس بە دەموچاو و گلێنەی چاوی درێژەوە، گوتی:

- هەرا هوریا مەکە وەکو مناڵی بنیادەم وەرە پێشەوە.

ئەمیر وەکو بەرخ هاتە پێشەوە. مونس پرسی:

- نەگبەت بۆچی ئەوەندە سەرخۆشی؟

ئەمیر گوتی:

- چی بڵێم؟

مونس گوتی:

- چووی کچێکی هەژدەساڵانت هێنا بەڵکو داوێن پاک بێت و بەدڵی تۆ هەڵسوکەوت بکات؟

- بەڵێ.

مونس ڕووی کردە کچە و گوتی:

- تۆ پار لە کوڕی خاڵت سکت پڕ نەبوو نەچووی خۆت خستە ژێر چەقۆی نەشتەرگەری خانمی فاتمییەوە؟

کچە ویستی بزریکێنیت و خۆی ببوورێنیتەوە مونس نەیهێشت و گوتی: - بە خۆڕایی تەمسیل مەکە. بە قسەی هەمان خانمی فاتمیش برا گەمژەکەی منت سەرخۆش کرد.

پاشان سووڕایەوەو ڕووی لە ئەمیر کردو گوتی:

- تۆی حەرامزادەش. ناچاری لەگەڵ ئەم ژنەدا رابێیت. ئەگەر دەستی لێ بەرز بکەیتەوە و ئازارێکی بدەیت خۆم دێم و یەکسەر دەتخۆم، تێگەیشتی؟

ئەمیریش وەکو مەڕی گێژ سەری بەڵێی بۆ دەلەقاند. بووک و زاوا تۆقیبوون و بەرانبەر مونس راوەستا بوون. مونس گوتی:

- من دەڕۆم لەگەڵ فایزەدا دەژیم، ئەو کچە هەرچەند کەمێک هاروهاج بوو، بەڵام لە ڕاستیدا پاکیزەو کچ بوو. ئەمە کچ نییەو کراوە بەژن، بەڵام بەشی پیاوی گەمژە هەر ئەمەیە. هەر وەکو گوتم ئەگەر ئازاری بدەیت بەڵایەکت بەسەر دێ َنم کە تا دنیا دنیایە لە بیرت نەچێتەوە.

پاشان مونس لە ژوورەکە هاتە دەرەوە. ئەمیرخان سەراسیمەو رووخاو لە بووکی گەنجی دەڕوانی، پاشان لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت و دای لە پرمەی گریان. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- چ بەش و قسمەتێک، چ چارەنووسێکی ڕەشم هەیە.

خۆی دەلاواندەوەو دەگریا. بووکی گەنج سەرلەنوێ دەرگای لەم دیوەوە قفڵ کردبۆوە.

مونس بەرەو ژوورەکە گەڕایەوە، عالیە هاتبۆوە سەرخۆی و بە دووی ئەماندا وەڕێکەوت بە دوای ئەویشدا دایکی و باقی خەڵکەکە. حاجی سوورە هەوڵی دەدا بزانێت لەبەرچی خوشکی زاوا هەر لە سەرەتاوە لە شاییەکەدا بەشدار نەبووە دایکیشی نەیدەتوانی لەبەر چاوی خەڵک پرسیارێک لە کچەکەی بکات و لەگەڵ ئەمەشدا بەجۆرێکی سەیر لە کچەکەی دەترسا.

هەر لەوێدا مونس رووی لە فایزە کردو گوتی:

- خوشکم هەڵسە، هەڵسە با بڕۆین بۆ کەرەج.

عالیە هاواری کرد:

- توخوا منیش لەگەڵ خۆتان بەرن.

مونس گوتی:

- دواتر. دواتر.

خەڵکەکە، مات و حەپەساو راوەستا بوون، هەر دوو کچەکە خۆیان کرد بە نێوانیانداو دەرگایان کردەوەو لە تاریکایی شەودا نوقم بوون.

# خانمی فەروخ لەقا سەدرولدیوان گوڵچەهرە

فەروخ لەقا، تەمەنی پەنجاو یەک ساڵ بوو، بەڵام وەکو هەمیشە جوان و لەبار بوو، لەبەر هەیوانەکە لەسەر کورسییە فەرەحە ئەمریکاییەکەی، دانیشتبوو، خۆی دەکێشایەوە. ناوەڕاستی بەهار بوو، بۆنی نارنج ماڵەکەی تەنیبوو، فەروخ لەقا هەندێجار چاوانی دەنووقاندو بە هەست و نەستەوە خۆی دەدایە دەست ئەو بۆنە خۆشە. لای خۆیەوە تێدەفکری ئەگەر ئێستا باوکی نەمردایە بێگومان لە سووچێکی حەوشەکەدا دادەنیشت و خۆی بەگۆڕینی خاکی گوڵدانی گوڵە شەمعدانییەکانەوە خەریک دەکرد. دە ساڵێک بوو کە باوکی مردبوو کەچی دەتگوت دوێنی بووە. دوو ڕۆژ پێش مردنی گوتبووی:

کچێ، ئاگات لە خۆت بێت، من متمانەم بەم کابرایە نییە.

ئەمەی گوتبوو و پاش دوو ڕۆژ مردبوو. فەروخ لەقا، بۆ ساتێک بۆنی گوڵەکەی لەبیرکرد. یادی باوکی ئەوەندە بەهێز بوو هەموو شتێکی لەبیری دەبردەوە. بەدەست خۆی نەبوو بە دەستی ڕاستی دەمووچاوی دادەپۆشی. دەیەویست یادی ئەو مردووە لە خۆی دوور بخاتەوە. چونکە هەر کاتێک کە مردووەکە دەهاتە یادی خەمیش لەگەڵیدا دەهات. گوڵچەهرەی مێردی، لە ژوورەکەدا بوو، بەرانبەر بە ئاوێنە قەدییە بەردینەکە خەریکی بەستنی بۆینباخەکەی بوو. لە ئاوێنەکەدا، بەشێک لە حەوشەو بەرهەیوانەکەو کورسییەکەی فەروخ لەقا لە کاتێکدا کە هێواش هێواش خەریکی خۆکێشانەوەو تێفکرین بوو، لە ئەمەوە دیار بوون. گوڵچەهرە لە ئەنقەست خۆی لێ گیل کردبوو و درێژەی دابوو بەو ئیشە دوو دەقەییەو نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاندبوو تا بەبێ ئەوەی هەست بکات هەڵسوکەوتی ژنەکەی بخاتە ژێر چاودێرییەوە. پێی خۆش نەبوو ڕاستەوخۆ سەیری ژنەکەی بکات. هەر کاتیش کە ناچار لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبووەوە تەنیا ئەوەی لەدەست دەهات کە بزەی گاڵتە ئامێز ئاراستەی فەروخ بکات، ئەمەش بە دەست خۆی نەبوو. سەری لەوە دەرنەدەکرد لەبەر چییە کاتێک ڕاستەوخۆ سەیری ژنەکەی دەکات دڵی تژی دەبێت لە ڕق و قین. بەڵام کە لە ئەو دوور دەبوو یان وەکو ئەمجارە کە لە ئاوێنەکەدا بینی هەستیدەکرد خۆشی دەویست، زۆرتر لە هەموو کەس و هەموو شتێکی ئەم دنیایە بەڵام ئەو کاتە کە ناچار دەکرا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دانیشێ و سەیری بکات، قین و ڕقە کۆنەکەی دەهاتە دڵییەوە. هەستێکی کۆنی سی ساڵە بوو. فەروخ لەقا حەزی لێبوو خۆی بکێشێتەوە. لە خۆیەوە دەستەکانی بەهەر دوو لادا کردەوە، لەشی چەماندەوەو هەموو ماسوولکەکانی لەشی کشا، بەوە هەستی بەباشی دەکرد. لەناکاو (ڤیویان لی) هاتەوە یاد ئەکتەری فیلمی"لەگەڵ بادا چوو". ژنەکە لە دیمەنێکی فیلمەکەدا لە پێخەفەکەیدا بە هەمان شێوە خۆی کیشابۆوە. لەگەڵ ڤیویان لی- دا بەردەوام "فەخرەدین عێزەد"ی دەهاتەوە یاد. یەکەمین یادەوەریی لە میوانداریییەکەی شازادەدا بوو لە باخی (شەمیران) کە فەخرەدین تازە لە ئەمریکا گەڕابووەوە. ئەو فیلم و وێنانەی کە لە ئەمریکا گرتبوونی لەگەڵ خۆیدا هێنابوونییەوە بۆ ئەوەی پیشانی

میوانەکانی بدات وێنەکانی نیویۆرک، ئەو وێنە سەیروسەمەرانە، فەروخ لەقا دوایی سێ جار رۆیشتبوو بۆ نیویۆرک، بەڵام هیچکات هەستی بەو نیویۆرکە نەکردبوو کە لەو وێنانەدا دیبوونی. هەستی دەکرد کە گوڵچەهرە خەتابارە، حەزی دەکرد لەگەڵ فەخرەدیندا بڕوات و ئەو نیویۆرکە سەیرو سەمەرەیە ببینێت. بەڵام گوڵچەهرە، پیاوێک نەبوو کە بتوانێت ئەو نیویۆرکە پیشانی ئەم بدات. لە گەشتدا بۆ نیویۆرک ئەمە ببوو بە ئیش و کاری کە هەموو رۆژێک، سەعات نۆ بێتە خوارەوەو لە هۆڵی هۆتێلەکە دانیشێت نانی بەیانی بخوات. پاشان تەنیا شوێنی خۆی بگۆڕێ و لە هۆڵی ئوتێلەکەوە بچێتە ژووری حەوانەوەو لەسەر قەنەفەکەی گرمۆڵە بێت و هەندێ جاریش سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ تا ئەو کاتەی "ئینتیزامی" دێت و دەیانبات بۆ سینمایەک یان ریستۆرانتێک یان نادییەک.

گوڵچەهرە ئاخری کۆتایی بە بەستنی بۆینباخەکەی هێنابوو ئێستا بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی هەروا لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا ئێشک بگرێت. لای خۆی تێفکری کە ئەگەر ریشی بتاشێت لەوانەیە نیو سەعاتێکیتر کات بە فیڕوو بدات. رۆیشتە تەوالیتەکەو قاپێکی پڕ کرد لە ئاوی گەرم و بەفڵچەو مەعجونی ریش و بەرکۆشی تەراشەوە گەڕایەوە ژوورەکەو خۆی بەتەراشەوە خەریک کرد. فەروخ لەقا، بە ئارامییەوە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد تاکو گوڵچەهرە کۆتایی بە ئیشەکەی بێنێ و لە ماڵ بڕواتە دەرەوە. لە ڕاستیدا گوڵچەهرە پاش خانەنشینییەکەی هەموو رۆژێک دەمەو ئێواران دەڕۆیشتە دەرەوە بۆ پیاسە، یەک دوو سەعات دەڕۆیشتە کافتریایەکەوەو رۆژنامەی دەخوێندەوە، قاوەیەکی دەخواردەوەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و هەموو رۆژێک ژنە بەهێمنییەوە، چاوەڕێی رۆیشتنی ئەوی دەکرد بەڵکو ئەمیش هەناسەیەک بدات و بکەوێتە جووڵە. لەوکاتانەدا کە پیاوەکەی لە ماڵ دەبوو هێزو توانای لێدەبڕاو ناچار دەبوو لە سووچێکدا کزۆڵە بکات. سی و دوو ساڵی رەبەق بوو کە ئاوا بێ جووڵە دەژیا. فێری ماتی و بێدەنگیی ببوو. تەنیا ئەوەی دەزانی و بەهەست ئەوەی دەزانی کە لەگەڵ چوونە دەرەوەی گۆڵچەهرەدا چالاکی و شادمانی دێن. پێشان شادی زۆرتر بوو، چونکە بەهەرحاڵ گوڵچەهرە بەلای کەمەوە هەشت سەعات لە ماڵەوە نەبوو. هەرچەندە نیوەڕوان دەهاتەوە نانی نیوەڕۆی دەخواردو سەرخەوێکی دەشکاند. بەڵام ژنە جووڵەو هەوڵ و تەقەلایەکی زیاتری هەبوو. تەنانەت هەندێ جار گۆرانیشی دەگوت. پاش خانەنشینیەکەی ئەم خۆشی و شادییەی لێزەوت کردبوو. پیاوەکەی نەک زۆربەی کات لە ماڵەوە بوو بەڵکو زۆر زەحمەتیشی هەبوو بۆ ئەم. ئەو پیاوە تەنانەت بیری لەوە نەدەکردەوە کە خۆی بە گوڵ و گوڵدانەکانەوە خەریک بکات یان لق و پۆپی دار مێوەکە رێک و پێک بکات یان بیرێک لە ئاوێنەکاری دیوەخانەکەیان بکاتەوە کە خەریک بوو دابڕوخێتە خوارەوە. بەردەوام بە بیجامەوە لە سووچێکدا پاڵدەکەوت، لەسەر قەنەفە یان لەسەر کومبارەکە یان لەسەر عەردەکە زۆربەی کاتەکان دەخەوت یان بە گێڕانەوەی نوکتەی بێتام سەری دەکردە سەر فەروخ لەقا. ژنە گوتی:

- دەتوانی لە دەسشۆرەکە ریشت بتاشی، ئێستا هەموو قالییەکە تەڕ دەبێت.

گوڵچەهرە لە کاتێکدا فلچەکەی لە ئاوی قاپەکەدا دەسووڕاندەوە، لە شادمانیدا تەپەی دڵی هات و گوتی:

- خاتوون دەمت داخە.

فەروخ لەقا لێوی خۆی گەست و رووی بەرەو حەوشەکەیان وەرسووڕاند. تاقەتی وەڵامدانەوەی نەمابوو، هەرچەند وشەکان لە مێشکیدا هاتبوونە رادەی تەقینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک تاکو خۆیان وەدەر بخەن، بەڵام بێدەنگی هەڵبژارد. هەمدیسان فەخرەدین عیزەد هاتبوو. بەردەوام لەم کاتانەدا دەهات دەبووە رزگارکەر.

ئەو شەوە، لە یەکەمین شەوی ئاشناییاندا، فەخرەدین هاتبووە لای ئەممەوە. فەروخ لەقا لە ژێردار ئەکاکییەکەدا ڕاوەستابوو و فەخرەدین لە دوایەوە هاتبوو. یەکەمجار دەنگی هاتبووە گوێی کە دەیگوت:

- ڤیوبان لی.

فەروخ لەقا ئاوڕیدابۆوە. فەخرەدین سەیری کردبوو. لێوە پیاوانەکانی هێشتا لەبیر مابوو هەر چەند دواتر چەندین جار ئەو لێوانەی ماچ کردبوو، بەڵام ئەو یەکەمین یادەوەرییە، ئەو لێوە ئەستوور و گوماناویانە کە بەیەکەوە لکابوون ئەو لێوانەی کە وادیار بوو تەنیا بەو بۆنەیەوە بەیەکەوە لکابوون کە بریسکەی ئەو ددانە سەدەفیانە داپۆشێنن. ئەم پرسی بووی:

- من؟

فەخرەدین وەڵامی دابووەوە:

تۆ، لە خوشکە ناسک و خنجیلانەکەی ڤیوبان لی دەچیت، ئەم هەموو لێک چوونە سەیرە.

ژنە بەو خووەی کە لە دایکییەوە بۆی مابۆوە، ویستبووی سەری لەسەر شانی چەپیەوە وەرسووڕێنیت و بە قنگەچاو سەیری بکات. خۆی چاکی لێ دەزانی کە ئەم حاڵەتەی چەند لێ جوانە، بەڵام بەرلەوە کە تەنانەت سەری بەرەو لای شانی چەپی وەرسووڕێنێ شێرزە ببوو. لە چۆلەکەیەکی ترساوی دەکرد، فەخرەدین زەردەخەنەی بۆ کردبوو گوتبوی:

- فەروخ، بڕوا بکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر دەبیت، شتی وا چۆن دەبێت؟

هێشتا شێرزەییەکەی بەرانبەر بە ئەو مابوو، لەگەڵ ئەوەشدا توانیبووی سەری لەسەرشانی وەڕسووڕێنێت و بە قنگەچاو سەیری بکات و بڵێت:

- دە ساڵ دەبێ منت نەبینیوە.

- نەمبینیوی؟ چۆن نەمبینیوی؟

ژنە پرسی بووی:

- ئاخر لە کوێ منت بینیووە؟

لەو کاتەدا فەخرەدین چەندجارێ دەستی کوتابوو لەسەردڵی:

- لێرە، بۆ مێردت کرد؟

- نەدەبوو بیکەم؟

- دەبوو بتکردایە؟

ژنە حەپەسا بوو، هیچکات بەڵێنی بەو پیاوە نەدابوو کە ئەو چوو بۆ ئەمریکا ئەم تەنیا سیانزەساڵی تەمەن بوو. بیری نەبوو کە لەو کاتانەدا هەستێکی هەبووبێت بەرانبەر ئەو پیاوە. بەڵام لەو رۆژەدا، واتە لەو کاتەدا پێی وا بوو کە لە ڕاستییدا ڕەنگە هەستێکی هەبووبێت. بۆیە گوتبووی:

- ژیانە ئیتر، هەموو کچێ شوو دەکات.

- تۆش؟ چۆن دەکرێت کچێک بەم هەموو جوانییەوە شوو بکات؟ تۆ ئەسڵەن مافی مێرد کردنت نەبوو. دەبوو دەرفەتت بە هەموو خەڵکی ئەم دنیایە بدایە کە بێن و بتبینن. فەروخ لەقا پێکەنیبوو. پێکەنینێکی وردو بێبڕان لە ناخی دڵەوە. شێوازی قسەکردنی پیاوەکە پێکەنیناوی بوو، بەڵام بێگومان دەبوو پیاوەکە بەم پێکەنینە شەیتانییە لوول بێت، بەڵام لوول نەببوو، تەنیا تۆزێک لە ئەم نزیک ببۆوەو گوتبووی:

- بەردەوام جلی شین لەبەر بکە. زۆرت لێ جوانە.

لەو کاتەدا گوڵچەهرە لەوێدا قوت ببۆوە. باڵای تا لای شانی فەخرەدینیش نەدەگەیشت. بەو پێکەنینە تاڵ و سووتێنەرەی و بەو چاوە گوماناوییانەی چوار ساڵی ڕەبەق فەروخ لەقای ئازاردابوو. فەخرەدین گوتبووی:

- خەریک بووم باسی فیلمی "لەگەڵ بادا ڕۆیشت"م بۆ خانم دەکرد ئەم ڕۆژانەی دوایی پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بینیم، یەکەمین شەوەکانی پیشاندانی فیلمەکە بوو، نازانی چەند بەزەحمەت بلیتم دەسکەوت، لە پێنجی بەیانییەوە لەسەرەدا وەستام، خەریک بووم دەمگوت کە چەند لە ڤیوبان لی ئەکتەری فیلمەکە دەکات.

گوڵچەهرە تەنیا گوتبووی:

- سەیرە!

بزەکەی وەکو هەمیشە پڕ نەبوو لە گاڵتەپێکردن،  بەڵکو بزەیەک بوو پڕ لە هەستی خۆ بە کەمزانین، ئەوەندە بەویژدان بوو کە بزانێت لە بەرامبەر فەخرەدیندا هیچ نییە. فەخرەدین گوتبووی:

- ئەگەر فیلمەکەیان هێنایە ئێرە بێگومان دەبێ بچی بیبینی، گەورەترین شاکاری سینەمایە، تاکو ئەمڕۆ فیلمێکی وا پڕ خەرجییان دروست نەکردووە.

شەو بە ئۆتۆمبێلەکەی مامی هاتبوونەوە. گوڵچەهرە هەموو کاتەکە وەکو ڕێزێک بۆ مامی بێدەنگ دانیشتبوو. لەسەری کۆڵانەکە بە ڕێزەوە ماڵئاواییان کردبوو و هێواش هێواش شان بەشانی یەکتر بەرەو ماڵ ڕۆیشتبوون، بە درێژایی کاتەکە فەروخ لەقا بیری لە سەعاتی دوای ئەوە کردبۆوە کە مێردەکەی دەخەوێت و ئەم پێش خەوتنی ماوەیەکی زۆر بۆ خۆی بیر دەکاتەوە. گوڵچەهرە شەوەکەی بە تەواوی لە ئەم تێک دابوو، بەڵام گوڵچەهرە لەسەری کۆڵانەکەوە دەستی کردبوو بە توانج دان. لە بارەی فیلمە پووچ و بێماناکانی "بۆرەپیاوەکە" و وێنە نەفرەتییەکانی و ئەو کڵاوە قەشمەرییەوە کە لەگەڵ خۆی هێنابووی و یەک بەیەک لەسەر هەمووانی کردبوو و ئەوانیش وێنەیان پێوە گرتبوو، قسەی کرد تەنانەت شاژنیش بەو کڵاوەوە وێنەی گرتبوو، فەروخیش بە ڕقێکەوە هەر بە قورگ گوتبووی:

- دەمت داخە.

وەک ئەوەی "وشەکە" تەنیا سوودی ئەوە بووبێ گوڵچەهرە ئاراستەی قسەکەی بگۆڕێت. ئێستا ئیدی (بۆرەپیاو) وازی لە ڕێگاکە هێنابوو و بەجلی شینی ئەو ژنەوە نووسابوو کە چەند ناشیرین و کارەکەرانەیە، کە وا هەمووانی تێک دابوو خەریک بوو دەرشانەوە. پاشان لە درێژەی قسەکانیدا ڕۆیشتبوو لە ژێرزەمینەکە شووتییەکی هێنابوو و سەعات دووی شەو دەستی کردبوو بە شووتی خواردن و بە زۆر دەرخواردی فەروخ لەقاشی دابوو کە ئەو هەموو ماوەیە تەنیا لە چاوەڕوانیی نیو سەعات خەیاڵپڵاوی پێش خەوتن هەموو ئەو قسەقۆڕانەی تەحەمول کردبوو.

ئەوسا سەعات سێی بەیانی ئاخری خۆی کردبوو بە پێخەفەکەیدا هەڵبەتە پێش نووستنیش دەیەویست ئەرکی ژن و مێردایەتی جێبەجێ بکات.

ژنە تەحەمولی ئەمەشی کردبوو، ئیتر ئەو دەمە سەعات چواری بەیانی بوو کابرا بڕیاری دابوو بچێتە حەمام و بێتەوەو نوێژی بەیانیشی بکات. ئەو کارەی هەندێ جار دەیکرد.

لەو شەوەوە دڵی فەروخ لەقا پڕبوو لە نەفرەت و مایەوەو بوو بەهەتا هەتایی.

گوڵچەهرە ڕیش تاشینەکەی تەواو کردبوو. ئێستا بە دڵنیاییەوە کەلوپەلی تەراشکردنەکەی کۆ دەکردەوە. خۆیشی نەیدەزانی کە ئەو ڕۆژە بۆ ئاوا درێژە دەدایە. دەتگوت چاوەڕوانی شتێکە. دیار بوو کە بڕیارە شتێک

روو بدات، بەڵام خۆیشی نەیدەزانی چ ڕووداوێکە. لە زەنگیان دابوو و "موسەیب" بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتبوو. فەروخ لەقا لە موسەیبی دەڕوانی و بە سەبرەوە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بزانێت کێ هاتووەو چیی دەوێت. گوڵچەهرە هاتبووە بەر هەیوان و دوو هەنگاو لە دوای فەروخەوە ڕاوەستا بوو. فەروخ لەقا بۆ ساتێک وەرسووڕاو سەیری کرد. تەنیا یەک نیگا بەس بوو بۆ ئەوەی هەردووکیان ڕق و کینەیان بیر بکەوێتەوە، لەناکاو گوڵچەهرە بێ هیچ پێشەکییەک گوتبووی:

مانگێکی تر پەنجاو یەک ساڵ تەواو دەکەیت، ئیتر گەیشتیتە تەمەنی نائومێدیی لووتبەرز گیان.

فەروخ لەقا بێدەنگ سەیری دەکرد. بزەی کابرا وەکو هەمیشە ئازاری دەدا. لە ئاکامدا گوتی:

- گوێ بگرە (سەدری) ئەگەر پێتوایە تەنیا یەک چرکەش تاقەتی گاڵتەکردنم هەیە، نیمە.

- گاڵتەم نەکرد گیانەکەم تەمەنی نائومێدیی خۆ گاڵتە نییە.

فەروخ لەقا هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵکێشاو دووبارە لە دەرگاکە ڕاما. ڕۆژنامەفرۆشەکە بوو. موسەیب بە ڕۆژنامەوە هاتەوە. هەر لە حەوشەوە ڕۆژنامەکەی لەبەر پێی فەروخدا داناو گوتی کە دەیەوێت بچێت بۆ کەرەج بۆ میوانییەکەی ڕۆژی هەینی گۆشت لە نەسروڵڵا خان بکڕێت. فەروخ لەقا گوتی: - بریا ئێمەش لە کەرەج، باخێکمان هەبووایە.

گوڵچەهرە وەڵامی دایەوە:

ئێستا پاش ئەوەی گەیشتوویتەتە تەمەنی نائومێدیی پێتوایە ئەوەندە دڵ و دەروونت  بۆ ماوەتەوە کە چێژ لە باخ ببینیت؟

فەروخ لەقا هەروا کە خەریکی سەیرکردنی یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بوو، گوتی:

- ئێستا لەم تەمەنەدا حەزت لە زەنگوڵەی پێچکەی دارەمەیتە (مەرگت نزیک بۆتەوە)  وا ئەم قسە قۆڕانە دەکەی؟

- لەوانەیە هەر بە ڕاستی حەزم لە زەنگوڵەی پێچکەی دارەمەیت بێت، بەڵام لەگەڵ شابانودا چیتر دەستنادات.

فەروخ لەقا گوتی:

- باشە دەی بڕۆ بۆ خۆت کچە کارەکەرێک پەیدا بکە، بێگومان لەبێخدا تۆ تەبیعەتت سووکە.

فەروخ بێئەوەی گوێی پێبدات دەستیکرد بە خوێندنەوە رۆژنامەکە، گوڵچەهرە دەستی بەرزکردەوەو رۆژنامەکەی گرت. ژنە رۆژنامەکەی دایەو هەمدیسان لە حەوشەکە راما. موسەییب قەمسەڵەی لەبەرکردبوو و پێڵاوی کردبووە پێ خەریک بوو بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشت، کە گەیشتە بەرحەوزەکە پرسی:

- شتێکی تریشت دەوێت؟

ژنە گوتی:

- ئەگەر چوالە بایامیشت دەستت کەوت بیکڕە.

موسەیب وەڵامی نەدابۆوەو بەرەو دەرگاکە رۆیشتبوو. گوڵچەهرە لەسەر سەکۆی پەنجەرە کراوەکە دانیشتبوو و لە رۆژنامەکە رامابوو. فەروخ لەقا لای خۆیەوە تێفکری.

- خودایە بۆ ناڕوات؟

حەزی دەکرد درێژە بە خەیاڵ پلاوییەکانی بدات. ئەو رۆژەی بیر کەوتبۆوە کە دەبوو بچن ژنە ئەمریکاییەکەی فەخرەدین ببینن. ژنە شەش مانگ دوای مێردەکەی لەگەڵ دوو کوڕەکەیان (تیدی) و (جیمی) هاتبوو. لەو کاتەدا ئەم دوو نێوەی چەند بەلاوە سەیر بوو. بیری نەدەچۆوە کە لەو رۆژەدا چەند تووشی دڵەڕاوکێ ببوو. قژی نیگرۆ کردبوو. جلی سپی گوڵ شینی لەبەر کردبوو و هەروا کە گوڵچەهرە بە گاڵتەپێکردنەوە بزەی دەهاتێ ئەساسی لە دەم و چاوی دابوو و سووراوی کردبوو و لە سەرو قژی رامابوو. کاتێکی زۆری بەفێڕو دابوو بۆ ئەوەی خەتی گۆرەوییە (کایزەر)ەکەی رێک و ساف بوەستێ. پاشان لەدوا ساتدا بەرامبەر ئاوێنەکە سووڕابووەوە، هەموو شتێک لەبەرچاوی باش بوو، بەڵام هێشتا ژنەکەی نەبینیبوو، تا ئەو کاتە ژنی ئەمریکایی نەبینیبوو. بەڵام بەهەرحاڵ خۆ فیلمی (لەگەڵ بادا رۆیشت)ی بینیبوو، ماوەیەکی زۆر خۆی لەگەڵ "ڤیویان لێ"دا بەراورد کردبوو. بەرانبەر بەو ئەکتەرە کورتی نەدەهێنا هەرچەندە لە نێوان ئەوو خۆیدا لێکچوونێکی واشی نەدەدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مادەم فەخرەدین گوتبوی لە یەک دەچن، کەواتە لە یەک دەچوون.

رۆیشتبوون بۆ مالی (سارەم میرزا). فەخرەدین و ژنەکەی تا ئامادەبوونی بیناکەیان لەباکووری باخەکە لەوێ دەژیان.

ژنە ئەمریکاییەکە، لەبەر دەرگا گەورەکەی ژووری میوانەکەدا وەستابوو تەوقەی لەگەڵ هەمووان دەکرد. نەیدەتوانی لەگەڵ کەسدا بدوێت، تەنیا بزەی دەهاتێ، ژنێکی لەڕادەبەدر درێژ، بەقژێکی زەردو دەستی دەماراویی و کونجەوە. چاوەکانی ئەوەندە زوڵاڵ و روون بوون کە دەکرا بڵێی رەنگیان هەر نییە، کە جوان سەیرت دەکرد چاوەکانی شین بوون، بەڵام شینێکی لەڕادەبەدەر روون. بەهەرحاڵ شین بوون و دیاریش بوو کە

فەخرەدین حەزی لەڕەنگی شینە. فەروخ لەقا تەوقەی لەگەڵ کردبوو و خۆی کردبوو بەژوورا. تۆزێک لە پێشترەوە ئاوێنەیەکی باڵانمایان دانابوو، بەرانبەری راوەستابوو تا سەیری خۆی بکات. تاوێک لەچاوە رەشەکانی رامابوو پاشان سەیری گوڵە شینەکانی جلەکەی کردبوو. پاشان دیمەنی فەخرەدینی لە ئاوێنەکەدا دیبوو و بەهەمان شێوە لەئاوێنەکەدا پرسی بووی:

- بۆچی شووت کرد؟

زۆر ساکارانە هەمان پرسیاری کردبوو کە لەخۆشیان پرسیبوو، بەڵام چ کاریگەرییەکی سەیری لەسەر دانابوو. پیاوەکە لەئاوێنەدا لەم رامابوو، ئێستا وا بەخەیاڵی فەروخ لەقادا هات کە رەنگی بەڕووەوە نەمابوو. گوتبووی:

- چەند جلوبەرگی سپی و گوڵ شینت لێدێت.

پاشان خێرا بەرەو لای ژنەکەی رۆیشتبوو، شەو، سەراپای ئەو شەوە، هەمیشە لە پڕ لەتەنیشتی یەکەوە بوون. دەتگوت هێزێک ئەو دوو کەسە بەرەو یەکتر رادەکێشێت.

پاش ساڵانێک لەبەرهەیوانی باخی شازادەدا بەسەرهاتی ئەو شەوەی خۆیانی بۆ عادیلە رەفعەت گێڕابۆوە. عادیلە ژنێکی باش بوو. هەوڵی دابوو لەو بەسەرهاتەی ئەوان تێبگات. ئەو مافەی بەفەروخ دابوو رێزی لەو ئەوینە گرتبوو. نەفرەتی لەهەڵسووکەوتەکانی گوڵچەهرە کردبوو. لەو کاتەدا کچە گەورەکەی فەروخ لەقا شان بەشانی کوڕەکەی عادیلەخان لەباخدا پیاسەیان دەکرد، هەنێ پڕوپاگەندەیان سەبارەت بەئەوان بڵاو کردبووەوە فەروخیش بەسەرهاتی نێوان شازادەو عادیلەی دەزانی. بەجۆرێک چیرۆکی خۆی بۆ عادیلە گێڕابووەوە کە ئەویش بێتە قسان. هەر وایشی لێ هات و عادیلە بەدەم گریانەوە زۆر شتی درکاندبوو. ئەو دوو ژنە لەڕادە بەدەر ببوونە هاوڕێی یەکتر و فەروخ گوتبوی:

- هەشت ساڵی خایاند، هەشت ساڵی سەیر.

عادیلەش گوتبوی:

- کەوایە بەدرێژایی ساڵانی شەڕ تۆ عاشق بوویت. خۆزگەم بەخۆت.

فەروخ لەقا هەر دوو دەستی خستە پشت سەرییەوە، دیسان خەریکبوو باوێشکی دەدا. بەدەنگی بەرز گوتبوی:

- هەشت ساڵی شەڕ.

گوڵچەهرە بێ هیچ هۆکارێک خەریک بوو تووڕە دەبوو، لەناکاو پرسی:

- ئەریٚ کاتێک ژنێک دەگاتە تەمەنی نائومێدیی و ئیتر سک ناکات هەستیشی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؟

- نازانم سەدری.

گوڵچەهرە گوتی:

- دەبێ وابێت، بێگومان لەبەر ئەوەیە کە پیاو بۆی هەیە چەند ژنێک بێنێ. بێگومان بۆ ئەوەی  ناچار نەبێ تەحەمولی نائومێدێک لە پێخەفەکەیدا بکات.

- لەوانەیە.

گوڵچەهرە خەریک بوو بیری لەو ژنە داماوە دەکردەوە کە ناچاربوو تەحەمولی نێوی فەروخ لەقا بکات. مەبەستی لەساڵەکانی شەڕ بوو، مەبەستی ژنێکی پۆڵۆنی بوو کە فارسی نەدەزانی و گوڵچەهرە بە فەروخ لەقا بانگی دەکردو ژنە پێدەکەنی. نەیدەتوانی بەدروستی ناوەکەی بڵێت و بەلایەوە ناوێکی پێکەنین هێنەر بوو. کە شەڕ کۆتایی پێهاتبوو ژنە گوتبوی:

- فەروخ لەقا گەڕایەوە بۆ ئەوروپا.

پێکەنیبوو. حەفتەی دوای ئەوە دەرگای ماڵەکەی داخرابوو. گوڵچەهرە پرسی:

- ئەگەر ژن بێنم ، تۆ زۆر لێم تووڕە دەبیت!

فەروخ لەقا وەڵامی نەدایەوە. هەمدیسان سەیری باخچەکەی کرد. دوا نیگای فەخرەدینی هاتەوە یاد. لەماڵی ئەوان بوون. لەژوورێکدا دەرگاکەی داخرابوو پەردەکانی دادرابۆوە. ژوورەکە تاریک بوو. چاوەکانی فەخرەدین لەو تاریکییەدا دەدرەوشانەوە. فەخرەدین گوتبوی:

- دەبێ بڕۆم، دەبێ بڕۆم و ئیش وکاری مناڵەکانم جێبەجێ بکەم.

فەروخ لەقا دابوویە پرمەی گریان، فەخرەدین گوتبوی:

- دەگەڕێمەوە، بەڵێن دەدەم.

کە شەڕ کۆتایی هاتبوو ژنە ئەمریکاییەکە لەگەڵ تیدی و جیمی گەڕابۆوە. تارادەیەک وەکو شێتێک گەڕابۆوە. سەرەتا شەوێک لەمیوانیەکدا هاواری کردبوو:

- ئێوە هەمووتان شێتن.

ڕەنگە بەهۆی ویسکی خواردنەوەیەوە بووبێ. یان ئەو ژنە ئیتر تاقەتی نەمابوو، چونکە پاش دە ڕۆژ دەستی منداڵەکانی گرتبوو و گەڕابۆوە بۆ ئەمریکا.

فەروخ لەقا نەیدەزانی لەبەرچی بەڵام لەدڵەوە هەستی دەکرد فەخرەدین ناگەڕێتەوە. نەگەڕابۆوە. پاش پێنج مانگ بەڕووداوی ئۆتۆمبێل مردبوو. فەروخ مابۆوە، لەگەڵ حەوزەکەی و گوڵچەهرەدا. منداڵیشیان هەبوو، بەڵام ئەوان بۆخۆیان دەژیان. وا بەخێرایی گەورە دەبوون و دەڕۆیشتن کە دەتگوت هەرگیز نەهاتوونەتە ئەم دنیایە تاکو هەست بەهەبوونیان بکات.

گوڵچەهرە ڕۆژنامەکەی تەواوکردبوو. قەدی کردبوو و لەبەردەستیدا دایناببوو چاوەڕێی دەکرد ژنە ڕۆژنامەکە داوا بکات بۆ ئەوەی شتێک سەبارەت بە تەمەنی نائومێدیی بڵێت. لەڕاستیدا ئەمە سێهەم ڕۆژ بوو کە ئەم وشەیەی دۆزیبۆوە، هەستی دەکرد پیس ژنە ئازار دەدات. بەڵام ژنە هیچی نەدەگوت و گوڵچەهرە بێتاقەت دەبوو، لەئاکامدا پرسی:

- ڕۆژنامەکەت ناوێ؟

ژنە بێ قسە، دەستی درێژ کرد، گوڵچەهرە ڕۆژنامەکەی دا بەدەستییەوە. ژنە ڕۆژنامەکەی وەرگرت و جگەرەیەکی لەبەر پێیدا هەڵگرت و دایگیرساند. گوڵچەهرە گوتی:

- نابێ جگەرە بکێشی، لەم تەمەنەداو لەم نائومێدییەدا تەواو بەدبەخت دەبیت.

ژنە پرسی:

- بۆ ناڕۆیتە دەرێ و تۆزێک پیاسە بکەیت؟ هەموو ڕۆژێک دەڕۆیشتی؟

گوڵچەهرە گوتی:

- لەوانەیە ئەمڕۆ حەزم لەوە نەبێ بڕۆم.

ژنە لەپرسیارەکەی پەشیمان ببۆوە. چاکی دەزانی ئەگەر هەستی بەوە بکردایە کە ژنە بەڕۆیشتنە دەرەوەی خۆشحاڵ دەبێت بێگومان لەمەودوا ناڕوات. گوتی:

- وایە، چاکترە لێرە بمێنیتەوە.

گوڵچەهرە گوتی:

- کەوایە ئێستا دەڕۆم.

هەڵسا بەڵام نەیدەزانی بۆ دەبێت بمینێتەوە، وادیار بوو بڕیارە شتێک ڕوودات. لەخۆیەوە هات و بەرانبەر ژنە ڕاوەستا. بۆ ساتێک بیری کردەوە لەوانەیە پاش سێ و دووساڵ ئیتر پێویست نەکات بەو شێوەیە بەو زەدەخەنەیەوە سەیری ژنەکەی بکات. لەڕاستیدا ماوەیەک بوو تێگەیشتبوو کە ئەو بزەیە بەرانبەر بەجوانیی بێهاوتای ژنەکەی حەسارێکی خۆکرد بوو. دەیزانی ئەگەر بەو شێوەیە زەردەخەی بۆ نەکات، ئەگەر هەمیشە ئاوا زەردەخەنەی بۆ نەکردایە، تا ئەوکاتە بۆ فەروخ لەقا مردبوو. دەیزانی تەنانەت بۆ یەک جاریش نابێت ژنەکەی تێبگات تا چ ڕادەیەک ئەم حەزی لێیەتی و تا چەند خۆشی ویستووە. بەڵام لەو کاتەدا لەناکاو مەیلی بۆی جووڵا بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد کاتێ پێی دەوت فەروخ لەقا یەک جار بەوچاوە سەیری بکات کە لەژنە پۆڵۆنییەکەی ڕوانیبوو. لەڕاستیدا ئێستا ژنەکەی لەتەمەنی نائومێدییدا بوو، ئیتر چاوەکانی ئەو هەستە سەر شێتەی جارانیان نەمابوو. ئیتر شەوان خەونی نەدەدی، خێرا خەوی لێدەکەوت، تەنانەت هەندێ جاریش دەیپرخاند. ڕەنگە ئێستا پێی بکرایە ئاسایی سەیری بکات، بەبێ بزەی قەشمەری پێکردنەوە.

گوڵچەهرە هات و بەرانبەر بەفەروخ لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستاو گوتی: - - - فەروخ لەقا گیان.

ژنە لەرزی. هیچکات ئاوا بانگی نەکردبوو. بەردەوام دەیگوت"فەروخ" و ئەو بزەیەشی لەگەڵدا ئاراستە کردبوو. ژن سەری بەرز کردەوە. گاڵتەجاڕیی لەچاوانی مێردەکەیدا نەبوو. بەمیهرەبانییەوە سەیری ژنەی دەکرد. فەروخ لەقا زۆر ترسابوو. دڵنیابوو کابرا خەیاڵێکی لەسەردایە. لای خۆیەوە تێفکری. "نەکا بمکوژێت" لەوانەبوو تەنیا غەریزەی کاری کردبێ، بۆکسێکی قایمی سرەواندە سکی گوڵچەهرە. سکی پیاوەکەی وەک لۆکە وابوو، بەرگەی بۆکسی وای نەدەگرت. دەتگوت خراپ وەستاوە، چونکە لەسەر پێی چەپی لەتری دا. ویستی شوێنی پێی بگۆڕێت هاوسەنگی خۆی لەدەستدا بەسەرا لەپلیکانەکانەوە کەوتە خوارەوە. فەروخ لەقا، تاوێک لەبەر کورسییەکەدا ڕاوەستا، زاتی نەدەکرد سەیری خوارووی پلیکانەکان بکات. پیاوەکە نووزەی لێبڕابوو.

سێ مانگ دوای ئەوە فەروخ لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، بەجل و بەرگی ڕەشەوە، داکەوتبوو. ئیتر حەزی لەماڵەکەش نەبوو. موسەییب پەیامێکی لەجەنابی ئیستواری واتە خاوەن نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووەوە هێنابوو کە ئەگەر خاتوون بیەوێت خانووەکەی بفرۆشێت، با ئیستواری لەبیر نەکات. فەروخ لەقایش بێئەوە بیری لێبکاتەوە هاتبوو بەدەمیاو بەموسەییبی گوتبوو بەئیستواری بڵێت خانووەکە دەفرۆشێت بەمەرجی کڕینی باخێک لەکەرەج. ئیستواریش، کەوتە گەڕان بۆ دەستخستنی باخێک.

باخێک دەسکەوتبوو، سەوزی سەوز، لەکەناری ڕووبار.

خانمی فەروخ لەقا سەدرولدیوان گوڵچەهرە، باخەکەی کڕی. خانووەکەی فرۆشت و بڕیاریدا کەلوپەلی ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ کەرەج.

# زەڕین کڵاو

زەڕین کڵاو کە تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو قەحبە بوو، لەگەڕەکی (شاری نوێ) ئیشی دەکرد. لەماڵی "ئەکرەم تەڵا"دا. ئەکرەم حەوت ددانی زێڕی هەبوو. هەر لەبەرئەوە بوو کە هەندێ کەس بە"ئەکرەم حەوتی" بانگیان دەکرد.

زەڕین کڵاو هەر لەمنداڵییەوە لەو ماڵەدا بوو. لەسەرەتاوە هەموو ڕۆژو شەوێک نزیکەی سێ یان چوار مشتەریی هەبوو. لەبیست و شەش ساڵیدا مشتەرییەکانی گەیشتبوونە بیست کەس و هەندێکجاریش بیست و پێنج و جار جاریش دەگەیشتنە سی کەس.

زەڕین کڵاو لەژێر فشاری ئەو ئیشەدا ماندوو ببوو. چەندین جار لای ئەکرەم سکاڵای کردبوو، سەرەتا بەبۆڵە بۆڵ وەڵام درابۆوە، ئاخری دارکارییان کرد ئیتر دەمی داخست و هیچی نەگوت.

زەڕین کڵاو، ژنێکی چوست و چالاک و شاد بوو. هەمیشە وابوو. چ ئەوکاتانەی کە سێ یان چوار مشتەریی هەبوو، چ ئێستا کە دەبوو تا سی مشتەریی بەڕێ بکردایە. هەمیشە چوست و چالاک و شاد بوو، سکاڵاکانیشی بە تام و چێژی گاڵتەئامێزەوە دەردەبڕی. ژنانی ئەوێ هەموویان خۆشیان دەویست. نیوەڕۆیان کاتێک پێکەوە نانیان دەخوارد، زەڕین کڵاو گاڵتەو پێکەنینی دەست پێدەکردو لەدەوری خوانەکە بەنازو خەمزەوە سەمای دەکرد و ئەو ژنانە لە پێکەنینا دەتریقانەوە.

چەند جار ویستبووی لەو ماڵە بڕوات، بەڵام ژنەکان بەریان پێگرتبوو و نەیانهێشتبوو. دەیانگوت ئەگەر زەڕی بڕوات ماڵەکە خامۆش دەبێ و کوێر دەبێتەوە. ڕەنگە هەر ئەم ژنانەیش ئەکرەم حەوتی- یان هاندابێ کە لێی بدات. لەڕاستیدا زەڕین کڵاویش مەبەستی نەبوو بڕوات چونکە ئەگەر لەو ماڵە بڕۆیشتایە ناچار دەبوو ڕاست بڕواتە ماڵێکی تر بۆ هەمان کار. جارێکیان لەنۆزدە ساڵاندا دەیتوانی بڕوات چونکە داواکارێکی پەیدا کردبوو. کرێکارێکی هەلپەرست کە خەونی بەوەستاییەوە دەبینی و پێویستی بەژنێکی بەگوڕو چالاک بوو. لەچارەڕەشیاندا پێش ئەوەی بڕیار بدەن سەری کابرای کرێکار لەشەڕێکدا بەخاکەناز کرا بەدوو لەتەوە. زەڕین کڵاو جارجار نارەزایەتی دەردەبڕی بەڵام لەڕاستیدا ئیتر چارەنووسی خۆی قبووڵ کردبوو، بەڵام ئێستا نزیکەی شەش مانگێک دەبوو کە ئیتر مێشکی چاک ئیشی نەدەکرد.

کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد کە بەیانییەکی ڕۆژی شەممە، هەرکە لەخەو هەڵسا، تۆزێک ئاوی خواردەوەو خۆی ئامادە کرد کە بڕوات بۆ خواردنی نانی بەیانی کە ئەکرەم حەوتی هاواری لێ بەرز بووەوە:

- زەڕی مشتەری هاتووەو زۆری پەلەیە.

بەیانیان زوو هەمیشە مشتەری کەم بوو. زۆریش کەم، مەگەر ئەوانەی کە شەو مابوونەوەو بەیانانیان هەوەسێک لەسەری دەدان. زەڕین کڵاو ئەو بەیانی شەممەیە لای خۆیەوە تێفکری، " دەی ڤیروسیا کە مشتەری هاتووە، هاتووە چاوی دەرێ. " پێی خۆش بوو کە بەهاوارەوە ئەم قسانە بکات، بەڵام لەجیاتی ئەم ئەکرەم حەوتی هاواری کرد:

- زەری لەگەڵ تۆمە، دەڵێم مشتەری هاتووە.

زەڕین کڵاو وازی لەخواردنی نانی بەیانی هێنا، واتە تەنیا لەو کاتەدا، بەرق و کینەوە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشاو لنگی کردەوە.

پاشان مشتەرییەکە خۆی کرد بەژوورا. پیاوێکی بێسەر بوو. زەڕین کڵاو تەنانەت زاتی نەکرد ڤیژەیەکیش بکات. مشتەری بێسەر کاری خۆی کردبوو و رۆیشتبوو.

لەو رۆژەوە هەموو مشتەرییەکان بێسەر بوون. زەڕین کڵاو زاتی نەدەکرد لەگەڵ کەسدا باس لەو رووداوە بکات، لەوانە بوو پێی بڵێن کە جنۆکە دەستی لێوەشاندووە.

هەواڵی ژنێکی هەبوو کە جنۆکە دەستی لێوەشاندبوو و هەموو شەوێک لەسەعات هەشتدا، دەستی دەکرد بەڤیژە ڤیژ. ئەو سەعاتە کاتی هێرشی جنۆکەکان بوو ئەمە چەند بەیانییەک مشتەرییەکانی لەو ماڵە دوور خستبۆوە تا ئاخری ژنەیان لەو ماڵە دەرکردبوو.

زەڕین کڵاو لەبەر ئەوەی وەکو ئەو ژنە هەموو شەوێک دەست نەکاتە ڤیژە ڤیژ، هاتە سەر ئەو رایە کە هەموو شەوێک لە سەعات هەشتدا گۆرانی بچڕێت. شەش مانگێ بوو کە ئەمە هەڵسوکەوتی بوو. ڤیژە ڤیژەکانی کردبووە گۆرانی و دەیگوتەوە، لەبەختی رەشی دەنگی نێرو ناخۆش بوو. تارژەنێک گوتبوی:

- پەتیارە تۆ تەنانەت نیو تۆنیش دەنگت نییە، مێشکت بردین.

پاش ئەم قسەیە هەموو شەوێک دەرۆیشتە ژێرزەمینەکە لەوێ نزیکەی نیو سەعاتێک گۆرانی دەگوت و دواتر دەگەڕایەوە ژوورێ، ئەکرەم حەوتی خۆی لەمە گێل کرد، چونکە ژنە هەموو رۆژێک سی کەسی بەڕێدەکرد و چالاک و شادمانیش بوو. هەمیشە وابوو.

دواتر کچێکیان هێنایە ئەو ماڵە کچە پازدە ساڵان و زۆریش شەرمن بوو.

زەڕین کڵاو رۆژێک کچەی بردە ژووری خۆی و گوتی:

**- کچۆڵە من دەبێ شتێک بەتۆ بڵێم، هەر دەبێ بەکەسێکی بڵێم، دەترسم لەئاکامدا شێت ببم، نهێنییەکم لەدڵدایە کە خەریکە ماڵوێرانم دەکات.**

**کچە گوتی:**

**- بێگومان هەموو کەسێک دەبێ رازی خۆی بەخەڵک بڵێت. دایە گەورەم دەیگوت:**

**- بەستەزمانە حەزرەتی عەلی کە نەیدەتوانیوە لەگەڵ خەڵکدا قسە بکات، لەبیابانەکان سەری کردۆتە ناو بیرێک و قسەی دڵی خۆی بۆ بیرەکە کردووە.**

**زەڕین کڵاو گوتی:**

**- بەڵێ وایە، ئێستا بەتۆی دەڵێم. من هەموو کەسێک بەبێسەر دەبینم، دیارە ژنان نا، تەنیا پیاوان. هەموویان بێسەرن. سەریان پێوە نییە.**

**کچە بەدڵنەرمییەوە گوێی بۆ شل کردبوو. گوتی:**

**- بەڕاستی هەموویان بێسەر دەبینی؟**

**زەڕین کڵاو گوتی:**

**- بەڵێ.**

**کچ گوتی:**

**- دەی رەنگە هەر سەریان نەبێت.**

**زەڕین کڵاو گوتی:**

**- ئەگەر بەڕاستی سەریان نەبوایە دەبوو ژنەکانی تریش هەستیان پێبکردایە.**

**کچ گوتی:**

**- ڕاست دەکەی وەڵڵا. بەڵام لەوانەیە ئەوانیش بەبێسەر بیانبینن و وەکو تۆ زات نەکەن بیدرکێنن.**

**لەم رووەوە ڕێکەوتن کە هەر کات زەڕین کڵاو پیاوانی بەبێسەر بینی، ئاماژە بۆ کچەکە بکات و کچەش ئەگەر ئەوانی بەبێسەر بینی ئاماژە بۆ زەڕین کڵاو بکات.**

**زەڕین کڵاو هەموو پیاوێکی بەبێسەر دەبینی و کچە بەسەرەوە. رۆژی دوایی کچە گوتی:**

زەڕین کڵاو دەبێ نوێژێک بکەیت، نەزرێک بکەیت، لەوانەیە ئیتر بتوانیت سەری پیاوان ببینی.

زەڕین کڵاو دوو ڕۆژ مۆڵەتی لەئەکرەم حەوتی وەرگرت. هەستاو چوو بۆ حەمامێکی گەڕەک. بەپێچەوانەی پێشترەوە نەڕۆیشتە حەمامی گشتی تاکو لەگەڵ ژناندا بدوێت و گاڵتە بکات، چوو بۆ حەمامی نمرە. بانگی ناتری بەکرێ گرت سەرتاپای شۆرد. بەناترەکەی وت سێ دەست لفکەی لێبدات. ناتری داماو وا ماندوو ببوو هەناسەی لێبڕابوو. وای لەزەڕین کڵاو کردبوو کە لەهەموو کونولەکانی گیانییەوە خوێن هاتبووە دەرەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا زەڕین کڵاو هێشتا پێی وابوو بۆ نوێژکردن خاوێن نەبۆتەوە. لەئەنجامدا ناترەکە دابوویە پرمەی گریان و گوتبوی:

- ئەی ژنی نەگبەت، وا دیارە خەریکی شێت دەبیت.

زەڕین کڵاو پارەیەکی باشی دابووە ناترەکە بۆ ئەوەی ئەم نهێنییە لای کەس نەدرکێنێت و تکای لێکردبوو کە فێری لەشپیسی دەرکردنیشی بکات و ناترەکە فێری کردبوو.

کە ناترەکە ڕۆیشت، زەڕین کڵاو پەنجا جار لەشپیسی دەرکرد. هەموو گیانی بەهۆی ئەو لفکە لێدانەوە دەسووتایەوە.

ئێستا دەیەویست جلوبەرگ لەبەر بکات و بڕوات بۆ مەزاری شابدولعەزیم، بەڵام لەناکاو حەزی کردبوو کە کڕنوش ببات. بیری کردەوە وەکو خۆی ڕووت و قووت نوێژێک بکات، بەڵام نوێژی نەدەزانی. بیری کردەوە کە چ کێشەیەکی تێدایە، ئەگەر حەزرەتی عەلی تا ئەو ڕادەیە خەمی خواردووە بڕوات و لەبیابانێکدا دەردەدڵ بۆ بیرێک بکات، ئەمیش زکری حەزرەتی عەلی دەکات.

هەروا ڕووت و قووت، کڕنووشی برد. دەیگوت:

- عەلی، عەلی، عەلی، عەلی، عەلی، عەلی، عەلی، عەلی، عەلی ...

هەروا کە دەیگوت دای لەپرمەی گریان. دەگریاو بانگی لەعەلی دەکرد.

لەدەرگایان دەدا، دەرگاکەیان داگرتبۆوە. لەحاڵەتی نەشئە ببۆوە. ڕۆیشتە لای دەرگاکەو بەدەم گریانەوە پرسیاری کرد:

- کێیە؟

حەمامچییەکە بوو. گوتی دەیانەوێت دەرگای حەمامەکە دابخەن.

زەڕین کڵاو جلوبەرگی خاوێنی لەبەرکردو جلە پیسەکانی بەخشی بەناترەکە. بەپێ بەڕێکەوت بۆ شابدولعەزیم.

شەو داهاتبوو، دەرگای مەزاری ئیمامزادەیان داخستبوو. لەحەوشەی مەزارەکەدا دانیشت. مانگەشەو بوو، حەوشەکە یەکپارچە لەبەر تریفەی مانگدا بوو. زەڕین کڵاو لەسەرخۆ ئەسرینی دەڕشت. لەکازیوەدا کە دەرگای ئیمامزادەکەیان کردبۆوە ئیدی چاوەکانی زەڕین کڵاو بەدی نەدەکران، هەردوو پێڵووی چاوەکانی ئاوسابوون و چاوانی چووبوونە قووڵایی دەموچاوییەوە. زەڕین کڵاو نەڕۆیشتە ناو مەزارەکەوە. ئیتر نەشدەگریا. هەستی بەسوکەڵەییەکی لەڕادەبەدەر دەکرد، وەکو چڵەپووشێک. وەڕێ کەوت، ڕۆیشتە حەلیم فرۆشییەکەوەو حەلیمێکی باشی خوارد. لەدووکاندارەکەی پرسی: - کەسێک لەم گەرمای ئاخری هاوینەدا گەر بیەوێت ئاوێکی سارد بخواتەوە دەبێ بڕواتە کوێ؟

حەلیم فرۆشەکە بەسۆزو بەزەییەوە لەدوو چاوی تێکئاڵاوی زەڕین کڵاوی دەڕوانی، گوتی:

- کەرەج خراپ نییە.

ئیتر هیچی پێوە دیار نەبوو کە ڕۆژگارێک "خانم"ێک بووە، ببوو بەژنێکی بچووکی بیست و شەش ساڵان بەدڵێکی وەک دەریاوە.

ڕۆیشت بۆ کەرەج.

# دوو کچ لەسەر جادە

خۆرئاوا بوو. دوو کچ لەسەر جادەی کەرەج بەدەم ڕێوە بوون. هەردووکیان چارشێویان بەسەرەوە بوو یەکێکیان بیست و هەشت ساڵان و ئەویتریان سی و هەشت ساڵان، هەر دووکیشیان پاکیزە بوون.

لەخێرایی هەژدە کیلۆمەتردا لۆرییەک سی هەنگاو لەدووری ئەوانەوە وەستا. سێ پیاو لەناو لۆرییەکەدا بوون، شۆفێرەکەو شاگردەکەی مەست بوون، بەڵام ڕێبوارەکە مەست نەبوو و هەندێکجاریش ناچار دەبوو کە سوکانەکە بەڕاست و چەپدا بسووڕێنێت تاکو بەر بەڕووداوی هاتوچۆ بگرێت. لەئاکامدا، هاتبووە سەر ئەو رایە کە چاکترە بێدەنگ دابنیشێت و خۆی بسپێرێتە دەست چارەنووس. شۆفێری لۆرییەکەی وەستاند. ئاوڕیدایەوە ئاماژەی بۆ شاگردەکەی کردو بێدەنگ دابەزین و بەرەو لای کچەکان ڕۆیشتن. ڕێبوارەکە بێدەنگ لەشوێنی خۆی دانیشتبوو و ئەو تەنیاییەی بەدەرفەت زانی بۆ داگیرساندنی جگەرەیەک.

شۆفێرو شاگرد بەرەو لای دوو کچەکە ڕۆیشتن و بەرامبەریان ڕاوەستان. شۆفێرەکە پرسی:

- ئەم خانمانە بۆ کوێ دەڕۆن؟

ئەوەیان کە بیست و هەشت ساڵان و ناویشی فایزە بوو، گوتی:

- خەریکین دەڕۆین بۆ کەرەج. دەمانەوێت دەسکەوتی ئیش و کاری خۆمان بخۆین و خۆمان لەشەڕی جەنابی باڵادەست ڕزگار بکەین.

شۆفێرەکە دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:

- نەبابە؟ بەگیانی من؟

دەستی برد چارشێوی کچەکەی داکێشایە خوارێ. ئەمیان کە چارشێوی بەسەرەوە نەمابوو گوتی:

- ئەی هاوار، فریامان کەون.

پیاوەکان هێرشیان کردە سەر کچەکان. شەڕێکی کورت ڕوویداو لەئاکامدا کچەکان دۆڕان. ئەوەیان کە فایزەی ناو بوو قیژاندی و ویستی فریایان بکەون و ئەم قیژە قیژە تا ئەوکاتە بەردەوام بوو کە شۆفێرەکە دەستە زلەکەی خستەسەر زاری. ئەویتریان کە ناوی مونس بوو هیچی نەدەگوت، بەبێدەنگیی، بەرگەی هەموو ئەو شتانەی دەگرت کە ڕووی دەدا.

ئەو ئیشە چارەکە سەعاتێکیشی نەخایاند. پیاوەکان لەشوێنی خۆیان هەستانەوە، چونکە چاکیان دەزانی کەس نایەتە هانای ئەو دوو کچەوە، لەسەرخۆ، دەستیان کرد بەتەکاندنی تۆزو خۆڵ لەخۆیان. هەردوو کچە بەڕاکشاویی لەسەر زەوییەکە مابوونەوە. ئەوەیان کە فایزەی ناو بوو، دەگریا و دەیگوت:

- خودا خۆی تۆڵە ئێمەتان لێبکاتەوە.

پیاوەکان تەکاندنی تۆزو خۆڵیان لەخۆیان تەواو کردبوو. وادیار بوو کە شاگردەکە پێی خۆش نەبووە، گوتی:

- ئەوەیان وەکو لۆکە وابوو جەنابی ئیسماعیل.

جەنابی ئیسماعیلیش وەڵامی دایەوە:

- بەختی خۆت وابوو هەتیو. ئەمەیان زۆر بەنازو نووز بوو. یەعنی ها من شەریفم.

هەردووکیان پێکەنین. سوپاسی کچەکانیان کردو بەرەو لۆرییەکەیان بوونەوە، شۆفێرەکە لەشوێنی خۆی دانیشت و شاگردەکەش هەروا. شۆفێر، لۆرییەکەی ئیش پێکرد. ڕێبوارەکە پرسی:

- شتێک ڕوویدا بوو؟

شۆفێرەکە گوتی:

- فزولی مەکە.

ڕێبوارەکە گوتی:

- ببوورە، وام بەخەیاڵدا هات لەوانەیە شتێک ڕووی دابێت.

شۆفێر گوتی:

- تۆ چ کارەی؟ پۆلیسی؟

ڕێبوار گوتی:

- من باخەوانم، خەڵک پێمدەڵێن "باخەوانی دڵۆڤان."

شۆفێرەکە پێکەنی و گوتی:

- باخەوانی دڵۆڤان، خەریکی ئاودێری زەوی بووین.

شۆفێرو شاگردەکەی دەسیان کرد بەپێکەنین. ئەوەندە پێکەنین کە کۆنترۆڵی لێخوڕینی لۆرییەکە لەدەستی شۆفێری کارزان دەرچوو. بۆیە لۆرییەکە دووجار بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە. لۆری وەرێکەوتەوە، لەئۆتۆمبێلێکی بچووک لایدا کە خەریک بوو بەرامبەریان دەهات، راست بەرەو دارستانەکەی قەراخ جادەکە رۆیشت. یەکەمین داری ورد کرد کە نەمامێک بوو، لەتەنیشت دووهەمین دارەوە وەرگەڕا. دەرگای لای شاگردەکە کرایەوەو پێش ئەوەی کە لۆرییەکە بەتەواوی وەرگەڕێ شاگردەکە بەرەو دەرەوە پەڕی و کەوتە ژێر لۆرییەکە. شۆفێرەکەش لەجامی پێشەوە بەرەو ئاسمان فڕی. کابرای رێبواریش لەو پەنجەرەیەوە کە پێشتر بەلاشە زەبەلاحەکەی شۆفێرەکە وردو خاش ببوو، بەنەرمی بەرەو دەرەوە پەڕی و دە هەنگاوێک لەدووری لۆرییەکەوە کەوتە سەر پێخوێ قوڕێک کە بۆ خانوو دروستکردن گرتبوویانەوە.

شۆفێرەکە تا لای تەلی کارەباکە پەڕیبوو بەدەستی خۆی بەتەلێکی کارەبای زۆر بەهێزدا هەڵواسی بوو. کە سەیرت دەکرد دەتگوت بەئاسمانەوە بەنەرمی سەما دەکات کە دەکرای بڵێی سەماکەی زۆر خراپ نییە. شاگردەکە دەرفەتی ئاهو ناڵەشی بۆ نەمابۆوەو تا لای ملی کەوتبووە ژێر لۆرییە قورسەکەو تەنانەت چاوەکانیشی داخرا بوون. رێبوار قوڕەکەی لەخۆی دەتەکاندو جار جار بۆ لاشەکانیانی دەڕوانی و جارجاریش دەیگوت:

- ماشەڵڵا لەکاری خوا!

لەئاکامدا تێگەیشت هەوڵی بێهوودەیەو قوڕە لەگیانی نابێتەوەو هەر دەبێ بڕواتە حەمام و جلو بەرگەکەی بگۆڕێت.

پاشان تاکی راستی پێڵاوەکەی دۆزییەوەو لەپێی کرد، بەلۆژە لۆژ بەرەو شاری کەرەج کەوتەرێ.

# باخی فەروخ لەقا
## یەکەمین بەش

**فەروخ لەقا لەسەر کوشنی پشتەوە لای راستی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوو. ئیستواری و موسەیب و شۆفێرەکە هەرسێکیان لە پێشەوە دانیشتبوون.  سەعات چواری عەسر بەم حاڵەوە گەیشتنە بەرامبەر باخەکە.**

**ئیستواری تۆزێک دڵپەرۆش دیار بوو. دەترسا خانم بە دیتنی دارەکە لەناکاو توورە بێت. هەموو شتێکی سەبارەت بە باخەکە گێڕابووەوە جگەلە دارەکە.**

**شۆفێر ئۆتۆمبێلەکەی لەبەر دەرگای باخەکە وەستاند. ئیستواری دابەزییە خوارێ و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە. بەمە خۆی خستبووە بەر شۆفێرەکەوە. کە ئاخر رۆژی ئیش و کاری بوو، بەیانی وازی دەهێنا لەڕاستیدا هەمان رۆژ وازی هێنا بوو، تەنیا لەبەر فزولی و بە ناوی لوتف و خۆشەویستییەوە بۆ خانم مابۆوە، ئەگینا خانم خۆی شۆفێریی دەزانی.**

**ئیستواری گوتی: ئێستا تێدەگەیت ئەم باخە چ گەوهەرێکە خاتوون.**

**فەروخ لەقا بێدەنگ بەرەو دەرگاکە رۆیشت، ئیستواری و موسەیب و شۆفێرەکەش  لە دوایەوە بوون. خانم لەبەر دەرگا تاوێک راوەستا. لای کردەوە بە پێی نەریتێک کە لەدایکییەوە بۆی مابۆوە سەری بەرەو لای شانی چەپی دانەواندو پرسی:**

**- ئەمەیە؟**

**ئیستواری گوتی:**

**- بەڵێ قوربان.**

**کلیلێکی گەورەی لە گیرفانی دەرهێناو گوتی:**

**- بەیارمەتیت.**

**دەرگاکەی کردەوە. پاشان خۆی کشایە دواوە تاکو خانم بچێتە ژوورەوە. فەروخ لەقا بەتێبینییەوە قاچی بەسەر پایەی دەرگاکەدا رەتکرد. لەخۆشیدا مچوورکەیەک بە لەشیدا هاتبوو. نەیدەویست ئەو پیاوانە هەست بەم حاڵەتەی بکەن. خوێنساردانە لە جادە زیخەڵانەکەوە بەرێکەوت. بەنیگاکانی هەموو شوێنێکی باخەکەی هەڵدەلووشی. ئیستواری خۆی گەیاندە لای خانم و گوتی:**

- هەر وەکو چۆن داوات کردبوو، تەنیا پێویستی بە تۆزێک دەستپێداهێنان هەیە.

فەروخ لەقا سەرێکی جووڵاندەوە، ئەو سەری جادە زیخەڵانەکە دەگەیشتە لای بەرامبەری بیناکە. بەرامبەر بە بیناکەیش حەوزێکی گەورە بوو، قەرەوێڵەیەکیش لە تەنیشتییەوە بوو. جادەکە بەگشتی بە دەوری حەوزەکەدا سوڕابووەوەو بەرەو دەرگای بیناکە دەڕۆیشت و لەوێ بەرامبەر پلیکانە کاشییەکان تەواو دەبوو.

بیناکە بینایەکی جوان نەبوو. ئاسایی دروست کرابوو. دیمەنێکی ناشیرینی هەبوو. فەروخ لەقا بۆ ساتێک حەپەسا. ئیستواری گوتی:

- بە یەک رووکەشکردن بە چیمەنتۆی سپی وەکو بووکی لێدێت.

فەروخ لەقا لە زیهنی خۆیدا وێنای بیناکەی کرد. خراپیشی نەدەگوت. بیرۆکەیەکی چاک بوو بەهەرحاڵ پەنجەرەکان بچووک و گونجاوی کەش و هەوای ناوچەکە بوون.

ئیستواری کلیلێکی تری دەرهێناو دەرگای بیناکەی کردەوە. دەرگاکە بەسەر هۆڵێکی گەورەو فێنکدا دەکرایەوە. سێ ژووری گەورە لە دەوری هۆڵەکە بوون. دەرگای حەمام و چێشتخانەو ئاودەستیش لەسەر هۆڵە بوون. پەنجەرەی ژوورەکان، هەموویان لەسەر باخەکە بوون و پەنجەرەی ئاودەست و چێشتخانەو حەمامیش لەسەر حەوشە چۆڵەکە بوو.

فەروخ لەقا گوتی:

- چێشتخانەکە باشە، گەورەیە، بەڵام یەک حەمام کەمە، سێ ژووریش هەر کەمە، بێگومان میوانمان زۆر دەبێت.

ئیستواری گوتی:

- خاتوونی بەڕێز، هەر وا کە پێشتریش بۆم باس کردی، بناغەی ئەم بینایە زۆر پتەوە، پایەکانی ئاسنن، دەتوانیت قاتێکی تری لەسەر بکەیت.

ئیستواری کە لە سووچێکی هۆڵەکەدا راوەستابوو گوتی:

- لێرەوە دەکرێت بەرەو سەربان پلیکانی لێ بدەین و نهۆمێکی دیکە دروست بکەین، ئەگەر بفەرمووێت لێرەدا دارێکیش دەڕوێنین کە قەدی درەختەکە لێرەوە بەرەو نهۆمی دووەم باڵا بکات، لەوێشەوە بەرەو سەربانی خانووەکە. کۆشکێکی تەواوی لێدەردەچێت.

بیری رواندنی دار لەنێو ماڵدا، فەروخ لەقای سەرسام کردبوو. ئیستواری بەووپەڕی لەزەتەوە گوتی:

- ئەمە بیرۆکەی خۆمە.

خانم گوتی:

- دەبێ بیری لێبکەمەوە، لەوانەیە لە کاتی ئاودێری دارەکەدا بناغەی بیناکە داغان بکات.

فەروخ لەقا خانووەکەی بە دڵ بوو. هەڵبەت لەم بارەیەوە هیچی نەدەگوت. چاکی لێدەزانی کە نابێت لە پێش نیگای ئیستواری خۆی رەزامەند پیشان بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، خەیاڵپڵاوییەکانی دەستی پێکردبوو.

دڵنیا بوو کە دەبێ قاتی دووەم دروست بکات. بەرنامەیەکی باشی ئامادە کردبوو بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی پڕ جۆش و خرۆشی کۆمەڵایەتی و خەونی بەوەوە دەدی کە رۆژانی هەینی هەموو هاورێکانی لە تارانەوە بێن بۆ کەرەج. هاورێی زۆر نەبوو، سی و دوو ساڵ ژیانی هاوبەش لەگەڵ پیاوێکی خوێنتاڵ و گۆشەگیردا، هاتوچۆی بە زۆرێک لە هاورێیانی تەرک کردبوو. خراپیش نەبوو. چونکە کاتی گەیشتبوو سەرلەنوێ هاورێ هەڵبژێرێت. هاورێی شیاو، نووسەران، شاعیران و ئەدیبان. دەیتوانی وا بکات کە خانووەکەی وەکو سەنتەرێکی ئەدەبیی لێ بێت. هەروەکو چۆن خانمانی فەرەنسی ئەو کارانەیان دەکرد، کە فەروخ لەقا لە رۆمانەکاندا خوێندبوویەوە. ئیستواری شوێن بە شوێنی باخەکەی پیشان دەدا. دارەکانی ژماردبوو و رای خۆی لە بارەیانەوە دەوت. بۆ رێکوپێک کردنی باخەکە دەبووایە باخەوانێک دابمەزرێنن. باخەکە نزیکەی ساڵێک بێخاوەن مابوووەوە تارادەیەک ئەمەی پێوە دیار بوو.

ئیستواری بە جۆرێک شوێنی پیاسەکەی رێکخستبوو کە لە دارێکەوە بگات بە دارێکی دیکە لە خۆیەوە لە هەموو دەرفەتێکدا لەو دارانە دەدوا. گوتی:

- خاتوونی بەرێز سەراپای ئەم کەرەجە بگەرێیت باخێکی وای تێدا بەدی ناکەیت، هەڵبەت با بە درۆزنیش دەرنەچم، کۆمەڵێ خانووی جوانیش هەن لەم دەورو بەرانە، گەلێ باخی باشیش هەن، بەڵام بەم پارەیەی کە جەنابت داوتە لەمە چاکتر دەست ناکەوێت و لەگەڵ ئەوەشدا، بە دەسکارییەکی بچووک دەبێت بە بەهەشت.

فەروخ لەقا دەیزانی خەریکە بازاڕ گەرمی دەکات، بەڵام گرنگی بە قسەکانی نەدەدا. ئەم باخ و بیناکەی بەدڵ بوو و هەر لەسەرەتاوە خۆشی ویستبوون، ئیتر پێویستی بە زمان لووسییەکانی ئیستواری نەدەکرد.

لە ئاکامدا گەیشبوونە قەراخی رووبارەکە ئیستواری گوتی:

- هەروا کە تێبینی دەکەی ئەم لایە دیواری نییە. خودی رووبارەکە بووەتە سنووری. ئاو لێرەوە وا بە خێرایی دەروات کە قەت لە مەترسی دزدا نابن. بە تایبەتیش کە خەڵکی ئێرە هەر دز نین.

فەروخ لەقا گوتی:

- بەڵێ.

دارەکەی بینی. دڵنیا نەبوو کە ئەوە راست بێت. پرسی:

- ئەمە کێیە؟

ئیستواری بیری کردەوە، بەدبەختی دەستپێیکرد. گوتی:

- ئەمە... لەڕاستیدا مرۆڤێکە، بەڵام بەڵێنتان دەدمێ کە بێئازارترین مرۆڤە کە تاکو ئێستا لە تەمەنی خۆتاندا بینیوتانە.

فەروخ لەقا پرسی:

- دەی ئەمە لێرە چ دەکات؟

ئیستواری گوتی:

چۆنت بۆ باس بکەم، راستییەکەی کە باخەکەیان وا بە هەرزان فرۆشت تەنیا بەم مەرجە بوو. منیش بینیم حەیفە. مەحاڵە بەو نرخە بتوانی باخێک پەیدا بکەی. وا بیرم کردەوە بەتایبەت کە خاتوونی بەڕێز خۆت ژنیت و بێگومان دەتوانی بەرگەی ئەم دارە داماوە بگریت.

فەروخ لەقا بە وریاییەوە دوو هەنگاو بەرەو پێش رۆیشت، تۆزێک ترسا بوو. گوتی:

- بەڵام خۆ ئەمە دار نییە، مرۆڤە.

- راستە وایە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دارە بەستەزمانە...   خوشکی خاوەنی پێشووی ئەم باخەیە.

فەروخ لەقا گوتی:

- سەیرە.

- بەڵێ وایە. ئەم نەگبەتە شێت بوو و خۆی لەم زەوییەدا رواند.

فەروخ لەقا گوتی:

- شتی وا نابێت قوربان.  ئەگەر شێتە دەی دەبێ بیبەن بۆ شێتخانە.

- باشە کێشەکە لێرەدایە، ئەم چارەڕەشە، پایزی رابردوو ون دەبێت. خێزانەکەی کون و قوژبنی ئەم شارەو دەشت و دەری بۆ دەگەڕێن و نایدۆزنەوە. لە ئاکامدا سەرەتای هاوینی ئەمساڵ دێتەوە بۆ باخ بۆ حەوانەوە.

کەچی دەبینن ئەم نەگبەتە خۆی لەم زەویەدا رواندووە. ئێستا وابیر دەکەنەوە کە ئەم داماوە شێت بووە. بەڵام خاتوون هەرچەند هەوڵ دەدەن کە لەم زەوییە دەریبێنن ناتوانن.

ئیستواری دەسەسرە یەزدیە گەورەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دڵۆپە ئەسرینەکانی پێ سرِی. پاشان دەستی کردبوو بە لووت سرِین. ئەم مەسەلەیە لەرادەبەدەر کاری لە فەروخ لەقا کردبوو پرسی:

- جەنابی ئیستواری خوا نەکردە ئەمە خزم و کەس و کاری خۆت نەبێت.

- نەخێر خاتوون بەو خوایە بروا بکە من نزیکەی بیست ساڵە نەگریاوم. بەڵام نازانم لەبەر چییە کە هەر کاتێک چاوم بەم چارەرِەشە دەکەوێت گریانم دێت .. بەهەرحاڵ خاتوون خزمەکانی هەر چەند هەوڵدەدەن دەبینن کە بۆیان هەڵناکەنرێت. ئەمیش، لێکدا لێکدا دەپارێتەوە، " تۆ بی خودا مەمبرِنەوە بمهێڵن با سەوزبم."

فەروخ لەقا گوتی:

- بەڵام خۆ سەوز نەبووە.

- نەخێر سەوز نەبووە، بەڵام رەگ و ریشەی کردووە، رەنگە ساڵی دواتر سەوز بێت.

فەروخ لەقا پرسی:

- ئێستا خێزانەکەی چی دەڵێن؟

- چی بڵێم؟ ئەو داماوانە هەموویان بەبۆنەی ئەم حەیاچوونەوە کە هاتووەتە رێگایان پەرێشان و ماڵوێران بوون. مرۆڤ چ بڵێت؟ بڵێن کچ و خوشکەکەمان بووە بەدار؟ خۆ ناکرێت ئەمە بە خەڵکی بڵێی. بەهەرحاڵ هاتن و لەگەڵ مندا رێکەوتن، گوتیان باخەکە بە هەرزان دەفرۆشن بەو مەرجەی ناویان لای کەس باس نەبرێ. منیش بەڵێنم دا. لەم رووەوە بوو کە ئەم باخەم بە هەرزان کرِی. بەهەرحاڵ بەختی جەنابتان بووە.

فەروخ لەقا پرسی:

- ئێستا لەبەرچییە کەوا شەرمی لێدەکەن؟ بەداربوون خۆ شەرمی ناوێت.

- چۆن شەرمی ناوێت خاتوون؟ مەگەر مرۆڤی خاوەن عەقڵ، دەبێتە دار؟ مرۆڤ دەبێت لە چەشنی ئەم چارەرِەشە سەرەتا شێت ببێت تاکو مەسەلەی بە داربوون روویدات.

برا داماوەکەی دەگریاو دەیگوت " ئێستا ئەمرِۆ و بەیانییە ئەو خەڵکە تێدەگەن کە خوشکەکەم بووەتە دارو پرِوپاگەندەمان بۆ دەکەن و پێمان دەڵێن بنەماڵەی"دارچی"یان "دارزادە"یان دارپوور" و هەروا بیدەنە دەمیەوەو

لەسەر دەرگاو دارو دیوار لەسەرمان دەنووسن و ئابڕووی سەد ساڵەی بنەماڵەکەمان بەبا دەدەن و حەیامان دەبەن" خاتوون لە خزمەتتان دا باسم کردبوو کە ئەمانە لە بنەماڵەیەکی کۆن و بەشەرەفن، دەی چۆن دەکرێت بڵێن یەکێک لەئەندامانی خێزانەکەمان بووەتە دار؟ ئەگەر دەبووە وەزیر یان پارێزەر، کێشە نەبوو، وەزیریی و پارێزەریی بەلای خەڵکەوە دەگوترێتەوەو شانازیشی پێوە دەکرێت، بەڵام بە داربوون چی؟ برا چارەڕەشەکەی دەیگوت تەنانەت ئەگەر بیووایە بە ماست هەوێنەکەر، هەمدیسان کێشە نەبوو، خەم و خەفەتمان پێ نەدەخوارد، هەرچی بێت ماست هەوێنکردن بۆ خۆی پیشەیەکە، بەڵام دار؟ چووزانم بەخوا.

فەروخ لەقا بە دەوری دارەکەدا دەسووڕایەوە. موسەیب و شۆفێرەکە لە دوورەوە راوەستابوون و زاتیان نەدەکرد لێیان بێنە پێشەوە.

دار، کچێکی بیست و حەوت بیست و هەشت ساڵان بوو، تاکو لای ئەژنۆکانی لە زەوی رۆچووبوو. جلوبەرگێکی دڕاوی لەبەردا بوو. رێک و راست راوەستابوو و لە ئەمانی دەڕوانی. فەروخ لەقا هەستی دەکرد خەریکە حەز لە دارەکە دەکات. ئیستواری گوتی:

- من بە براکەیم گوت قوربان قەت خەمی لێ مەخۆ. من خاتوونێکی بەڕێز دەناسم کە لە بنەماڵەیەکی بەڕێزو رەسەنە، خاتوونێکی راستەقینەیە، بێگومان ئەو تاقەتی ئەم "مەهدوخت"ە چارەڕەشەی لەم ماڵەدا دەبێت، پاشان، ذهێنییەکەی ئێوەش ئاشکرا ناکات. چونکە خۆی مرۆڤێکی بەشەرەفەو تێدەگات کە مرۆڤی بەشەرەف چ واتایەکی هەیە.

فەروخ لەقا گوێی لە قسەکانی ئیستواری نەگرتبوو. لە مێشکیدا لە ناکاو شۆڕشێک رووی دابوو بیر دەکردەوە کە بەهۆی ئەم دارە سەیرو سەمەرەیەوە  چ کارێکی پێناکرێت، نەک هەر دەیتوانی سەنتەرێکی ئەدەبی پێک بێنێت بەڵکو لەوانەبوو بتوانێ ببێتە وەزیر یان پارێزەر. تا ئەو کاتە نەیبیستبوو کە کەسێک دارمرۆڤێکی هەبێت. ئیستواری گوتی:

- هەر نەبێت خاتوونی بەڕێز جەنابت دەتوانیت لە جیاتی ئەم دارە لە نێو ماڵەکەدا، دارێک بڕوێنی و لە دەوری ئەمەش دەتوانی دیوارێک هەڵچنی تاکو لە چاوان ون ببێت و نەبێتە هۆی حەیابردنتان.

فەروخ لەقا تێفکری کاتێک بینیادەم دارمرۆڤێکی هەبێت ئیتر چ پێویستی بە دار هەیە لە نێو ماڵەکەیدا. هەمیشە تێدەگەیشت کە مێشکی، فکری، رۆحی، لەشی، لە هەموو شتێ سەرترە. خەڵکانیتر شیاو نەبوون کە لە دارمرۆڤێک تێبگەن. فەروخ لەقایش خۆشی جوان لەمە تێنەدەگەیشت، تەنیا غەریزەی دەیوت کە ئەم دارە دەبێتە هۆی بە ناوبانگبوونی. گوتی:

- جەنابی ئیستواری، دارمان پێویست نییە لە نێو ماڵدا. ئەم دارەش با وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەر وا پێم قبووڵە.

ئیستواری هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو گوتی:

- هەر لە خەیاڵی ئەوەدا بووم جەنابت قبووڵی نەکەی. ئاخری بیرم لەوە کردبۆوە ئەگەر نەتەوێت خۆم بیکرم. بەڵام خاتوون من شەش منداڵم هەیەو دڵنیابووم کە مناڵەکانم ئەم دارە چارەڕەشە لە ڕەگەوە هەڵدەکەنن. سوپاس بۆ خودا کە جەنابت قبووڵت کرد.

فەروخ لەقا بەرەو دەرگای باخەکە وەڕێکەوت، شۆڕشێک لە مێشکیدا ڕوویدابوو، ئیتر گوێی لە ئیستواری نەدەگرت، بەدەم هەنگاو هەڵگرتنەوە هاواری کرد:

- موسەیب، ئەکبەر، بڕۆن بۆ شارو هەموو جانتاکانم بێنن.

موسەیب پرسی:

- لە ئەمشەوەوە لێرە دەمێنیتەوە؟ خانووەکە چۆڵ و هۆڵە؟

فەروخ لەقا گوتی:

- کێشە نییە، لە ئەمشەوەوە دەمێنمەوە، خۆم دەمەوێت سەرپەرشتیاریی کرێکارەکان لە ئەستۆ بگرم، جەنابی ئیستواری پێت دەکرێت چەند کرێکارم بۆ پەیدا بکەیت؟ دەمەوێت لە بەیانییەوە، دەست بە کاری بیناکە بکەم.

ئیستواری بە حەپەساوییەوە گوتی:

- بۆ وا بەپەلەیت خاتوون؟ جارێک جەنابت بڕۆرەوە بۆ شار. من خۆم سەرپەرشتیاریی بیناکە دەکەم، موسەیبیش لێرەیە.

فەروخ لەقا گوتی:

- نا. خۆم لێرە دەمێنمەوە. لە بەیانییەوە، نامەوێت لە یەک مانگ زیاتر بخایەنێت.

کەسێک لە دەرگای دەدا. موسەیب کەوتبووە پێش خانمەوە. گوتی:

- خاتوون وا چاک نییە، لادێیەکان جەنابت ناناسن، فزولن، فەرموو ئەوە هەر لە ئێستاوە خەریکن لە دەرگا دەدەن.

فەروخ لەقا گوتی:

- کێشە نییە، فێریان دەکەم سەر نەکەنە سەرم.

موسەیب دەرگای باخەکەی کردەوە، ژن و پیاوێک لەبەردەرگا بوون، پیاوەکە وتی:

- ببوورە کاکە گیان، ئەم خانووە پێویستی بە باخەوانێک نییە؟

فەروخ لەقا خێرا گەیشتە پشت سەری موسەیب و پێش لەوە کە موسەیب وەڵام بداتەوە گوتی:

"بۆنا کاکە گیان، بۆنا تۆ باخەوانی؟

کابرا گوتی:

- خاتوونی بەڕێز من باخەوانم. بە"باخەوانی دلۆڤان" بەناوبانگم، وا ناوم دەرکردووە کە پەنجە زێڕینم، کە پەنجە دەخەمە سەر هەر گوڵێک، سەد لقی لێدەبێتەوە، لە هەر لقێک سەد لق سەوز دەکەم.

فەروخ لەقا هەستی دەکرد جۆشوخرۆشە دەروونییەکەی زیاتر بووە، چونکە لە لایەکەوە بووەتە خاوەن دارمرۆڤ ئێستا ئەم بۆرەپیاوە کە سیمایەکی دلۆڤانی هەیەو لافی ئەوە لێدەدا کە پەنجە زێڕینە. پرسی:

- تۆ وەستاییش دەزانیت؟

- من هەموو ئیش و کارێک دەزانم، هەموو ئیش و کارێک.

فەروخ لەقا پرسیاری کرد:

- ئەی ئەوە کێیە؟ خێزانتە؟

باخەوان سەیرێکی ژنەی کرد کە لە تەنیشتییەوە وەستابوو گوتی:

- نەخێر خاتوون. ئەم ژنە داماوە لەسەر جادەی کەرەج بینی، ڕاوەستابوو و حەپەساو و سەرگەردان بۆ دەوروبەری خۆی دەڕوانی، کە منی بینی قیژاندی و هات و خۆی دا بەسەر قاچەکانمداو دای لە پرمەی گریان، کە ئێستا پرسیاری لێدەکەم خاتوون بۆ دەگری، تەنیا پێم ماچ دەکات، لە ئاکامدا گوتی من یەکەمین پیاوێکم کە لە نیگای ئەووەوە پاش شەش مانگ دەبینێ سەری پێوە بێت.

فەروخ لەقا پرسی:

- واتە شێتە؟

باخەوانی دلۆڤان گوتی:

- پێم وا نییە. بەهەرحاڵ کە من وەرێکەوتم ئەویش هات بە دوومدا.

دەڵێت نێوی زەڕین کڵاوە، دەڵێت، ماوەیەک سۆزانی بووە، بەڵام ئێستا تۆبەی کردووە.

فەروخ لەقا پرسیاری لە ژنەکە کرد:

- زەڕین کڵاو چێشتلێنان دەزانیت؟

- نەخێر خاتوون گیان.

- ئەی گسکدان دەزانی؟

- نەخێر خاتوون گیان.

- ئەی قاپ و قاچاخ شۆردن؟

- ئەوەش نازانم خاتوون گیان.

- ئەی چ ئیشێک دەزانی؟

- خاتوونەکەم، من دەتوانم خۆم فێری ئەم ئیشانە بکەم، بەڵام نوکتەو چیرۆک دەزانم و شیعرو گۆرانیش دەزانم، هەندێک ئیش و کاری تریش دەزانم، گەنجم، بەڵام هێندەی دەریایەک ئەزموونم هەیە.

فەروخ لەقا ڕووی لە باخەوانی دلۆڤان کردو گوتی:

- ناوت چییە؟

- ناوی من بەکەڵکی چی دێت خاتوون. ئەو خەڵکە پێم دەڵێن باخەوانی دلۆڤان، جەنابیشت دەتوانی بڵێی باخەوان.

فەروخ لەقا گوتی:

- باخەوان، لە مڕۆوە لای من دامەزراوی، بەڵام چی لەو خاتوونە بکەین؟

- ئەویش قبووڵ بکە خاتوون، با بۆ خۆی لێرە بسووڕێتەوە، لە ئاکامدا هەر فێری ئیش و کار دەبێت.

فەروخ لەقا گوتی:

- باشە.

تێفکری، دەکرێ بکرێتە کارەکەرێکی باش کە هەمیشە لەبەر دەستدا بێت، لەکەسێکی بەدفەڕیشی نەدەکرد، زۆریش ساکار دەهاتە نیگایەوە، دووپاتی کردەوە:

- باشە.

پاشان رووی لە شۆفێرو موسەیب کردو گوتی:

- بڕۆنەوە هەرچەند دەتوانن کەلوپەل بێنن، جانتاکان ئامادەن، قاڵییەکانیش لوول کراون، رەنگە پێویست بکات لۆرییەک بەکرێ بگرن، کێشە نییە بەکرێی بگرن، دەمەوێت ئەمشەو هەموو شتێکم لێرە بێت.

پاشان رووی لە ئیستواری کردو گوتی:

- جەنابی ئیستواری، ئەم باخەوانە لەگەڵ خۆت سوارکەو بڕۆنە ناوەندی شارو گەچ و کەلوپەلی بەنایی بیکڕن.

ئیستواری گوتی:

- خاتوونی بەڕێز، ئێستا سەعات شەشی ئێوارەیە دوکانی ئەو شتانە داخراوە.

فەروخ لەقا گوتی:

- قسە لە قسەما مەکە جەنابی ئیستواری، هەرچی بێت من و تۆ نهێنییەک لە نێوانمان دایە، دەبێ پشتگیریی لە یەک بکەین.

ئیستواری گوتی:

- باشە.

فەروخ لەقا رووی لە ژنە کردو گوتی:

- تۆش لێرە بمێنەرەوە لەبەردەستمدابە.

زەڕین کڵاو گوتی:

- باشە خاتوون گیان.

هێشتا دوو خولەک لە ڕۆیشتنی پیاوەکان تێنەپەڕیبوو کە هەمدیسان لە دەرگایان دا. فەروخ لەقا دەرگای کردەوە. دوو ژن لەو دیوی دەرگاکەوە بوون بە چارشێوی تۆزاوی و دەموو چاوێکی ماندووەوە. فەروخ لەقا پرسی:

- چیتان دەوێ؟

یەکێکیان دای لە پرمەی گریان. ئەویتریان کە بەتەمەنتر بوو بێدەنگ ڕاوەستا بوو تاکو ئەویان گریانەکەی تەواو دەبێت.

فەروخ لەقا پرسی:

- دەپرسم چیتان دەوێ؟

ئەویان کە بێدەنگ بوو گوتی:

خاتوونی بەڕێز سڵاوت لێبێت. من ناوم مونسە. ئەمەش فایزەی هاوڕێمە. ئێمە ڕێگایەکی زۆرمان پێواوە، لە تارانەوە تاکو ئێرە. زۆر ماندووین، ڕووداوی خراپیشمان بەسەرهاتووە. ئەگەر ئیزنمان بدەیت، ئەمشەو لە ماڵی جەنابتان بین، بەیانی دەڕۆین بەدووی چارەنووسی خۆماندا.

فەروخ لەقا گوتی:

- خاتوونەکان، من خۆم تازە هاتوومەتە ئێرە، هیچ کەلوپەلێکم نییە، بەڵام زۆر سەیرە کە دوو خاتوون لە چەشنی ئێوە لەم بیابانە چۆڵ و هۆڵەدان. پێتانەوە دیارە کە لە بنەماڵەیەکی بەڕێزن، ئەی بۆ بەتەنیا سەفەر دەکەن؟

مونس گوتی:

- چیرۆکێکی دوورو درێژی هەیە خاتوون. کێشە لێرەدایە کە ئێمە خۆمان هاتووینەتە سەر ئەو رایە کە خۆمان لە شەڕی خێزانەکان ڕزگار بکەین و لە سەفەردا بین، بڕۆین بۆ زیارەت، بۆ گەشتوگەڕان، لە چارەڕەشیماندا، یەکەمین شوێنێکمان کە هەڵبژارد کەرەج بوو کە ئەو کارەساتەمان بەسەرهات.

بابەتەکە سەرنجی فەروخ لەقای ڕاکێشابوو. گوتی:

- فەرموون وەرنە ماڵەوە، ئەمشەو کەلوپەلی ماڵەکەم دەگات، وەرنە ماڵەوە بزانم چی ڕووی داوە.

هەردووکیان ڕۆیشتنە ماڵەوە. هەموویان ڕۆیشتن و لەسەر قەرەوێڵەکەی قەراغ حەوزەکە دانیشتن. فایزە بەهێوری ئەسرینی دادەباراند. فەروخ لەقا گوتی:

- خاتوون گیان، ئەوەندە مەگری، چاک نییە بۆ تەندروستیت.

زەڕین کڵاو گوتی:

- زۆریش باشە. خاتوون گیان من دوێنێ دوانزە سەعات گریام، چاوەکانم کە وا نین چاوانم زۆر درشتن، بەهۆی گریانەوە وایان لێهاتووە، بەڵام گریانەکە چاکی کردم. لێگەڕێ با بگری بۆ خۆی.

فەروخ لەقا گوتی:

- دەی بڵێ فایزە خان چی بووە؟ تکایە شتێک بڵێ.

فایزە لەپەستا دەگریا. مونس گوتی:

- لە خزمەتی خاتوونی خۆمدا بڵێم کە من وا هاتە مێشکمەوە بڕۆم بۆ هیند وچین و ماچین، دنیا ببینم. خۆم لە هەموو شتێک تێبگەم و حاڵی ببم، هەروا دانەنیشم کە خەڵک پێمبڵێن دنیا ئەمەیەو ئەوەیە، تەفرەم بدەن و کەرم بکەن و تەمەنم وا بەسەر بڕوات کەچی هێندەی مانگایەکیش تێنەگیشتبم. هەڵبەت دەڵێن بەختەوەر ئەوەیە کە بە جاشەکەری هات و بە کەریش ڕۆیشت. بەڵام من وابڕیارمدا ئەگەر بە نرخی چارەڕەش بوونیشم بێت دەبێ هەر خۆم بڕۆمە دووی فێربوون و تێگەیشتن. دەی خۆ ئاساییە کە ئەگەر بە جادەیەکدا بڕۆیت هەر مەترسیت لێدێتە ئاراوە. یان هێزی ئەوەت پێیە کە بڕۆیتە پێشوازیی مەترسی یان دەبێ وەکو کاوڕ سەرت دابخەیت و هەمدیسان بڕۆیتە ناو مێگەلەوە، جا باکت چییە کە ئەگەر هەمدیسان گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە گوتیان ئەمە گوڵ بووەو خۆیان لێت دوور خستەوە. لەو کاتەدا لەدوو حاڵەت بەدەر نییە، یان تاقەتی گوڵ بوونت هەیە یان نیتەو خۆت لەناو دەبەیت... با لێگەڕێین، قسە زۆرە. بەهەرحاڵ وا هاتە ئاراوە کە ئەم هاوڕێ کۆنەم ببێتە هاوسەفەرم، چونکە دەترسام ئەم بە تەنیا بەجێبهێڵم، چونکە دەترسام بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ یان بەڵایەک بەسەر یەکێک بێنێ کە لە خۆی بەدبەختتر بێت. نازانم لەبەرچی بوو وا تێفکریم کە بۆ دەرچوون لە تاران دەبێ بەرەو کەرەج بڕۆین. بیری لێبکەرەوە؟ ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم ئەم شارە سنوورێکی "میهر ئاباد"ی هەیە، بەڵام من تەنیا بیرم لە کەرەج کردەوە، بەهەرحاڵ تاران هەزاران سنووری هەیە بۆ دەرچوون، بەڵام من تەنیا بیرم لە کەرەج دەکردەوە. بەهەرحاڵ، ئێمە لە جادەکەوە دەهاتین کە لۆرییەک گەیشتە پێشمان. شۆفێرەکانی لۆرییەکە هاتن و دەستدرێژیان کردە سەرمان. هەڵبەت، من لەم ڕووداوانە نهێنییەک هەست پێدەکەم. وا بیر دەکەمەوە کە هێزێک دەیەویست من هەر لە سەرەتاوە تووشی کێشە بم، بەڵام ئەم هاوڕێ داماوەیشم، بووە گیانفیدای ئیش و کاری من، ئێستا لەو کاتەوە لەپەستا دەگری، باشە، من هەست دەکەم کە بەبۆنەی ئەم دەستدرێژییەوە یەکەمین هەنگاوم بەرەو دۆزینەوەی جۆرە یاسایەکی گونجاو هەڵگرتووە. ئەمە یەکەمین ئەزموونی تاڵی سەفەرەکەمان بوو. کە بەرەو ئێرە دەهاتین لای خۆم بیرم کردەوە کە ملیۆنەها کەس لە ئاودا خنکاون تاکو یەکەم مرۆڤ فێری مەلەکردن بووە. سەیریش لەمەدایە کە

هەمدیسان خەڵک لە ئاودا دەخنکێن، با لێگەڕێین، چونکە ئەم قسانە ئاسوودەیی نابەخشنە هاوڕێ چارەڕەشەکەم.

فایزە بەدەم پڕمەی گریانەوە گوتی:

- خاتوون، من کچ بووم، منی چارەڕەش کچێنیم مابوو، من هەر دەبێت شوو بکەم، ئێستا بەم حەیاچوونەوە دەبێ چ قوڕێک بکەم بەسەری خۆما؟

مونس گوتی:

- دەی فایزە گیان منیش کچ بووم، بەڵام ئێستا ڤیروسیا. ئێمە ماوەیەک کچ بووین ، ئیتر کچ نین، دەی بۆ خەمی بۆ بخۆین.

فایزە گوتی:

- دەی گیانەکەم تۆ سی و هەشت ساڵ تەمەنتە، کچێنی چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە، بەڵام منی چارەڕەش تەنیا بیست و هەشت ساڵ تەمەنمە، هێشتا بەختی ئەوەم ماوە کە شوو بکەم.

فەروخ لەقا تێفکری کە ئەمە چ ژنێکی بێشەرمە کە بەم چەشنە تەمەنی هاوڕێکەی دەداتەوە بەچاویا.

مونس گوتی:

- نا فەروخ لەقا خان، بێشەرم نییە، ئەم بەستەزمانە جوان دەزانێت کە من دەتوانم بیرو فکری خەڵکی بخوێنمەوە، بەم ساکارییە، ئەگەر بە تەنیا فکریشی لێبکردایەتەوە، هەمدیسان من دەمزانی کە بیری لە چی کردۆتەوە، لەم ڕووەوە فێر بووە ڕاستەوخۆ لەگەڵمدا بدوێت.

فایزە گوتی:

- لەگەڵ ئەمەشدا، تۆ دەتوانیت دەموچاوت درێژ بکەیتەوە یان بیلبیلەی چاوانیشت هەروا، کەوایە بۆ تۆڵەمانت لەوانە نەکردووە؟

مونس گوتی:

- فایزە گیان، من بە تەنیا دەتوانم تێفکرینەکانتان بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا، دەمەویست تۆڵەیان لێبکەمەوە، بەڵام تۆڵەیان لێکرایەوە.

فەروخ لەقا پرسیاری کرد:

- چۆن؟

مونس گوتی:

- له خزمەت خاتوونی خۆمدا بڵێم که پاش دوو کیلۆمەتر، لۆرییەکەیان وەرگەڕا، ئیتر چ پێویستی به تۆڵه کردنەوەی منه؟

فایزه گوتی:

- ئەمه درۆیه، له کوێ لۆرییەکه وەرگەڕا؟

مونس گوتی:

- ئازیزەکەم، ئێمه قەدبڕمان کرد بەرەو ناوەڕاستی شاخەکه که ئیتر دەستدرێژیمان نەکەنەسەر، بەڵام من دەزانم که ئەو لۆرییه وەرگەڕا.

فەروخ لەقا پرسیاری کرد:

- ئاخر چۆن دەزانێت؟

مونس گوتی:

- دەزانم ئیتر، گوتم که من دەتوانم تێفکرین بخوێنمەوە.

فەروخ لەقا پرسیاری کرد:

- هەر بەڕاستی که فکر دەخوێنیتەوە؟

- بەڵێ خاتوون. بۆ وێنه جەنابتان دەتانەوێت ببنه ئەندامی پەرلەمان، ئەو داماوەش که لەوێ دانیشتووه تادوێنێ لەشفرۆشێک بووه، هەر بەم جۆره ئیتر هیچ شتێک له نیگای منەوە، به شاراوەیی نامێنێتەوە.

فەروخ لەقا گوتی:

- پێتان خۆشه لێره بمێننەوە؟

مونس گوتی:

- به دڵنیاییەوە. بەداخەوە که هێشتا نەگەیشتووینه ئەو سەردەمه که ژن بتوانێت بەتەنیا سەفەر بکات. بەم بۆنەیەوە یان دەبێت لەبەرچاو ون بێت یان چاوی دەرهات که دەبێ له ماڵدا بمێنێتەوە، بەڵام له چارەڕەشیمدا

من ئیتر ناتوانم له ماڵ دابنیشم، بەڵام چونکە ژنم لە ئاکامدا هەر دەبێ لەماڵێکدا نیشتەجێ بم، رەنگە تۆزێک برۆمە پێشترو پاشان خۆم بتەپێنمە ماڵێکەوەو دووبارە هەمدیسان کەمێک بەرەو پێشتر برۆم و دووبارە خۆم بکەم بە ماڵیکی تردا. لەم حاڵەتەدا، لەوانەیە، وەکو کیسەڵ، بتوانم بەدنیادا بسووڕێمەوە. لەم رووەوە بەدڵ و بەگیان، بانگکردنی جەنابتانم پێ قبووڵە.

فەروخ لەقا زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی:

- خاتوونەکان، من دەمەوێت ئەم خانووە گەورەتر بکەم، باخەوان پێی گوتم کە وەستاییش دەزانێت، تەنیا دەبێ نەهێڵین خەڵکمان لێ نزیک بێتەوە، دەبێ خۆمان ئیشی وەستاییش بکەین.

مونس گوتی:

- بیرۆکەیەکی زۆر باشە، من پێشتر لەمانە تێگەیشتبووم، پشت بەخوا کارمان بە ئەنجام دەگات.

فایزە بەردەوام دەگریا، فەروخ لەقا گوتی:

- ئێستا خانم پێم بڵێ کێشەت چییە؟ بۆچی ناکرێ بێ کچێنی بژیت؟ من سی و سێ ساڵە کە بێ کچێنی دەژیم.

فایزە گوتی:

- ئاخر خاتوون چی لەم حەیاچوونەم بکەم؟ چ وەڵامی هاوژین و هاوسەرم بدەمەوە؟ شەوی بووکێنیم دەبێ چ قوڕێک بکەم بەسەرما؟

مونس گوتی:

- لە ئاکامدا، ئەگەر بڕیارِ لەسەر شووکردنت بێت، من کارێک دەکەم مێردەکەت تێنەگات، تۆ کە باش دەزانیت من دەتوانم دەم وچاوم درێژ بکەمەوە.

فایزە گوتی:

- دەی بۆچی لە پێش نیگای ئەو شۆفێرە دێو و درنجانە، دەم و چاوت درێژ نەکردەوە؟

مونس گوتی:

- فایزە گیان، من دووجار مردم و زیندوو بوومەوە، ئێستا دنیا بە جۆرێکیتر دەبینم، من ئاخر چیت پێبڵێم؟ خودا شایەتی حاڵمە کە ئەگەر باڵم ببووایە هەڵدەفڕیم، لە چارەڕەشیمدا، من دووجار مردم، بەڵام هێشتاکە

رۆحم هی ئەم زەوییەیە، بەو خوایە، بڕوا بکە کە ئەم کچێنییە هیچ بایەخێکی نییە، من خۆم وا دەکەم کە ئیشەڵڵا ئەگەر مێردت دەست کەوت بە خۆشحاڵیەوە بڕۆیتە ماڵی بەختت.

لە ئاکامدا فایزە ئەهوەن بووەوەو ئەو ژنانە لە چاوەڕوانی کەلوپەلی ماڵ و پێداویستییەکانی وەستاییدا، هەموو چیرۆکی ژیانیان بۆ یەکتر گێڕایەوە.

# باخی فەروخ لەقا
## دووهەمین بەش

لە بەهاردا، باخەکە ببوو بە باخ. باخەوانەکە راستی دەکرد، دەست و پەنجەی زێڕین بوو. هەرکە دەستی بۆ گوڵێک دەبرد، پاش حەفتەیەک، سەدان لقی لێ سەوز دەبوو.

هەموویان پێکەوە خانووەکەیان رێکوپێک کردەوە. فەروخ لەقا کاری نەدەکرد، دەهات و دەچوو و ئەمری دەکرد. سەراپای پایزی بەو کارەوە بەسەربرد. باخەوان ژنەکانی فێری ئیشی وەستایی دەکرد، زەرین کڵاو قوری بۆ لای بیناکە دەبرد. فایزە لە زەمیلەدا خشتی دەهێناو باخەوانیش خۆی ئیش و کاری بەنایی لە ئەستۆ گرتبوو. لە کۆتایی پایزدا خانووەکە ببووە خاوەن شەش ژوور، سێ حەمام و سێ ئاودەس. ئەو رۆژانە کە کەش و هەواکە هەتاو بووایە، فەروخ لەقا لە قەراغ حەوزەکە دادەنیشت و بە خۆشحاڵییەوە، لە کارەکەی دەروانی کە چۆن لە تەواوبووندا بوو. هەندێ جار بۆ کڕینی شتومەک، زەرین کڵاوی لەگەڵ خۆی دەبردو پێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکە بەرەو شار دەڕۆیشتن و شمەکیان دەکڕی. خانووەکە بە سەلیقەی فەروخ لەقا دروست دەکرا. ئەمری دەکرد و باخەوانیش تەنیا فەرمانەکانی ئەوی جێبەجێ دەکرد.

لە کۆتایی پایزدا خانووەکە بە تەواوی ئامادە ببوو. فەروخ لەقا ژوورێکی دا بە مونس و فایزە. ئەو دوو ژنە ببوون بە هاودەنگی فەروخ لەقاو لە پەراوێزی ئەم کارەیشدا، کاروباری ماڵیان بەڕێدەخست. فایزە چێشتی لێدەناو مونسیش ئیشەکانی تری ماڵی لە ئەستۆ گرتبوو. فەروخ لەقا کاری جوانکاری خانووەکەی دەکردو باخەوانیش ئیزنی لە فەروخ لەقا وەرگرت بۆ ئەوەی ژوورێکی بچووک لە کۆتایی باخەکەدا بۆ خۆی دروست بکات، باخەوان بە خاتوونی گوت وەکو شاگرد، تەنیا پێویستی بە زەرین کڵاو دەبێت.

باخەوان ژوورەکەی خۆی لە کۆتایی باخەکەدا لە تەنیشت رووبارەکەوە بەرامبەر داری مەهدوخت دروستکرد کە هێشتا بێبەر بوو. فەروخ لەقا بەبۆنەی مەهدوختەوە هەستی بەدڵپەرۆشی کردبوو بەڵام باخەوان بە دڵنیاییەوە گوتبووی مەهدوخت لە بەهاردا نوقمی گوڵ دەبێت. گوتبووی:

"نابێت وەکو دارەکانی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، ئەمە داربنیادەمەو دەبێ بە شیری بنیادەمیش تێر بکرێت.

فەروخ لەقا نەیدەزانی دەبێ شیری بنیادەم لە کوێ دەسبخات. باخەوان گوتی:

- خەمت نەبێت. من دەمەوێت لەگەڵ ئەم زەرین کڵاوە زەماوەند بکەم. پاشان ئەو مناڵێکی دەبێت و مەمکەکانی پڕ دەبن لە شیرو منیش بەو شیرە دارەکە تێر دەکەم.

فایزە پێشنیازی کرد مەلایەک بێنن و مارەبڕینەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی بێت، بەڵام باخەوان دژ بەو پێشنیازە بوو و ڕوونیشی کردەوە کە خۆی مارەی دەکات و پێویستی بە مەلا نابێت. فایزە پێکهێنانی ئەم ژیانە هاوسەرییەی قبووڵ نەبوو. پێی وابوو کە ئەوە حەرامە. مونس چیدی نەدەگوت. هیچیشی لە بارەی فکر خوێندنەوەوە دەرنەدەبڕی. بە لای فەروخ لەڤایشەوە گرنگ نەبوو، ئەو پێویستی بە شیری بنیادەم بوو بۆ دارەکەو باخەوانەکەیش بڕیاری لەسەر دابوو. ئیتر حەقی بەسەر هیچ کارێکەوە نەبوو.

زەڕین کڵاو، بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ باخەواندا بوو. لەگەڵیدا کاری دەکرد، باخەوانیش فێری ڕواندن و گوڵکاری و چێشتلێنان و درومانی کردبوو. ژنە بە درێژایی ڕۆژ، لەم سووچ بۆ ئەو سووچ دەڕۆیشت و گۆرانی دەگوت. هەمیشە لە هەموو شوێنێکدا بوو، یان لە هیچ شوێنێک نەبوو و بەم شێوەیە، دڵی فایزەی دەشکاند. لە نیگای فایزەوە زەڕین کڵاو ڕەوشتی نزم بوو، سووک و چرووک بوو، دەبوایە هەمیشە قاقا لێبدات تا دیار بێت هێشتا زیندووەو فایزەش تاقەتی ئەم جۆرە کەسانەی نەبوو. هەڵبەت بە ژیانی خۆی قایل بوو، بەڵام هەر کاتێک ئەمیرخانی بیر دەکەوتەوە، تەزووی خەمێک دەیدایە لەشی. هەندێ جاریش، پێی ناخۆش نەبوو کە بەهەر جۆرێک بێت لە ئاکامدا شوو بکات بە ئەمیرخان، بەڵام ئیتر عاشقی ئەو پیاوە نەمابوو و هەر پێویستیشی بە شوو نەبوو، حەزی بۆ شووکردن بە ئەمیرخان تەنیا لەبەر بردنەوەی یارییەکە بوو. دەیەویست ببێتە ژنی ئەمیرو ئەمە وەکو سەرکەوتنێک وابوو بەلایەوە.

فەروخ لەڤا بەجدییەتەوە لەسەر ئەوە بەردەوام بوو کە ببێتە ئەندامی پەرلەمان. بەوپەڕی بێسەبرییەوە، لە چاوەڕوانی بە ئاکام گەیشتنی کاری بیناکەیدا بوو تاکو خەڵکی خاوەن دەنگی گرنگ داوەت بکات بۆ ماڵەوە. لە قسەوباس لەگەڵ مونسدا بەو دەرەنجامە گەیشتبوو کە دەبێ بە ناوبانگەوە دەست بە چالاکیی کۆمەڵایەتی بکات. مونس پێشنیازی کردبوو لە شیعرەوە دەسپێبکات و شیعرەکانیشی  لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو بکاتەوە تاکو هێدی هێدی ناو دەربکات. فەروخ لەڤا حەزی لەو بیرۆکەیە کردو شەو تا بەیانی، لە بیری شیعر نووسیندا بوو.

لە سەرەتای زستاندا هەموو کارێک ڕێکوپێک کرا. ژنەکان شوێنی گونجاوی خۆیان بۆ دابین کرا. فەروخ لەڤا ژوورێکی تایبەت بە بەزم و میوانی ڕازاندەوە بەناز باڵنج و پشتی و چلچراو شەراب و شیرینی و چەند دانە کتێبی شیعرەوە. چوو بۆ کتێبفرۆشی و پەنجا دانە کتێبی شیعری کڕی. کتێبەکانی لە ژووری بەزمدا ڕێکخست. مۆمی گەورەی کڕی بە نەخشی کۆمەڵێک پەپوولە کە لەکاتی هەڵکردندا وا بێنە بەرچاو کە خەریکن لەڕاستیدا دەسووتێن و ئۆقرە لە میوانەکان دەبڕن. فەرمانی دا ژێرزەمینەکەش پڕ بکەن لە عەرەق و شەراب بۆ ئەوەی هەمیشە پێکەکان پڕبن.

پاشان دەستیکرد بە بانگکردنی میوانەکان. هەموو رۆژانی هەینی دەهاتن. لە بەیانی تاکو درەنگانی شەو دەمانەوە. فەروخ لەقا هەموو رۆژانی هەینی پەزێکی سەردەبڕی. خودی قەسابەکە دەهات و کەوڵی پەزەکەی دادەماڵی و گۆشتی پەل پەل دەکردەوەو مونس و فایزەش چێشتیان لێدەنا. زەڕین کڵاو بەدەوری ژنەکاندا دەسووڕایەوەو وردەکاریی دەکرد. خانووەکە لە نێوان هاوڕێیانی فەروخ لەقادا ناوی دەرکردبوو. هەموو هەینییەک هەموویان دەهاتن بۆ باخ و فەروخ لەقایش هیچکات قسەی لە بارەی دار مەهدوختەوە نەدەکرد. لەسەر پێشنیازی باخەوان چاوەڕێ بوو تاکو دار بەگشتی سەوز بێت.

لە مانگی رەشەمێدا، ئیتر زەڕین کڵاو نەدەهات بۆ ماڵەکە. هەموو کاتی خۆی لە ژووری باخەکە دەبردە سەر. کە فەروخ لەقا پرسیاری دەکرد باخەوان دەیگوت هەموو بەرەبەیانێک خۆی و زەڕین کڵاو پێکەوە دەچن بەدووی شەونمدا تاکو دارەکەی پێ تێر ئاو بکەن. هێشتاکە زەڕین کڵاو منداڵی نەببوو تاکو مەمکەکانی پڕ ببن لە شیر. مونس کە هیچکات نەیتوانیبوو فکری باخەوانی دڵۆڤان بخوێنێتەوە، ئیزنی خواست لەو کارەدا ببێتە هاوبەشیان. باخەوان قبووڵی کرد. هەرسێکیان بە درێژایی مانگەکانی رەشەمێ و خاکەلێوە، لەدووی شەونمدا کاتیان بەسەر برد، شەونمیان لە گەڵا گەورەکان کۆدەکردەوە و دەیاندایە باخەوان و ئەویش بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی کە یەکێک بوو لە ڕازەکانی دارەکەی تێر ئاو دەکرد.

دار لە نیوەی مانگی خاکەلێوەدا نوقمی شکۆفە بوو. لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ پەلەوەرەکاندا گۆرانیشی دەچڕی. باخ تژی بوو لە دەنگی ئاوازی دار. فەروخ لەقا لەڕادەبەدەر دڵی پێوەبوو کە دارەکە پیشانی میوانەکان بدات، بەڵام باخەوان ئیزنی نەدەدا.

- هێشتا کاتی نەهاتووە.

لەڕاستیدا خودی فەروخ لەقایش، ئیزنی پێ نەبوو کە چاوی بکەوێتە دارەکە. لەم رووەوە هەندێ جار سێبەری رق و قینی دەکەوتە دڵەوە، بەڵام بە هەوڵدانێکی لەڕادەبەدەرەوە ئەو رق و قینەی لە دڵ دەردەکرد. تا ئەو رادەیە پێویستی بە باخەوانەکەی بوو کە ناچارکرابوو هەموو قسەیەکی ئەوی قبووڵ بێت. بە تایبەتیش کە خەریکی شیعر نووسینیش بوو. ئیتر هەموو رۆژانێکی هەینی، جەماوەرێکی رۆژنامەوان، شاعیر، وێنەکێش، نووسەرو وێنەگر دەهاتنە ماڵی ئەم و فەروخ لەقایش هێشتاکە شیعرێکی ئامادە نەکردبوو تاکو بیخوێنێتەوەو و ناو دەربکات. هەر کاتێک کە مونس لە ئیش و کار دەبووەوە، دڵی فەروخی دەدایەوەو فایزەیش بە ڕەشبینیەوە بیری لە هەموو ئەو رووداوانە دەکردەوە. هەڵبەت زاتی نەدەکرد لەتاو مونس هیچ بیرێک بکاتەوە، بەڵام هەر کاتێک کە لەوە دڵنیا بووایە کە مونس لەڕادەی پێویستدا لە ئەو بەدوورەو ناتوانێت بیرو فکری بخوێنێتەوە بۆ خۆی ئەو رووداوانەی لە مێشکی خۆیدا بەشێوەیەکی گەمژانە هەڵدەسەنگاند. لەنیگای فایزەوە، خەتای ئەم هەوەسە واتە گوتنی شیعر، لە ئەستۆی مونسی دەم و چاو خڕ بوو، هەمان مونس کە لەگەڵ ئەو هەموو

هونەرانەدا، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیتوانی دەم و چاوی خۆی درێژ بکاتەوە، هەر بەدەم و چاوی خڕەوە لە دایک ببوو و لە ناخەوە  هەر گێل و گەمژە دیار بوو.

مانگی گوڵان هات، بەڵام هێشتا فەروخ لەقا شیعرێکی نەنووسی بوو.

سەرلەبەیانی رۆژێک سەعاتی دە لە ناکاو جەماوەرێکی زۆر نزیکەی سەد کەسێک هروژمیان بۆ باخەکە هێنا. فەروخ لەقا بەوپەڕی دڵەڕاوکێ و دڵپەرۆشییەوە، فایزەو مونسی خستبووە کارکردنێکی زۆرەوە، بەدڵپەرۆشیەوە لە دووی زەڕین کڵاو دەگەڕا، زۆر تووڕە بوو. چونکە ئەو ژنۆکە بەرەڵایە هەر کە نانەکەی دەخوات، دەست دەخاتە سەر دەستی و جووڵە ناکات. ئەویش لە کاتێکدا کە سەد کەس ببوو بە میوانیان، وەکو شێت، بانگی باخەوانی دەکردو باخەوانیش لەپڕ لە نێوان میوانەکاندا دەرکەوت.

- ئاخر باخەوان، بەو ژنەت بڵێ بێتە هانای کچەکانەوە، خۆ پڕووکان لەژێر فشاری کاروباری ماڵدا.

باخەوان وەڵامی دایەوە:

- ناکرێت خاتوون، ژنەکەی من دوێنێ سکی پڕ بووەو لە ئێستاوە تاکو نۆ مانگی دیکە نابێت لە شوێنی خۆی بجووڵێتەوە تاکو مناڵەکەی دێنێتە دنیاوە.

لەڕاستیدا فەروخ لەقا تووڕە ببوو، گوتی:

- ئاخر پیاوی باش، یەکەم تۆ لە کوێ دەزانیت ژنەکەت دوێنێ شەو سکی پڕ بووە؟ دووهەم من دەبێ بەم هەموو میوانەوە چ قوڕێک بکەم بەسەرما؟

باخەوان گوتی:

- نیگەران مەبە. ئێستاکە دارەکە وا لێدەکەم گۆرانی بڵێت، ئەو کات هەموویان ئارام دەبنەوە، برسێتیان لەبیردەچێتەوەو خواردنەکە بۆ خۆتان دەمێنێتەوە. لەمەودوا ئیتر تاکو شیعرت نەنووسیوە میوان بانگ مەکە، چ سوودێکی هەیە کە ئەمانە بێن و ماڵی ئێوە بخۆن و هیچیشیان لە دەس نەیەت؟

باخەوان رۆیشت و دار دەستی کرد بە گۆرانی گوتن. میوانەکان پێکەوە ئارامیان گرت و هەر کامەیان لە سووچێکدا دانیشت. دەتگوت دڵۆپە ئاوێک، ئارام ئارام، بە ناخی زەویدا رۆدەچێت و ئامادەبووانیش لەو دڵۆپەدا جێگر بوون کە لەوێنەی ئوقیانووسێکدا بوو. دڵۆپ، واتە ئوقیانووسەکە، دەڕۆیشت تاکو لەناخی زەوی، تاکو لەگەڵ هەستی قوردا تێکەڵ ببێت و پێکەوە تێکەڵ ببوون. لەوکاتەدا ملیۆنەها تۆو، خۆیان دەکردە میوانی ئاوو قوڕو سەمایەکیان دەست پێدەکرد بێدەرەنجام بوو، سەمایەک وا بە ئەهوەنی و بە خێرایی کە حاڵەتی دەست و قاچی لێک دەداو دەسکەوتی ئەو سەمایە، رەگ و ریشەی تێر ئاو دەکردو ئێستا سەفەرێکی

ئارام، له مۆسیقای درەختەکەدا دەستی پێدەکرد، قەدەکان له تاڵه بەن دەچوون که به ئاسماندا هەڵواسرا بن. مونس به ئارامی چرپاندی به گوێی فەروخ لەقادا: "سەیرکه که چەند ئاسمانمان له دەوروبەردان، ئەمه ئاسمانێکی دیکەیه، ئاسمانێک له ئاسمانێکتردا، ئاسمانێک  له ئاسمانێک له ئاسمانێک له ئاسمانێک..."

فەروخ لەقا سەیری کرد بینی که قەیرە کچ چاوانی نووقاندووەو لەو دیوی پێڵووە داخراوەکانییەوە له ئاسمانێک راماوە. فەروخ لەقا قاچی راستی خستە سەر قاچی چەپی و به چێژێکی سەیرەوە، له میوانەکان راما که سەراسیمە هەوڵیاندەدا هەتا کۆتایی سەیری بەردەوامیی بێکۆتایی قەدەکان بکەن ئەوسا،"وەهمی سەوز"دەستی پێکردبوو. تەمێکی سەوز هەموو شتەکانی له خۆگرت. زەوی و ئاسمان یەکپارچە سەوز هەڵگەڕا بوون. ڕەنگێک له ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە بەسەر هەموو ڕەنگەکانی تردا زاڵ دەبوو، ئامادەبووان لەتەمدا بڵاوەیان لێکرد، بەشێوەیەکی سیحری پەلکێش کران و وەکو شەونم له کۆتایی گەڵادا چک چک چۆڕانە خوارێ. ئەمه بوو تاکو شەو. ئەوسا درەختەکە بێدەنگ بوو. میوانەکانیش بێ قسەو باس و بێدەنگ و ئارام و مەست و سەرخۆش بەدەنگی دارەکە ماڵیان به جێهێشت و لێیاندا ڕۆیشتن.

فەروخ لەقا لەوە به دواوە ئیتر میوانی بانگ نەکرد. بەڵێنی به خۆی دا، تاکو شیعرێک نەنووسێت ئیتر میوان داوەت نەکات. ڕۆژانە دەرگای ژووری بەزمی لەسەرخۆی دادەخست و هەوڵی دەدا شیعر بنووسێت. مونس زۆربەی کاتەکان لەگەڵ باخەوان و ژنەکەیدا بوو. زەڕین کڵاو لەو ڕۆژەوە که سکی پڕ بوو ئیتر قسەی نەدەکرد. بێدەنگ، له تەنیشت پەنجەرەکەوە دادەنیشت و له ڕووبارەکەی دەڕوانی. مونس و باخەوان، هەموو کازیوەیەک، شەونمیان کۆدەکردەوەو بەهەمان شێوە که دارەکەیان تێر ئاو دەکرد خواردنیشیان دەدایه زەڕین کڵاو. زەڕین کڵاو هێدی هێدی دەگۆڕا. لەگەڵ قەڵەو بوونەکەیدا، ڕەنگ و ڕوویشی دەگۆڕا. وەکو شووشەی لێدەهات، دەقاودەقی شووشه. هێدی هێدی دەکرا که هەموو شتەکانی ئەودیوی زەڕێن کڵاو ببینی.

لەوسەری باخەکە، فایزە به تەنیا مابووەوە. ئیتر میوانیش نەدەهات تاکو خواردنی دەستی ئەو بخوات و دڵگەرمی بکاتەوە. فەروخ لەقایش دەرگای به ڕووی خۆیدا داخستبوو. مونسیش هیچکات دیار نەبوو، ژنی باخەوانیش دیار نەبوو لەگەڵ باخەوانیش خۆ نەدەکرا قسە بکەیت. بەردەوام خەریکی ئیش وکار بوو. فایزە له ڕاستیدا لەو تەنیاییەدا بێتاقەت ببوو. هەندێ جار جلوبەرگی دەگۆڕی و به بیانووی گەڕانەوە بەرەو تاران دەڕۆیشت. گەڕانەکانی به جۆرێک ڕێکدەخست که به بەردەم ماڵی ئەمیرخاندا تێبپەڕێت. هەندێجار چاوی پێی دەکەوت و له دوورەوە سەرێکیان  بۆ یەک دەجوڵاندەوە.

له کۆتایی وەرزی هاویندا، فەروخ لەقا، له بواری کێش و قافیەدا، سەرکەوتنێکی وەدەس هێنابوو. له مانگی ڕەزبەردا بوو که پاش سێ مانگ له ژوور دەرکەوت و ڕۆیشت و له قەراغی حەوزەکە لەسەر قەرەوێڵەکە

دانیشت. مونس له سووچێکدا، خەریکی ئاودانی باخچەکە بوو. فەروخ لەقا بانگی لێکرد تاکو شیعرەکەی بۆ بخوێنێتەوە گوتی:

- هەڵبەت ئەمە وەکو شیعر شیعر نییە مونس گیان. بەڵام وا بیر دەکەمەوە کە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بم، تاکو دوو ساڵی داهاتوو، شیعرێکی راستەقینە دەنووسم.

مونس جەختی لەسەر کردەوە تاکو شیعرەکەی بخوێنێتەوە. فەروخ لەقا گوتی:

- ئەوەتا پێت دەڵێم کە ئەمە شیعر نییە بەڕاستی، تەنیا هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی کێش و قافیە.

هەمدیسان مونس سوور بوو لەسەری، فەروخ لەقایش، بە ڕەنگ و ڕوویەکی سوور هەڵگڕاو و گڕ گرتوو و داگیرساوەوە، بە دڵە کوتەو شەرمەوە،خوێندییەوە:

"تۆ ئەی قەندانی بێ قەند، تۆ ئەی دەزگای بێ پینەچی "

"تۆ ئەی خەندانی بێ خەندە، تۆ ئەی دیواری بێ نەققاش"

"تۆ ئەی حۆری، تۆ ئەی دادگەر، تۆ ئەی ماردڵی کەنار"

"تۆ ئەی بەناز، تۆ ئەی وەکو پەریزاد، تۆ ئەی خەمگینی بێ مەقاش"

"تۆ ئەی بێ باڵ و پەڕ ئەی قاچ شکاو"

"تۆ ئەی ئارامی گیان وەرە ببە بە هۆی ئارامی گیانم"

"سەفەرت کرد، باش ڕۆیشتی، بارت بەست و هیچت نەدی"

"تۆ ئەی ئاوێنەی دڵ، منی نەگبەت وا غەمگین و وەک شەمشەمە کوێرە"

"دەبێ چی لەم مەینەتخانەیەو لەم مەجنوون سەرایە داواکەم"

"چ دەتوانم بڵێم  بەم مەیموونە بێ ڕۆح و بێ لاشەیە"

"دڵم تەنگە، خەم نامهێڵێت و من بەردەوامم لەم شەڕەدا"

"تۆ ئەم دڵمە بکوژەو وەرە تۆ بەخشندەم بە"

"فەرێ دڵی تەنگە، چ تەنگانەیە کە وەکو تەنگی پەرستگەیەکی وێران"

"لە هەوەسی یار دایەو سەما ناکات مەگەر لە پێش نیگا بازەکانیدا"

فەروخ لەقا بێدەنگ بوو. مونس قسەی نەدەکردو بۆ بەرپێی خۆی دەیڕوانی. فەروخ لەقا بە دڵپەرۆشییەوە بۆ ئەوی دەڕوانی. لە ئاکامدا گوتی:

- چۆن بیری لێ دەکەیتەوە؟ هەڵبەت دەزانم کە تڕیە لە هەڵەو پەڵە، بەڵام من تاکو ئێستا شیعرم نەنووسیووە، ئەمە یەکەمین هەوڵدانمە.

مونس گوتی:

- بمدەرێ خۆم بیخوێنمەوە، ئاوا باش لێی تێناگەم.

فەروخ لەقا لاپەڕە کاغەزەکی پێدا. مونس بە دڵنیاییەوە بە وردی دەستی کرد بە خوێندنەوە. دڵی فەروخ لەقا دەکوڵا، هەڵبەت دەیزانی کە مونس شیعرناس نییە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو کەسێک بوو کە دەیتوانی فیکر بخوێنێتەوە. هەندێ تایبەتمەندی هەبوو کە نەدەکرا چاوپۆشی لێبکەی. فەروخ لەقا لەبێ ئۆقرەییدا، هەندێ جار لە دارەکان و هەندێ جاریش لە ئاوی حەوزەکە رادەما.

لە ئاکامدا مونس هاتە قسەو گوتی:

ببورە، بۆ سەرەتا بانگت کردووە لە قەندانی بێ قەند؟

فەروخ لەقا چاوەڕێی ئەم پرسیارەی کردبوو، بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- سەیر بکە من زۆر سەرنجی کەلوپەلەکان دەدەم، ئەگەر سەرنجت دابێت کاتێک کە قەندانەکە بێ قەندە، زۆر غەمگین دێتە نیگاوە.

مونس سەرێکی لەقاندو گوتی:

- هەڵبەت، رەنگە، بەڵام دەزگای بێ پینەچیش تۆزێک سەیرە ها. پێموایە دەزگا هین ئاسنگەرە، نەک پینەچی.

فەروخ لەقا پەشۆکا، دەیەویست بڵێت، نەخێر هی پینەچییە، بەڵام خۆشی کەوتبووە دوودڵییەوە. پرسیاری کرد:

- دڵنیای؟

مونس گوتی: "نازانم وەڵلا، تا ئەو شوێنە کە وەبیرم بێتەوە، هی ئاسنگەرە.

فەروخ لەقا پرسیاری کرد:

- ئەی هی پینەچی کامەیە؟

مونس تۆزێک تێفکری، لەگەڵ ئەوەدا کە بیرو هۆشێکی باشیشی بوو بەڵام بیری نەدەکەوتەوە، گوتی:

- نازانم وەڵڵا.

فەروخ لەقا گوتی:

- خراپی لێهات، ئێستا ئەگەر پینەچی بکەمە ئاسنگەر، هەموو قافیەکانی تێک دەچیت.

مونس گوتی:

- ئێستا لەوانەیە خراپیش نەبێت، بیگۆڕی بە ئاسنگەر، چونکە لەم حاڵەتەی ئێستادا هەندێ لە قافیەکانی بێمانان، بۆ وێنە، غەمگینی بێ مەقاش، یان غەمگین و شەمشەمەکوێرە، یان بەخشندەبە لەوە ناچێ راست بێ، ئێستا لەوانەیە بتوانی هەموویان لەگەڵ ئاسنگەردا رێک بخەی، پاشان بۆ وێنە ئەمە ماردڵی کەنار، هەڵبەت مرۆڤ حەزی لێیە بەڵام من ماناکەی نازانم چییە یان ئەمە: چاوی تیژی.

فەروخ تێک چوو بوو، مونس دەیزانی کە لە مێشکی فەروخدا، خەریکە کۆشکێکی زێڕین هەرەس دێنیت. گوتی:

- ئەوەندە خۆت بۆ شیعرەکە تێک مەدە، ئێستا گەلێ رێگای تر هەن بۆ سەرکەوتن. ئەو وێنەکێشە کە دواین جار هاتبوو، فکریم خوێندووە کە حەزی لێبوو وێنەی تۆ بکێشێت. دەتوانیت، بهێڵیت کە ئەم کارە بکات، پارەیەکی چاکی بدەیتێ، بێگومان ئەو کارە دەکات. لەم رێگایەوە لەگەڵ خەڵکی بەناوبانگدا تێکەڵاو دەبیت، هەڵبەت هەر لەگەڵ خەڵکی بەناوبانگدا تێکەڵاویت هەیە. راست و بێ درۆ لێیان بچۆرە پێشەوەو بڵێ کە دەتەوێت بڕۆیتە پەرلەمانەوە و هتد. ئەوانیش پشتگیریت لێدەکەن.

فەروخ ئیشی هەرەسهێنانی کۆشکە زێڕینەکەی مێشکی وەستاندو خەریک بوو بیری لە پێشنیازەکەی مونس دەکردەوە، گوتی:

- پێموایە کە لە حەفتەی داهاتوودا دەبێ هەمدیسان میوانداریەکان وەرێ بخەمەوە. دەبێ موسەیب و ئەحمەد ئاگادار بکەمەوە. لێرە پێویستمان بە خزمەتکار هەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

هەر وایشی لێهات چونکە لە حەفتەی داهاتووەوە، هەمدیسان میوانەکان هاتنەوە. پێی خزم وکەس و کاریش بۆ باخەکە کرابۆوە. ئەمیرخانیش دو سێ جار هات. بەبیانووی دیتنی خوشکییەوە. ئیتر زاتی نەدەکرد وابکەو وامەکە بێژێت. لەو کچە دەترسا. بەبێ ژن و بە ئەدەبەوە دەهات. فایزە پرسیاری دەکرد:

- بۆچی ژنەکەت نەهێناوە ئەمیرخان؟

دەیگوت:

- سەرڤاڵە خاتوون. پاشان ئەو عەقڵی بەم شتانە ناشکێ، ژنیماڵەوەیە ئیتر بۆ نێو ماڵ خوڵقاوە.

فایزە دەیگوت:

- قەت حەزم لە ژنی ماڵەوە نییە، ژن دەبێت ئازا بێت، دەبێ یارمەتی مێردەکەی بدات تاکو لە کۆمەڵگەدا سەرکەوتن بەدەسبهێنێت. خۆ ناکرێت بەردەوام لە سووچێکی چێشتخانەدا دابنیشێت. بۆ وێنە جەنابت تاکەی دەتەوێت وەکو فەرمانبەرێکی ئاسایی بمێنیتەوە؟ هەر دەبێ لە گەشەکردندا بیت و سەرکەوتن وەدەس بێنی، لە رێگای هەڵسوکەوتەوە لەگەڵ خەڵکانی گرنگدا. ئێستا لێرە من خەڵکی گرنگ دەناسم کە هەر لەژمارە نایەن، هەروا بجوڵێمەوە لەهەر دایرەیەکدا کە بمەوێت کارم بەرێدەکرێت.

ئەمیرخان پرسیاری کرد:

- جەنابی عەترچییان دەناسیت؟ ئەو کەسە کە حەفتەی رابردوو لێرە بوو؟ کەچەڵێکی کورتە باڵاو سوورکارە؟

- هەڵبەتە، هاوتلیاکییەکەی جەنابی نەقیبی مەبەستە؟ بەردەوام لێرەیە.

چاوەکانی ئەمیرخان درەوشانەوە. هەموو جارێک کە لەگەڵ فایزەدا دوابوو و باسی عەترچیانی کردبوو، تاکو کچە پرسیاری لێبکات کە ئەو کابرایە چ کارەیە، بەڵام فایزە لەوە زیرەکتر بوو کە بە بەلاش کارێکی بۆ جێبەجێبکات.

فەروخ لەڤا ببوو بە مۆدێلی تابلۆکە. وێنەکێشەکە، نەک هەموو هەینییەک بەڵکو سێ شەموانیش دەهات تاکو وێنەی دەموچاوی خاتوون بکێشێت. بڕیاڕ وا بوو کە پیشانگایەک لە هەموو حاڵەتەکانی دەم و چاوی فەروخ لەڤا پێک بێنیت. ئەوەندە پارەی لێ وەرگرتبوو کە بەشی دە پیشانگایشی دەکرد. زۆربەی کات مونس، لەو سەری باخ بوو. یارمەتی باخەوانی دەدا بۆ کۆکردنەوەی شەونم. موسەیب و ئەحمەدیش ئیشی چێشتخانەیان جێبەجێدەکرد. ئیتر پێویستیان بە ئیش و کاری ژنەکان نەبوو. فەروخ لەڤا لەگەڵ دەسپێکردنی زستاندا، بیری لەوە دەکردەوە خۆی لە دەست ئەو ژنانە رزگار بکات. ئێستا ئیتر دەیزانی دەبێ چ بکات. لە سێهەمین مانگی پایزدا پیشانگا کرابۆوە. بیری لەوە دەکردەوە دووبارە لە تاران ماڵێک ئاوەدان بکاتەوە. هاوینان لە باخی کەرەج و زستانانیش لە شار بەسەر بەرێت. ئەو ژنانە لەنیگایەوە ئیتر زۆر ئازاردەر بوون.

لە ناوەڕاستی زستاندا شەوێک باخ پڕ بوو لە تیشک. مونس لە تەنیشتی پەنجەرەکەوە خەوتبوو. چاوکانی کردەوەو تیشکەکەی بینی. گوتی: "خەریکە دەزێ." هەستایە سەرپێ و لەو تاریکاییەدا، جلوبەرگی لەبەرکردو

بەرەو کۆتایی باخەکە ڕۆیشت. بەفرێکی زۆر باریبوو، باخ نوقمی بەفر ببوو. تیشک، باخی بەگشتی تەنیبوو. دەتگوت جیهان لەسەرەتاوە هەر بەتەواوی تیشک بووەو بەس.

زەرین کڵاو کە ئیتر بە تەواوی وەکو شووشە وابوو، لەو کاتەدا ببووە تیشکێک، لەناو تیشکدا.

باخەوان لە تەنیشت دیوارێک دانیشتبوو و خەریکبوو کڵاشەکانی پینە دەکرد. مونس گوتی:

- دەبێت بچین بەهانایەوە.

باخەوان گوتی:

- خۆی دەزێت، ژنی ڕاستەقینە خۆی دەزێت.

بەیانی نیلۆفەرێک لە دایک بوو. باخەوان نیلۆفەرەی خستە نێوان دوو دەستییەوەو بەرەو ڕووبار ڕۆیشت. پێشتر حەوزەکە بەستبووی. باخەوان بە هۆشیارییەوە، نیلۆفەری لەسەر سەهۆڵەکە دانا. مونس گوتی:

- ئاوا خۆ دەمرێت.

باخەوان گوتی:

- نامرێت. خۆی ڕەنگ دادەکوتێت.

گەڕانەوە بۆ ژوورەکە. زەرین کڵاو بێدەنگ لە پێخەفەکەیدا دانیشتبوو. ئیتر شووشەیی نەبوو. وەکو خۆی لێهاتبووەوە، بە دوو مەمکی پڕ لەشیرەوە. باخەوان لە ئامێزی گرت، بە میهرەبانییەوە دەستی بەسەرو قژیدا هێنا، دەستەکانی ماچ کرد. قاچ و قولی شێلا. گوتی:

- ئێستا دەبێ دارەکە تێر شیر بکەین.

قاپێکی دایە دەس ژنەکەی. ژنە مەمکەکانی دادۆشییە نێو قاپەکە. قاپەکە لێوانلێو بوو لە شیر. باخەوان گوتی:

- ئێستا بخەوە، بە ئارامی بخەوە.

قاپەکەی هەڵگرت و لەگەڵ مونسدا ڕۆیشتنە لای دارەکە. گوتی:

- ڕچاوە. هەڵبەت چاکە بۆی، لە سووری متبووندایە. بەهار وا دارێکی لێدەردەچێت، لە تەمەنتدا تاکو ئێستا وێنەیت نەدیبێت.

باخەوان دڵۆپ دڵۆپ شیری دەتکاندە بن دارەکە. تاکو خۆر هەڵات، لەم کارە بەردەوام بوو و پاشان گەڕایەوە ژوورەکەی.

مونس بەناو دارە وشکەکاندا بەرەو بیناکە هات. دووجار مردبوو. ئیتر سەیری بە هیچ شتێک نەدەهات. لە نیوەی ڕێگادا سەری نا بەدارێکەوەو گوتی: - من پێویستم بە یارمەتیە.

لە دڵەوە ئیرەیی بەو قەحبەیە دەبرد. قەحبەکە ئاسان یارییەکەی بردبۆوە. بە تیشکبوون بۆ مونس ئەوەندە ئاسان بوو وەکو پێکەنین وابوو. مونس لەو نهێنییە تێنەدەگەیشت. پرسیاری کرد:

- چ بکەم تاکو ببمە تیشک؟

وەڵامێک نەبوو.

هەستی بە داربوون لە مونسدا دیار نەبوو هەڵبەتە، هەر خۆی سروشتی درەختی نەبوو. نەشیدەتوانی بزێت. تێگەیشتبوو کە لە خۆیدا داڕزاوە. لە چاوەڕوانیدا، داڕزا بوو. هیچی بە ئەزموون نەکردبوو، بەڵکو تەنیا تاکو سنووری حەپەساوی ڕۆیشتبوو. بەڵام عەشق، ئۆقیانووس، ئۆقیانووس لەمەوە دوور بوو، هەم دوور بوو و هەم نزیک چاکیشی دەزانی ئەگەر بتوانێ بە سەری پەنجەی بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە دەست لە توێکڵی زبری دارەکە بدات عەشق خۆی دێت. بەڵام بەردەوام پێش دەستلێدان هەستی زبری دارەکە دەهات. بەردەوام زبری دارەکەی دەزانی، هەمیشە نزمی و بەدکاری خەڵکی دەزانی، خۆی بەدوور بوو لەنزمی و بەدکاری، بەڵام نزمی و بەدکاری دەزانی. فێری نەببوو، بەڵام دەیزانی.

لەوێ، لە دەشت و دەرەکانی کەرەج، شەهوەتی سەرکێش و بێهاوساری ناسیبوو. چارەڕەشی پێش ناسینی شەهوەتی دەزانی. کێشەکە لێرەدا بوو کە هەموو شتێکی دەزانی، بە ڕادەی مێشکێک کە لە ترسدا ئاوسبوونی تووڕداوە، ترسی کردووەتە تام و چێژی ئەندێشەی. لە ئەزموونکردن ترساوەو لە حەیاچوون، لە نزمبوونیش هەروا. حەزی لێبووە کە لەناو خەڵکی ناوەندیدا بمێنێتەوە، بێ ئەوەی کە لە نهێنی ناوەندبوون تێبگات. هەستی بە فەقیری نەکردووە بەمپێیە هیچکات لە فەقیری و دەوڵەمەندی تێنەگەیشتووە. کرمی خاکیی خۆش نەویستووە، بەرانبەر بە گەڵای وشکەوە بوو خاکیی نەبووە، بەدەنگی پەرەسێلکە نوێژی نەکردووە، بە شاخدا سەر نەکەوتووە، کازیوەی بەدی نەکردووە، هیچکات شەو تا بەیانی لە ورچی گەورەی ناخی ئاسمان ڕانەماوە. خاک و لمی وەکو یەک بینیوە، بەڵام لە نێوان ئاسمان و زەویدا، جیاوازی کردووە. لە نیگایەکی ترەوە بۆ ئاسمانەکانی زەویی نەڕوانیوەو هەروا بۆ زەوییەکانی ئاسمانیش. هەستی دەکرد حەزی لە داڕزانە، کە بینی داڕزاویشە. بیری کردەوە کە: "ئێستا دەبێ چ بکەم؟ چ بکەم لەم زانیارییە بچووکانە؟ چۆناوچۆن بە نێوانیاندا تێبپەڕم؟"

فەروخ لەقا لەخەو هەڵستابوو و بە ڕۆبی خورییەوە بەرانبەر بیناکە راوەستابوو. کە چاوی بە مونس کەوت، گوتی:

- ماڵەکە دەڵێی سەهۆڵبەندانە، کە وایە تۆ دەرگاکەت بە ئاوەڵا جێهێشتبوو؟

مونس گوتی:

- داوای لێبووردن دەکەم.

دەیزانی کە فەروخ لەقا حەزی لێیە ئەمان لەو ماڵە بڕۆن. گوتی:

- سەیرکە، بە ڕای جەنابت، من دەبێ بەم زانیارییە بچووکانە چ بکەم؟

- کامە زانیاری؟

- ئەم زانیارییە بچووکانە، بۆ وێنە جەنابت حەزت لێیە ئێمە لەم ماڵە بڕۆین، دەی من بۆچی ئەمانە دەزانم؟

فەروخ لەقا بە کەمتەرخەمییەوە شانەکانی هەڵتەکاند. فێرببوو کە چۆناوچۆن لەگەڵ ئەودا خۆی بگونجێنێت. ئێستا ئیتر لە بیرخوێندنەوەکانی نەدەترسا. تێگەیشتبوو کە ئەمە شتێکی بچووکەو گرنگ نییە، ژنە لەوە ساکارتر بوو ئەو زانیارییانە بەکاربهێنێت. تەنیا خۆی ئازار دەداو ئیتر هیچ. گوتی:

- من ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ شار. خانووم بەکرێ گرتووە. ئێوە تا هەر کات کە پێتان خۆشە دابنیشن. هاوین دەگەڕێمەوە، لە کاتی ڕۆیشتنندا کلیلەکە بدەنە باخەوانەکە تاکو بیداتەوە بە من.

# مەهدوخت

مەهدوخت لە قەراغی ڕووبارەکە خۆی ڕواندبوو. لە پایزدا، بە درێژایی ئەو پایزەدا، دەیناڵاند. قاچەکانی لە قوڕدا هێدی هێدی دەتەزین و دەیانبەست. بارانی ساردی پایز هەموو جلوبەرگەکەی شڕو وڕ کرد. ڕووت و قووت مابووەوە بەو جلە شڕانەوە کە بە لەشییەوە مابوون. سەرەتا هەڵدەرزی تاکو زستان دەستی پێکرد. بەڵام لە زستاندا بە تەواوی بەستی. چاوەکانی بە ئاوەڵایی مابوونەوەو لەو ماوەیەدا لە ئاوی ڕووبارەکەیان دەڕوانی. ڕەوتی ئاوەکە بەردەوام بوو.

بەهار، یەکەم ڕەهێڵە، سەهۆڵبەندانی لەشی شکاند. هەستی کرد کە چرۆگەڵێکی بچووک لە قامکەکانییەوە سەوز دەبن، لە قامکی قاچەکانیشییەوە هەروا، قاچی ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتا. بە درێژایی بەهار گوێی لە گەشانەوەی ڕەگ و ڕیشەکانی دەگرت، ڕەگ و ڕیشە هێزی زەوی وەردەگرت و لە لەشی ئەمدا بڵاو دەبووەوە. شەو تا بەیانی گوێی لە گەشەکردنی ڕەگ و ڕیشەکانی دەگرت.

هاوین، ئاوی بە ڕەنگی سەوز دەبینییەوە.

پایزو سەرما هات و ئیتر ئەم نەیناڵاند. ڕەگ و ڕیشەکانی لە جووڵە کەوتنەوە. گەشەکردن وەستایەوە.

زستان بە شەونم تێر دەبوو. بەستبووی بەڵام ئاوەکەی دەبینی. بەڕەنگی سەوزو شین.

لە بەهاردا لەشی بەگشتی  چرۆی کرد. بەهارێکی باش بوو، خۆی فێری سروودی ئاو کردبوو. سروودی ئاوی دەچڕی و هێدی هێدی دڵی تژی دەبوو لە خۆشی. هەستە خۆشەکەی دەگواستەوە بۆ چرۆکان. گەڵاکانی تادەهات سەوزو سەوزتر دەبوون.

هاوین، ئاوەکە شین بوو، ماسییەکانی بە چاوان دەبینی.

لە پایزدا سەرما هات. ئاسمانیش شین بوو. هەڵبەت مەهدوخت دڵی پڕ بوو لە هەستێکی خۆش. دڵی هاتبووە سەرسروشتی دارەکەو هەموو شتێکی لە خۆدا خڕ دەکردەوە.

لە ناوەڕاستی زستانەوە، ئیتر بە شیری بنیادەم تێر دەکرا. هەستی تەقینەوەی تێدابوو. بەهار هێشتا نەهاتبوو و سەهۆڵبەندانی لەشی ئەم خەریک بوو دەشکاو هەستی بە ئێش و ژان دەکرد. لە ئاوەکە ڕامابوو، بەڵام ئاوەکە ئیتر ڕەوتی بەردەوام نەبوو دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دەڕۆیشت. بە هەزاران دڵۆپ دەڕۆیشتن و مەهدوخت ژانی دەچێشت. مەهدوخت لە ئاودا، تیاچوو بوو. دڵۆپە ئاوەکانی لە لەشداو هەر گەردیلەیەکی بە لێدانی دڵ

**دەناسییەوە. سێ مانگ بە شیری بنیادەم تێر دەکرا. لە ناوەڕاستی مانگی بەهاردا تەقینەوەی بە داربوون لە لەشیدا گەیشتە لووتکە.**

**تەقینەوەکە لە ناکاو روونەدا، هەرچەند کە تەقینەوە بوو، بەڵام بە خاوی و بە ئارامی روویدا. دەتگوت هەموو قەدێکی خەریک بوون لێک ببنەوە. قەدەکان بە ناڵەناڵ و بە خاوییەوە لەیەک دەبوونەوە.**

**مەهدوخت لە شێوەگۆڕینێکی هەتاهەتاییدا لەیەک دەبووەوە. ئازاری دەچێشت، هەستی زاینی پێ بوو، ئازاری دەچێشت و چاوەکانی لە کاسەی خۆیاندا دەرپەڕیبوون. ئاویش ئیتر وەکو دڵۆپ نەمابووەوە، گۆڕدرابوو بە گەردیلە وەهمییەکان و مەهدوختیش دەیبینین. لەگەڵ وەهمی ئاودا، مەهدوخت لێک کرایەوە.**

**ئیتر کۆتایی پێهات. دار تەواویی ببوو بە تۆو، ببووە کێوێک تۆو، با هەڵکیرد بایەکی قایم هەڵیکردو تۆوەکانی داوێنی مەهدوختی بە ئاوسپارد.**

**مەهدوخت لەگەڵ ئاودا سەفەری کرد. لە نێو ئاودا سەفەری کرد. بوو بە میوانی دنیا، سەفەری بۆ سەرتاسەری دنیا کرد.**

## فایزە

پایزان، کەش و هەوای شار خاوێنە. دەوروبەری سەعات یانزە، پیاسەکردن لەسەر شەقامەکان بەلەزەت و بەچێژە. زیاتر رۆژانی پایز ئاوایە، دەوروبەری سەعات یانزە، فایزەو ئەمیرخان، لە کۆلان بە کۆلانی شاردا پیاسەیان دەکرد. هەموو بەیانییەک فایزە لە کەرەجەوە دەهات و ئەو ژن و پیاوە، لە مەیدانی بیست و چواری رەشەمێ، یەکتریان دەبینی. پیاوەکە بە دەست هەڵسوکەوتەکانی ژنەکەیەوە دەیناڵاندو فایزەش ئارام ئارام گوێی بۆ شل دەکرد. ژنەکەی نەشارەزاو پەتەڕی بوو، چێشتلێنانی نەدەزانی، تەنانەت نەیدەتوانی بە باشی ئاگای لە ساواکەیان بێت.

فایزەیش، خەمی لە ئەمیرخان دەخواردو رێنوێنی دەکردو دڵی پێی دەسووتا. لە ناوەڕاستی پایزدا ئەمیرخان لەلایەن فەرمانگەکەیەوە، لەسەر غایبوونی بەردەوام سزا دراو پانزە رۆژی رێکیان لە مووچەکەی بڕی. بەم کارە لەڕادەبەدەر وەڕەز بوو، بۆیە ژوانەکانی لەگەڵ فایزەدا خستە سەعات پێنجی دەمەو ئێوارانی هەموو رۆژێک.

کچەکە هەموو رۆژێک دەمەو ئێواران لە کەرەجەوە دەهات و لە مەیدانی بیستوچواری رەشەمێ، لەگەڵ ئەمیرخاندا، یەکتریان دەبینی. پێکەوە قسەیان دەکردو دەرۆیشتن بۆ سینەماو هەندێکجاریش لە کەبابخانەکاندا نانی ئێوارەیان دەخوارد، بەڵام خۆ نەدەکرا بەو شێوەیە بەردەوام بن. ژیان لە ڕاستیدا خەریک بوو بارودۆخێکی ماندووکەری بەخۆیەوە دەبینی. لەگەڵ ئەمەشدا، قسەکانیان کۆتایی پێهاتبوو. رۆژێک ئەمیرخان گوتی:

- هەڵبەت لەوانەیە باش نەبێت من ئاوا قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەوەی کە تۆ هەموو رۆژێک لە کەرەجەوە دێیت و هەمدیسان دەگەڕێیتەوە باش نییە، دەترسم لە ئاکامدا شتێکی خراپت بۆ بێتە پێشەوە، چاک نییە کە ژنێک بەتەنیا ئەوەندە هاتوچۆی رێگای کەرەج بکات.

فایزە گوتی:

- ئەی بە ڕای تۆ دەبێ چ بکەین؟

ئەمیرخان گوتی:

- دەی وەرەوە تاران بۆ خۆت بژی.

- لە ماڵی کێدا؟

- بگەڕێوە بۆ لای دایە گەورەت.

- بۆچی ئیتر هەر ڕێگام پێدەدات. ئەو کە لە ژیانی من تێناگات، بێگومان وا بیر دەکاتەوە کە پەندێکیان بەسەر هێناوم پاشان ناوچاوگرژییەکانی بەڕوومدا زیاد دەکات.

ئەمیرخان گوتی:

- ڕەنگە چاکتر ئەوە بێت کە خۆم ژوورێکت بۆ بگرم.

فایزە گوتی:

- ئەوە شەرم ناکەیت ئەمیرخان، ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە کە من کچێکی وام کە لەو جۆرە کارانە دەکەن؟

ئەمیرخان گوتی:

- دەی سیغە دەکەین با ئیتر کێشەمان نەبێت.

فایزە حەزی لەو وشەیە نەبوو، بەڵام چیدی نەگوت.

دەمەو ئێوارەیەک ڕۆیشتنە، نووسینگەی مارەبڕین تاکو سیغە بکەن. کابرای نووسینگە گوتی: ئێمە سیغە ناکەین، مارە دەبڕین دەکەین. مارەی بڕین، مارەبڕینێک بە نهێنی، تاکو ئەمیرخان ژنەکەی ئامادە بکات بۆ بیستنی هەواڵەکە. شەو ڕۆیشتن بۆ میوانخانەیەکی بچووک و ژوورێکیان بەکرێ گرت. بەیانییەکەی شەوی زاوایەتیی ئەمیرخان بە وەڕسییەوە لەخەو هەستا. بێهوودە لە دووی پەڕۆی کچێنییەکە دەگەڕا. فایزە بەسەر خۆی نەدەهێناو ئەمیرخانیش هیچ پرسیاری نەکرد. تەنیا ڕۆیشتە بەر پەنجەرەکەو لە کۆڵان ڕاما. لەڕادەبەر لە چارەنووسی خۆی بەگلەیی بوو و ئیتر نەیدەزانی سکاڵا لە کێ بکات.

فایزە گوتی:

- دەبێ بگەڕێین و خانوویەکی بچووک دەست خەین.

ئەمیرخان گوتی:

- ماوەیەک خۆت بگرە، دەتبەمە ماڵی خۆم.

فایزە گوتی:

- خودا بمکوژێت، شتی وا چۆن دەبێت، پێتوایە من دێم و لەگەڵ ئێوەدا دەژیم؟ قەت شتی وا نابێت.

**فایزە بە دوای خانوودا کەوتە گەڕان و لە شەقامی سەلسەبیل بالاخانەیەکی دۆزییەوە. ئەمیرخانیش بۆ ئەوەی خەرجی ماڵە تازەکەی دەربێنێ بە دوای ئیشێکی تردا دەگەڕا، لە نووسینگەیەکی بازرگانیدا کاری دەست کەوت. بەڵام هەر بەو هیوایە بوو کە فایزە ئەم بە جەنابی عەترچیان بناسێنێت.**

**ژیانیان نەباشە و نەخراپیشە. دەگوزەرێ.**

مونس سێ مانگ یارمەتیی باخەوانی دا. دارەکەیان بە شیری زەرین کڵاو تێر دەکرد. لە دووهەمین مانگی بەهاردا بوو کە دارەکە بوو بە دوو لەتەوە، رۆژێک دەمەو بەیانی بینیان کە دارەکە بەگشتی بووەتە تۆو.

بایەک هەڵیکردو تۆوەکانی بە ئاسمان سپارد. باخەوان گوتی:

- مونس، ئیتر کاتێتی بۆ ئەوەی بڕۆیت و ببیت بە ئینسان.

مونس پرسی:

- دەمەوێت ببم بە تیشک، چۆن چۆنی دەکرێت خەڵک ببێ بە تیشک؟

باخەوان گوتی:

- لەو رۆژەدا کە هەمووان لە پلەو پایەی تاریکیی تێدەگەن، تۆ لە یەکتایی تێناگەیت، وەکو هەموو مرۆڤە مامناوەندییەکان. من پێت دەڵێم کە دەبێ بڕۆیت و لە پلەو پایەی تاریکیی تێبگەی، ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە. مەبە بە تیشک کە ئەگەر ببیت، یەک لایەنەیە. سەیری هاوڕێیەکەت بکە، دەیەویست ببێت بە دارو بوو بە دار. ئێستا ئیتر دەتوانێت لە سەرەتاوە دەست بە گەشەکردن بکاتەوە بەڵکو بە درێژایی. ملیارەها ساڵیتر، کەمێک ببێت بە ئینسان. ئێستا من پێت دەڵێم کە تۆش برۆ بەدوای تاریکییدا بگەڕێ، بڕۆ بەدوای تاریکییدا بگەڕێ، لە سەرەتاوە دەست پێبکەو خۆت بگەیەنەرە قووڵایی، بڕۆرە قووڵاییەوە. کە گەیشتیتە قووڵایی قووڵایی، تیشک لە لووتکەدا، لە نێو دەستەکانتداو لە لای خۆتەوە دەبینیتەوە. ئەوەش هەمان ئینسانبوونە. بڕۆ ببە بە ئینسان!

مونس لە چاوتروکانێکدا، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوەو بەرەو ئاسمان فڕی. بایەکی رەش ئەوی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. شتێکی پێنەچوو کە گەیشتە بیابانێک. بیابانێکی بێکۆتایی.

پاش حەوت ساڵ بە حەوت بیاباندا تێپەڕی. ماندوو و کز هەڵگەڕا بوو و ئیتر خولیایەکی لە دڵدا نەمابوو. پڕ دەبوو لە ئەزموون. ئەمەش هەموو ژیانی بوو.

پاش حەوت ساڵ گەیشتە شار. خۆی شت. جلی نوێی لەبەرکرد، رۆیشت و لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بوو بە مامۆستایەکی ئاسایی.

# فەروغ لەقا سەدرولدیوان گوڵچەهرە

فەروخ لەقا، سەراپای زستانی لە ماڵێکدا بەسەر برد کە لە شار بەکرێی گرتبوو. نیگارکێشەکە تەقریبەن هەمیشە لە ماڵی ئەو بوو. بیست و پێنج  ساڵ تەمەن و جیهانێکیش خەوەنی  هەبوو بۆ نیگارەکانی. هەموو خەونەکانی بۆ فەروخ لەقا دەگێڕایەوە. لە پایزدا پیشانگای نیگارکێشیی بۆ وێنە جۆراوجۆرەکانی فەروخ لەقا کردەوە. یەکەم شەوی کرانەوەی پیشانگەکە زۆر زۆر قەرەباڵغ بوو. هەمووان هاتن، هەمووان وەسفی نیگارەکانیان دەکرد. هەمووان سەریان لە کارەکە سوڕمابوو، بەڵام لە بەیانییەوە ئیتر پیشانگەکە چۆڵ بوو.

نیگارکێشە گەنجەکە ورەی بەردابوو. بە درێژایی زستان کاتی فەروخ لەقا بەوە بەفیڕۆ چوو کە دڵی نیگارکێشە گەنجەکە بداتەوە. بە دەستپێکردنی بەهار ئیتر تاقەتی ئاهوناڵەکانی نیگارکێشەکەی نەمابوو. پارەیەکی پێدا بۆ ئەوەی بڕواتە پاریس و لەوێ لە لای مامۆستایانی گەورە نیگارکێشیی فێربێت و ئەزموونی بکات. لەگەڵ ڕۆیشتنی نیگارکێشەدا بێتاقەت بوو، وا بیری کردەوە بگەڕێتەوە بۆ باخ، بەڵام تاقەتی ئەو ژنانەی نەمابوو.

مەریخی کە لە هاوڕێ کۆنەکانی "فەخرەدین عێزەد" بوو، هاتە سەردانی. بە نێوانی ئەم و فەخرەدینیشی دەزانی. پەیتا پەیتا ڕۆژان دادەنیشتن و پێکەوە دەدوان. مەریخی ڕێزی لە ژن دەگرت. لە فەروخ لەقادا، لێهاتوویییەکی زۆری بەدیدەکرد کە بەرێکەوت نەکەوتبووە سەر ڕێڕەوێکی ڕاست و دروست. پێشنیازی کرد پێکەوە زەماوەند بکەن، بەڵکو ڕێگاکانی بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵایەتیی بۆ فەروخ لەقا بکرێنەوە. فەروخ لەقا قبووڵی کرد. هەردووکیان سەرکەوتنیان بەدەسهێنا. مەریخی ڕۆیشتە پەرلەمان و فەروخ لەقایش بە ئیشی یارمەتیدانی هەژارانەوە خەریک بوو. مەریخی میدالی وەرگرت و فەروخ لەقاش بوو بە بەڕێوبەری فەخری پەروەردە مەریخی لە ئەورووپادا کاری پێسپێردرا فەروخ لەقایش لەگەڵیدا ڕۆیشت.  نێوانیان باش بوو، نە ساردو نە گەرم.

## زەڕین کڵاو

زەڕین کڵاو لەگەڵ باخەوانی دڵۆڤاندا زەماوەندی کرد. سکی پڕ بوو. نیلۆفەرێکی هێنایە دنیاوە. مناڵەکەی خۆش دەویست و مناڵەکە لە حەوزە بچووکەکەی قەراغ رووبارەکە گەورە دەبوو.

لە ڕۆژێکی هاویندا، هاوسەرەکەی گوتی:

- زەڕین کڵاو دەبێ سەفەر بکەین.

زەڕین کڵاو خانووەکەی گسک دا. پێخەفەکانی کۆکردەوە، بوخچەکەی تێکنا. هاوسەرەکەی گوتی:

- زەڕین کڵاو، پێویستمان بە جلوبەرگ نابێت، بوخچەکەت دابنێ با لێرەدا بمێنێتەوە.

ژنە بەقسەی کردو بوخچەکەی دانا. دەستی خستە نێو دەستی هاوسەرەکەی و پێکەوە ڕۆیشتن و لەسەر نیلۆفەر دانیشتن. نیلۆفەر گەڵاو گوڵەکانی هێناو لەدەوریان داینا.

بوون بەدووکەڵ و چوون بەئاسمانا.

❊ ❊ ❊

**هاوینی ١٩٧٩ پاریس**
**پێداچوونەوەی بەهاری ١٩٨٧ تاران**

## لە بارەی نووسەری ئەم ڕۆمانەوە:



شەهرنوش پارسی پور ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕێکی ئێرانییە، چیرۆک و ڕۆمانەکانی بۆ گەلێ زمانی دنیا تەرجەمە کراون. پارسی پور ساڵی ١٩٤٦ لە تاران لە دایک بووە، دایکی خەڵکی تارانەو و باوکی خەڵکی شیرازە کە دادوەر بووە، ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی تاران کۆلیجی کۆمەڵناسیی تەواو کردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنساو لەوێ زمان و کلتووری چینی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٧ شووی کردووە بە ناسری تەقوایی و ساڵی ١٩٧٣ لە مێردەکەی جیابۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. پارسی پور لە تەمەنی سیانزە ساڵییەوە دەستی کردووە بە نووسین، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بە ناوی خواستراوەوە چیرۆکەکانی لە گۆڤارە مانگانە جۆراو جۆرەکاندا بڵاوکردۆتەوە. یەکەم ڕۆمانی بە ناوی (سگ و زمستان بلند- سەگ و زستانی درێژە) کە ساڵی ١٩٧٤ تەواوی کردووە. هەروەها پارسی پور لە تەلەفزیۆنی میللی ئێران ئامادەکەری بەرنامەی (ژنانی لادێ) بووە. لە ساڵی ١٩٧٤ دا لەسەر لە سێدارەدانی خەسرەوی گوڵسورخی و کەرامەتوڵڵا دانشیان و دەسگیرکردنی نووسەرانی وەکو غوڵامحسێنی ساعدی و هۆشەنگی گوڵشیریی و فەریدە لاشانی و پەرویز زاهیدی، لە تەلەفزیۆن دەستی لە کارکێشاوەتەوە. ماوەیەک دوای ئەوە گیراوەو (٥٤) ڕۆژ لە بەندیخانەدا ماوەتەوە. ١٩٨١ بۆ دووەمجار گیراوەو خراوەتە زیندانەوە، ئەگەرچی خۆی سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لەبەرئەوەی هەندێ بڵاوکراوەیان لە ئوتومبیلەکەیدا گرتووە کە هی براکەی بووە، ئەمجارە چوار ساڵی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە. پاش ئازادبوونی لە زیندان ڕوویکرۆتە کاری وەرگێڕان و لە ژێزەمینی شەقامی سەنایی دوکانی کتێب فرۆشتنی داناوە. پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی ژنانی بێ پیاو لەسەر ئەوەی بۆچی لەم ڕۆمانەدا باسی پەردەی کچێنی کردووە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوەو زیندانی کراوەتەوە. پاش ئەمە ڕوویکردۆتە ئەمریکاو ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە.

بەگشتی پارسی پور خاوەنی بیست کتێبە، شەش ڕۆمان، هەشت کۆمەڵە چیرۆک، شەش کتێبی وەرگێردراو.